Klawrojna

# ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

جەبار سابیر

بەهاری ٢٠٠٧ سلێمانی



ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا
بابەت: لیکۆڵینەوەی ئەدەبی
نووسەر: جەبار سابیر
نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد
تایپ و بەرگ: نووسەر
هەڵەبڕی: ئارام سدیق
چاپ: چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٧
ژمارەی سپاردنی( ٣٢١ )ی ساڵی ٢٠٠٧ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتیٚ.

پێشکەشە

**بە ستار سابیر... ماندووترین پیاوی دنیا**

# پێڕست

پێش هەڵدانەوەی یەکەم لاپەڕە..................................٧ تا ٨
بەهاری ڕەش مانیفێستی ئەنفالی گەرمیان.................. ٩ تا ٢٦
ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا.................................... ٢٧ تا ٥٢
فریو خۆشاردنەوە فریومان دەدات.......................... ٥٣ تا ٦٠
قەڵای دمدم یەکەم خەونی کورد بۆ .......................... ٦١ تا ٧٢
قودرەتی زمانو شکستی نوسەر............................... ٧٣ تا ٨٤
ئێمە هاتین بەهەشتێك بەسەر................................. ٨٥ تا ٩٢
بەژنی کەمانچەو تارمایی ژن................................. ٩٣ تا ١٠٢
شەقمی هەنگی گەورە.......................................... ١٠٣ تا ١١٦
ڕۆمانی نۆسەدو هەشتاو چوار.............................. ١١٧ تا ١٢٨
تاوانو سزا بەکوردی........................................... ١٢٩ تا ١٤٠
ئاڵتینای سلێمانوناو............................................ ١٤١ تا ١٥٠
کۆڕاڵی مردن لەسەمفۆنیای.................................. ١٥١ تا ١٦٠
کاتێك ڕۆمانێك دەکوژرێ...................................... ١٦١ تا ١٧٢
ئاوڕێك لەسەرەتاکای ڕۆمانی کوردی.......... ١٧٥ تا ١٨٦





نامەکەی کافکا.................................... ١٨٧ تا ١٩٨
مەرگی خامۆشی................................... ١٩٩ تا ٢٠٨
ئەرێ ئەو پیاوە..................................... ٢٠٩ تا ٢٢٠
دزی ئەدەبی.......................................... ٢٢١ تا ٢٢٨
کلتووری خوێندنەوە................................ ٢٢٩ تا ٢٤٠
منداڵ ئەو مەخلوقەی............................... ٢٤١ تا ٢٥٤
عێل بەگی جاف..................................... ٢٥٥ تا ٢٦٣

## پێش هەڵدانەوەی یەکەم لاپەڕە

لێرەدا هەوڵەدەم لەڕوانگەو دنیابینی خۆمەوە قسە لەسەر ئەم ڕۆمانو تێکستانە بکەم، من لەدوای چێژبینین لەهەر یەکێکیان قسەی خۆمکردووە، لەبەر ئەوە مەرجنییە ئەم ڕۆمانانە یاخود ئەم تێکستانە لای تۆی خوێنەریش هەمان قسە هەڵبگرن کە من لەسەریانم کردووە. پێشموایە کەئەوەی بایەخی پێنادرێت لای ئێمە ئەوەیە قسە لەسەر ڕۆمانێک بکەیت یاخود لەکۆمەڵە چیرۆکێك بکۆڵیتەوە، یان بتەوێ ئەو ڕەمزو ڕازانە ئاشراکەیت کەهەر کارێکی ئەدەبی لەخۆیدا شاردویێتییەوە. لەکاتێکدا لەدنیادا بایەخێکی گەلێك گەورە بەو جۆرە کارکردنە دەدرێتو زۆر لەنوسەرانو ڕۆماننوسانی دنیاش لەڕێگەی نوسین لەسەر بەرهەمەکانیان بوونەتە نوسەرو ڕۆماننوسی گەورە.

تەواوی ئەم کارانە بەرهەمی سێ ساڵێك کارکردنی بەردەوامنو لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی (ئەدەبو هونەر)ی کوردستانی نوێو گۆڤارەکانی (رامان)و (ڕۆڤار)و (ئاینده)دا بڵاوبوونەتەوەو لێرەشدا کەبەسەریەکەوەو لەکتێبێکی سەربەخۆدا چاپکراوە بۆئەوەی کەئەو بابەتانە بتوانێت سوود بەهەر خوێنەرێك





بگەیەنێت گەربییەوێت. ئەوەی دەشێ بوترێ: من لەسەر ڕێبازی (ئالان ڕۆب گرێ) کەپێیوایە لەداکبوونی دەق مەرگی نوسەرەو لەدایك بوونی خوێنەرە، کارمکردووە، واتا بەپێی میتۆدی ڕۆب گرێ، لەکاتی قسەکردنو لێکۆڵینەوە لەدەق یان تێکستێکی ئەدەبی کەسی لێکۆڵەر واز لەنوسەری دەقەکە دەهێنێو قسە لەسەر خودی دەقەکە دەکات. لەم میتۆدەدا لێکۆڵەر کارێکی بەنوسەر نییەو تەنیا دەق دەکاتە پانتایی قسە لەسەرکردنو لێکۆڵینەوەی خۆی. ئەم جۆرە قسە لەسەرکردنە تائێستاش مشتومڕو هەرای زۆری لەسەرە، بەوەی ناکرێت واز لەنوسەر بهێنیو تەنیا دەق وەرگری، چونکە دەق لەدواجاردا خاوەنێکی هەر هەیەو ئەهێنێ لەکاتی قسە لەسەر کردن لەسەر دەقەکە، قسە لەسەر خاوەنەکەیشی بکرێت. من لەم لێکۆڵینەوە کورتانەدا وازم لەنوسەر هێناوەو شوێن دەقو دۆزینەوە ڕەمزو ڕازەکانی دەق کەوتووم. جاتاچەند سەرکەوتووبووم ئەوەیان بۆتۆی خوێنەر دەگەڕێتەوە.

نوسەر

٢٠٠٧/٢/٩

# بەهاری ڕەش مانیفێستی ئەنفالی گەرمیان..

هەمیشە مرۆڤ مەحکوم بووە بەڕابردووەوە، رابردووی پڕگێرمەو کێشەو کوێرەوەری (نۆستالیژیا) ئەوە رووداوە ناخۆش و خەمهاوەرەکانن خەیاڵدانی مرۆڤ دەکەنە مەکۆ و ئیتر مرۆڤ بۆ هەتاهەتایە دەبێ پێوەی بتلێتەوە. (مەسعود محەمەد) لەکتێبی مرۆڤ و دەورووبەردا دەڵێت: ئای بۆ ئەو رۆژەی بۆمبای ئەتۆم دەستی مرۆڤی کاڵفام دەکەوێت دەبێت مرۆڤایەتی چی بەسەر بێت.؟

غەرقبوونی کەشتییەکی ئەڵمانی کەسەرنشینەکانی خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵ بوون لەئاوەکانی نێوان روسیاو ئەڵمانیا، لەجەنگی جیهانی دووەمدا کەنزیکەی (١٥٠٠) ژن و منداڵی تیاخنکا، لەلای (گۆنتەرگراس)ی رۆماننوسی ئەڵمانی خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بۆ ساڵی (٢٠٠٠) دەبێتە رۆمانێکی تراژیدی و ئەو رۆمانەش (رۆشتنی قرژاڵ)ە.





گۆنتەرگراس لەڕۆشتنی قرژاڵدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ئەو جەنگەو رۆژی رووداوی غەرقبوونی کەشتییەکە بەهۆی هێرشی رووسەکانەوە. لەو رۆمانەدا کۆستێکی زۆر دەبینین بەهۆی تەکنۆلۆجیاو زانستەوە مرۆڤ توشی هاتووە.

بابزانین کارەساتی ئەنفال چەندێك لەیادەوەری مرۆڤی کوردا شوێنی داگیرکردووە، ئەنفال لەئێستەوە بۆ هەزاران ساڵیش ناسنامەی نەتەوەی کوردە، ئەنفال پڕۆژەیەکی عەرەبی بوو بۆ سڕینەوەو جینۆکلتووری کورد، ئەنفال وەك غەرقبوونی دنیا لەلافاوەکەی نووحدا رەنگە بۆ سەدان ساڵی تر لەیادەوەری کورددا بمێنێتەوە.

ئەنفال بۆتە ترسێکی هەمیشەیی و کاریگەری بەسەر تەواوی هەڵسوکەوتی ئاگایی و نائاگایی مرۆڤی کوردەوە هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین: ئێمە زۆر خەمساردین وەك رۆشنبیران و نوسەران کەجگە لەنووسین و وتارو ستون چیترمان نەکردووە بۆ ئەنفال و هێشتنەوەی ئەو کۆستە گەورەیە لەیادەوەری مرۆڤی کوردو لەوێشەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، گەر رۆمانێك ئەو کارەساتە گەورەیە بەتەواوی نەنوسێتەوە نەوەکانی داهاتوو چۆن بزانن ئێمە لەڕۆژگارێکداو لەماوەی چەند هەفتەیەکدا زیاتر لە(٢٠٠) هەزارمرۆڤمان تیاچوو کەئێستا تەنیا ئێسك و پروسك و جلی دڕاومان بۆماوەتەوە. تیاچوونی (١٥٠٠) مرۆڤی ئەڵمانی لای گۆنتەرگراس دەبێتە دێوەزمەو تاڕۆمانەکەی نەنوسێ لەو ئازارە ویژدانیە قوتار نابێت، بەڵام لای مرۆڤی کورد واناکەوێتەوە. جگە لەچەند هەوڵێکی کەم ئەویش لەدوو توێی چەند کورتە چیرۆك و رۆمانێکدا چیترمان نەکردووە بۆ ناساندنی ئەنفال و

ئەو کۆستە گەورەیەی لەیادەوەری کوردا شوێنێکی زۆرو پانتاییەکی فراوانی لەئێستەوە بۆ داهاتووش داگیرکردووە.

(حەسەن جاف) لەڕۆمانی (گۆڕستانی لم)دا و لەسەر زاری منداڵێکی رزگاربوو لەو کارەساتەوە، ئەو تراژیدیا گەورەیەمان بۆ باسدەکات. (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) لەڕۆمانی (بەهاری رەش)دا ئەتمۆسفیری قەڵاو زیندانەکانی نوگرەسەلمان، هاوار و هەڵای ژن و منداڵ و پیرەمێردی گەرمیانمان، بۆ دەکاتە هەوێنی رۆمانێکی قەبارە بچوك. ئەنفال تەرکیزی لەسەر ناوچەی گەرمیان بوو، گەرمیانی مەکۆی شۆڕشی کوردو قوربانیدان بەگەرمیانی خاکی رەش و زێڕی رەش و خوێنی گەش.

(زاهیر رۆژبەیانی) لەپێشەکی رۆمانەکەدا دەڵێت: بەهاری رەش کارەساتی هەرە ترسناکی کۆتایی سەدەی بیستەمو سەرەتای سەدەی بیستو یەکەمی مێژووی مرۆڤایەتییە، کەنزیکەی (٢٠٠) هەزار قوربانی لێکەوتەوە.

(بەهاری گەرمیان چوون ساتە خۆشەکانی کورتو کەم تەمەن، بەناو بەهارە و کەچی لەپێرەوە تەپوتۆزێکی دڵگوشێنەر هەڵیکردووە، خۆڵ دەبارێ، خۆڵێکی وردی کل ئاسا، خەنەیی و کەمێ مەیلەو سورە، خۆڵی ئەم گەرمیانە... سەرەڕای کورتییەکەیشی بەهاری ئەمساڵ بووەتە ئاگرو تەپو وشك لوش دەدات.. ل(٩)ی رۆمانەکە.

خاڵی دەسپێکی رۆمانەکە بەردەم قوتابخانەیەکی دووزخورماتووە. نوسەر سەرەتا بەناوی خۆیەوە دەدوێتو دواتر راوی دەبێتە سابیری حاجی جومعە. واتا رۆمانەکە بەڕاناوی کەسی دووەمی تاك دەدوێت کەسابیری حاجی جومعەیە.





سابیر کوڕی شارۆچکەی دووزەو چەند ساڵێکە چووەتە گوندی قەلا، سابیر بۆ گەرمیانی دەگێڕێتەوە کەچۆن دوای سەردانی گوندێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ قەلاو، بەلام بەگەڕانەوەی توشی کارەساتەکە دەبێت و چەند جاشێك دەیگرنو بەرەو ئەو قوتابخانەیەی دەبەن کەلەوێ حەمە غەریب دەناسێ. حەمە غەریب باوکی شوانەیە ئەو شوانەیەی دوێنێ لەئاوایی قەلا کەوتە ژێرپێیەوەو مرد هێشتا باوکی نەیزانیوە. سابیری حاجی جومعە: گەرمیان دەناسێت. باسی سروشتو چیاو دۆڵی گەرمیانی بۆ دەکات.

یادەوەری سابیر دەچێتەوە رۆژانی ئاواییو گۆرانی یان ئەلاوەیسیو قەتارو خاوکەری (لفتە) کەگۆرانیبێژێکی گەرمیانە، دەی هەژێنێ، یارغەزالی لفتە کاریگەری لەسەر رۆحی داناوەو دەیەوێ بگریو منالەکە نەترسێ ئەم کۆنترۆلی خۆیدەکات. سوارەی ئیلخانی زادە دەڵێت" کورد گۆرانی لێوەرگرەوە، دڵی دەتەقێت و دەمرێت، گۆرانی ئەبێت ئەو دەشتە رووتەنو گەرمەسێرەی گەرمیان چۆن ژیانی لێدەگوزەرێت. گۆرانی نەبێت مرۆڤ لەگەڵ ئەو گەرمایەدا چۆن هەڵدەکات بۆیە رۆماننووس لەتەواوی رۆمانەکەدا زۆرجار پەنادەباتەوە بەر ئەلاوەیسی و یارعەزالەکەی لفتە" (عەبەلەیلە).

سابیر لەکاتی دابەزین لەسەیارەکە بەردە ماخ دەکات بۆ ئەوەی خەڵکی دووز نەیناسن و هەواڵ نەدەنە دایكو باوکی، بەلام بەدەنگێك رادەچڵەکێ کەلەئاپۆرەکەوە دێت" (ئەوە سابیری حاجی جومعەبوو..ئەویش بەر ئەم لێشاوەکەوت..!ل١٠).

ئەنفال چەندە بەعس کردی، ئەوەندەش جاش و خۆفرۆشی خۆمان کردیان، ئەوان بوون سوری بەر لەشکرو رێبەرو شارەزای دەشتو دەری گەرمیانو پێش لەشکری دڕندەی بەعس کەوتن وەك چۆن سابیر لەگوندەکە

**جاشێك ئاشكرای دەكات، هەرواش لەدابەزیندا دوو جاش پەلی دەگرن و دەیبەنە بەردەم كابرای دەركەوان كەئەویش جاشە. سابیر دەیناسیو ئەویش سابیر دەناسێ، بەڵام سابیر وەك ئامـاژە بۆ رقی گەورەی كورد لەجاش رووی وەردەگێڕێو هەست بەبۆگەنی دەمی دەكات.**

**(شالاوی ئەنفال لەدڕندەیی خۆییدا هەرچی بەهای مرۆڤایەتی بوو لولیدا، حەمە غەریب، گوڵشەن دەبینێ لەزیلێكی سەربازیدا، هاوار دەكاتو دەكڕوزێتەوە گوڵشەن وائەزانێ شوانە لای حەمە غەریبە، ئەمیش وا دەزانێ لای گوڵشەنە، بەڵام سابیر دەیبینێ كەبەژێر پێوەی دەبێو هەر لەوێ دەمرێ. سابیر پێی ناڵێ.**

**من باش دەزانم گوڵشەن دەیویست چیت پێبڵێ ئەو چاكتر، باهەر نەزانی، بازامێكی قوڵ نەكەوێتە جگەرتەوە، باهەر وابزانی (شوانە) لەگەڵ دایكی دایە..وای لەم رۆژە كە باوك ئاگای لەڕۆڵەی خۆی نییە..ل..١٥٠)**

**رۆمان چەندە كاركردنە لەمێژوو لەواقعدا، ئەوەندەش شلكردنی دەزووی هەوداكانی خەیاڵە، ناكرێ كتومت كۆپیكردنەوەی واقع بێت، ئەوە كاری مێژووە، دەبێت رۆمان خوێنەر پەلكێش كات بۆ سەر رووداوو دیمەنەكان. شەپۆلی هۆشو ریالیزمی ئەفسوناوی باڵی بەسەر رۆمانەكەدا كێشاوە، فلاشباك رۆڵێكی تەواوی هەیەو جگە لەواقعی ناو قەڵای نوگرەسەلمانو مەرگی ژنو منداڵو خواردنی تەرمەكانو دەرهێنانی لەلایەن سەگ و گەماڵەكانی دەوری قەڵاوە، تەواوی رۆمانەكە فلاشباكەو، یادەوەری راوی كەسابیری حاجی جومعەیە بەهەموو دیمەنە خۆشو ناخۆشەكانی گەرمیان دێنێتە بەرزەینی خوێنەر.**





**(دانیشتوانی ناوچەیەك چۆن هەموو بەجارێ رەشبگیر دەكەن). سەرت لەمە دەرناچێ، مێشكی خۆت دەگوشی،. هەوڵ دەدەی تاوانێك لەو بابەتەبیر خۆت بخەیتەوە، یا لەكتێبێكدا باسی كوردێكی واكرابێ، لەم حاڵەتە بچێ بۆی ناچی... هیچت بۆ ناوترێ و نازانی نەفرەت لەكێ بكەیت.. ل[١٧]).**

**دیسان ئاماژەكردنە بەجاش و خۆ فرۆشی ناوخۆ، چونكە ئەو كارەساتە تەنیا بە بەعس و عەرەب نەدەكرا، ئەوان شارەزای گەرمیانی پڕ لەهەردو بەرد نەبوون گەركوردە كەڕێبەر نەبوایە ئەنفال بەو جۆرە نەدەبوو كەبووە رۆماننوس هەر دوو لاپەڕە دوای ئەو پرسیارەی لەسەر زاری راویەوە سەبارەت بە بكەری ئەنفال دەیكات وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: برایم غولام... ئەوزیلەی ئێمەیان پێهێنا دوو جاشیان لەگەڵا ناردین دەیانگوت... ئەو دێهاتانەی ئەودیوو رۆخانەشیان برد.. ئەیان گوت بەرتان ئەدەن،**

**ئەنفال بەر لەڕووی جەستەییەوە ئەو مرۆڤانە لەناو بەرێت لەڕووی سایكۆلۆژی و ویستەوە (ئیرادە) وەكۆتایی پێهێنابوون.**

**بەعس و جاشەكان بەر لەشالاوەكە وەك شەیپورچیەكانی تەیموری لەنگو جەنگێزخان: دەنگۆیەكی زۆریان بۆ خۆێنڕێژی و كوشتوبڕی خۆیان دەكرد. بۆیە گەر كەسێك لەو گیراوانە هەوڵی راكردنی بدایە لە لایەن ئەوانیترەوە خاڵی دەكرایەوە لەئیرادە و هەوڵەكەی بێئاكام دەبوو.**

**گەرمیان بەو تەمەنە كەمەی خۆیەوە كە(١٠)ساڵێك دەبێت چەند جارێك هەوڵی راكردن دەدات، دەیەوێ هەواڵی دایك و باوكی بزانێتو پێیان بگاتەوە رووی دەمی دەكاتە سابیرو دەڵێت: (ئێژم.. ئەتوانم لەپەنجەرەكەوە بڕەمم؟... ئا ئەو كابرایە كەخەوتووە ئێژێ دوێنێ كوڕەكەم لەپەنجەرەی ئەو ژوورەی تەنیشتمانەوە رەمی و ئێستا لەماڵی خزمێكیاندایە...ل[١٩]).**

**ئەم هەوڵەی گەرمیانی منداڵ، هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی ژیان و جوانیەکانی ژیان بۆ شادبوونەوە: بەو نیشتمانەی ناوی دایك و باوکە ئاخر منداڵ چوزانێ ئەنفال چییەو مردن چییە، منداڵی ئەو نیشتمانەیە ژیان تیایدا ئیمپراتۆرەو، مردن لەو جودا نییە، بەڵام بۆ سابیری بە ئەزموون و دنیا دیدە. جۆرێکی ترەو ژیان مانایەکی نەماوە بۆیە نائومێدانە بەگەرمیان دەڵێت تۆ گەورەی شیشی ئەم پەنجەرەیەی سجن ئەوەندە شاش نین تاتۆی لێوەبچیتە ئەو دیوا...ل[١٩].**

**مەبەستی بەعس لەئەنفالکردنی خەڵکی سڤیل و سادەی گوندەکانی کوردستان تەنیا هەر لەناوبردنی جەستەیی نەبوو، ئەوان دەیانویست بەر لەمەرگ خەڵکی کورد بەتایبەت ئافرەتی کورد لەو بەهاو کەسێتیە خاڵیکەنەوەو لەوێشەوە پیاوی کورد چاوشکێن بکەن، ئەوان لەبەرچاوی پیاوەکان دەسدرێژی دەکەنە سەر ئافرەتەکان و نەئافرەتەکە قسەیەك دەتوانێ بکات نەپیاویش دەتوانێ بەرگری لەخۆی و لەئافرەتەکەش بکات.**

**لەگەڵ خۆرکەوتنا دێکەیان تۆپباران کرد، خەڵکەکە کەوتنە خۆیان لەدێ دەربچن کەس نەدەپەرژایە سەر کەس، قیژە و هەراو هاوار و سەگوەڕە... تەقەو دەسرێژ لەپاین ئاواییەوە دەستی پێکرد، یەك دووکەس هەر لەناو ئاواییدا پێکران... سابیر رۆڵە ئەگەر لێگەڕایەن چارەیەکی خۆمان دەکرد... دەڕۆیشتین... قەتیش ئاوامان بەسەر نەدەهات..لەگشتی ناخۆشتر ناموسمان کەوتە دەستیان دایکی ئەم گەرمیانە کەمێ خۆی گرتو نەیدەویست بچێتە ناوزیلەکەو جاشێك قۆناغە تفەنگێکی پیاکێشاو وا رایکێشا یەخەی هەڵتلیشان سنگی وەدەرکەوت.**





**باش بوو ئافرەتێك زوو بەچارۆکەکەی خۆی سنگ و بەرۆکی شاردەوە.. ل... ٣٦**

**مرۆڤی کورد داخی دڵی هەڵدەڕێژێ..**

**دەنگێك لەناو ژوورەکەوە بەرزبۆوە، دیار نەبوو لەگەڵ کێیەتی:**

**(ئێوە پێم بێژن خوا ئێمە نابینێ؟).**

**هاپۆ خدر گوێی لێ بوو ئاوڕی بۆ ئەو ئاستەدایەوە کەدەنگە کەی لێوەهات.**

**(بۆ کفر ئەکەی... خوا لەمەزیاتر چیت بەسەر بێنێ؟! ناماقوڵی وا مەکە). چیم کردووە لەوەتی خۆم ناسیوەتەوە نوێژم نەچووە، گشت ساڵێ زەکاتی پەزو پارەم دەرهێناوە..پەزەکانیان وەبەر چاومەوە بردو خۆشم دە دینارم پێیە... ل...٤٣**

**حکومەتی عیراقی بەسود وەرگرتن لەسورەتی ئەنفال لەقورئانی پیرۆز لەشکری هارو دڕندەی عیراق و جاشگەلی کوردی خۆفرۆشی ناموس فرۆشی گەرمدەکردوو بەرەو کوردستانی بەڕێدەخستن، ئەنفال وەك هەزاران ساڵ بەر لەئەمڕۆ دیسان بەلەشکری عەرەبی وت: سەریان بۆ ئێمەو ماڵیان بۆ خۆتان. بۆیە هەم کوردە ناپاکەکە، ئەوانەی وەك (کازم کۆیی) دەڵێت: دوای راپەڕین ئەوی شەقی بەرنەکەوت کورسی بەرکەوت. زۆر دڵسۆزانە ئافرەت و پیاوی کوردیان پێشخۆیاندەداو هەم عەرەبە پێپەتیەکان ئەوەی پێیان کرا کردیان.**

**(ئەنفال چییە؟)**

**(ئەنفال سورەتێکە لەقورئانی پیرۆز).**

**(بۆچی قورئان وتوویەتی وامان بەسەر بێنێت)**

**(نەخێر قورئان بەمەڕازی نییە!)**

**(کەڕازی نییە بۆ تەفروتونایان ناکات؟!)**

(ئەیکات)

(کەی؟)

(پشوت بێ...)

(دەك قوڕبەماڵتەوە بدرێ وا درا... هێشتا ئێژێ پشوت بێ...).

پیرەمێردەکە بەتوڕەبوونێکەوە وای وت و خواحافیزی نەکرد و هەستا و ڕۆیشت... ل١٠٤

لەقەڵای نوگرەسەلمان هەر بۆ مەبەستی سوکایەتی و دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتان... پیاوەکان جیادەکەنەوە و دواتر کچەگەنجەکان لەژنە پیرەکان جیادەکەنەوە.

(گوربزێکی چوارشانە لەولای هاپۆخدرەوە دانیشتبوو وەك منداڵێ پێڕەوکە بکات، ئاوا خۆی بۆلای پەنجەرەکە کردەکێش و قەیرێ تەماشای دەرەوەی کرد لەپڕ وتی:

ئەی ماڵی وێرانم خۆئەوە شەوبۆی کچمە) دەستبەجێ ڕەنگی گۆڕا.

ڕەنگی خۆڵەمێشی لێنیشت، لەڕووی مرۆیەکی خنکاو دەچوو.. ل..٥٠.

ئەم کردەوەیە پێشتر لەهێرشی جاشەکان بۆ گوندەکان بینرابوو بۆیە ڕۆماننوس لەوێشدا ئاماژەی بۆ کردۆتەوە، یادەوەری سابیر دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی (تۆکن) چەند سەربازێك و ڕەوە جاشێك دێنە ناو ئاواییەوە ماڵەکان دەشکێنن.. ماڵی کاکەولاّ لەم پەڕەوە بوو دوو سەرباز دەچنەژوورەوە تەنها حەبە لەماڵە.. حەبە لەژێر شۆڤە لەتەکە جاجمێکی بەخۆیادا بوو وخۆی متکردبوو.. کەجاجمەکە رادەکێشن حەبە دەبینن ئیتر بەزۆر توخنی دەکەون..ئێوارە کەئاوایی دەگەڕێتەوە، کاکەولاّ لەناو حەوشەکەدا کۆمەڵێ زووخاڵ دەبینێ، تومەز حەبە خۆی سووتاندووە و بەکۆمەڵێ زووخاڵ بووە،





کاکە ولاّش هەر بەو شەوە سەری خۆی هەڵدەگرێ و ئێستەش کەس نەیزانی لەکوێیە...ل.. ٥١.

بەتێپەڕینی ڕۆژەکان هیوا بڕاودەبن ڕۆژانە تۆزە ئاوێك و سەمونێك ئەوعەشامە تێر ناکات. لەلایەن پیاوەکانەوە هەوڵدەدرێت ئەوەندەی بکرێت لەدەمی خۆیانی بگرنەوە بۆ منداڵ و ژنەکان، بەڵام جەزبەی ڕۆژگار ئەو سۆز و هەستەش لەمرۆڤدا ناهێڵێت بۆیە یەکێکیان هاوار دەکات سەمونێك خۆمان تێرناکات چۆن بەشی خەڵکی تری لێبدەین.

لەقەلاّ منداڵێك لەبرسان و لەگەرمان دەمرێت، لەقاوشی ئافرەتەکان پاسەوانەکە سابیر بانگ دەکات بۆ ناشتنی.

بەمردنی منداڵەکە ئیتر هیوایەك بۆ ژیان نامێنێت، مردو دەبێە دوو سێ و دەبنە سەرقافڵەی گۆڕی غەریبان.. ل..٧٤.

مردن تەنیا هەر مردنە ئاساییەکە نییە و دواتر سابیر بۆی دەردەکەوێت هەردوای ناشتنی تەرمەکان لەوگل و لمە شل و شاوگەرمەی ئەوێدا گەماڵەکانی دەوری قەلاّ لەبرسا گۆڕی مردووەکان هەڵدەدەنەوە و تەرمەکان دەخۆن.

سابیر دەمە و بەیانیەك تارمایی گەنجێك دێتە بەرچاوی و ئەوەی بۆ دەگێڕێتەوە کەلە قەلاّیەکی وەك کەروێشکی لابراتۆر ئەمانیان داناوە و چەکی کۆمەڵکوژ و بایولۆجی و کمیاییان لەسەر تاقیکردونەتەوە. بەعس ئەو دەمە تازە دەستی دابووە پڕۆژەی چاکسازی مۆدێرن کەچەکی کۆمەڵکوژ بوو، ئەوان لەوە هیوابڕاو بون بەچەکی کلاسیکی واتە تفەنگ و تانك و تەیارە شۆڕش و خەڵکی کورد ملکەچکەن بۆیە چەکی کۆمەڵکوژیان

بەهەرمهێناو بۆمەبەستی دەستکەوتنی ئەنجامی ئەو چەکە مۆدێرنە لەسەر ئەنفالەکان تاقیانکردەوە.

(تارمایی گەنجەکە بۆ سابیری باسدەکات).

(ئەتەوێ بزانی کەبۆ ئەو قەلایەیان گواستینەوە هەمووما لاو بووین..هەرجارەی ٢٥–٣٠ کەسێکیان لێ هەڵئەبژاردین، لەناو ژوورێك دایان دەناین..ژوورەکە دوو بەقەد دیوەخانەکەی خۆمان ئەبوو... سوو سەبریان ئەکرد" ئینجا چۆن خۆمان کەبۆڕاو ئەچووین لەبیرتە...کونەڕێویمان قان ئەدا، ئاوا بەدووکەڵ قانیان داین.. دوکەڵێکی بۆنخۆش و رەنگ دێز..کەهەناسەمان ئەدا دووکەڵەکەمان هەڵمژی، هەرئەوەندەمان خۆشبوو سنگمان ئەتگوت ئاگرت تیاهەڵایساندووە... وەك بارێکی قورست بەسەر سنگیەوە نرابێ هەناسەمان بۆ نەدەدرا.. لەحەژمەتا سەرمان کردە باوەشی یەکترەوە، نەشمان ئەتوانی هاواربکەین... دووکەڵەکە باشتر ئەچووە سنگمانەوە ئەگەر هاوارمانبکردایە.. خوێن لەگوێچکە و لوت و دەممانەوە فیچقەی دەکرد، پاش چاوتروکانێك خەومان لێدەکەوت، ئابەم جۆرە هەرجارەی بڕێکیان والێ ئەکرد.. هەندێ کەسی تر هەن خەڵکی هەڵەبجەن من چۆن باسی دەکەم ئەوانیشیان بەم دەردی ئێمە بردوو ئەو دووکەڵەیان هەربۆ ئێمە دروست کردووە... ل...٩٨.

سابیر ئەوەندە مردوو دەنێژێ، ئەوەندە سوکایەتیکردن بەئافرەت دەبینێ لەلایەن پاسەوانانی زیندانەوە، ئارامی لێهەڵدەگیرێت. توشی وڕێنە و هیستریا دەبێت ئەگری و ئەکروزێ. شتێکی کەلەهەمووی ناخۆشترە یەکێ لەیاساوڵەکان فێری ئەوەبوون، شەوان ئافرەتێك لەقاوشەکە دەردێنێ... ها چۆن خەوم لێ حەرامنابێ.. ل..٨٩.





تامردووەکان زۆرتربن سابیریش زیاتر بێزار دەبێت و حەوسەڵەی نامێنێ. لەو رۆژانەدا کەبەرەو پایز دەڕۆن هەواڵی بەردانی هەندێك پیروپەککەوتەو منداڵ دەگاتە سابیر.. دوای چاوەڕوانی دووهەفتە.. هەندێك بەردەدەن گەرمیانی منداڵیشیان لەگەڵدا دەنێرێ. ئەو رۆژانە قاوشەکان تەنکتر دەبوون، حەمە غەریبو شوکرو هاپۆخدر دەمرن.. چاوەڕوانی گیان لەجەستەی زۆربەیان دەسێنێ.

سابیر تارمایی چنار و دەنگی دەبیستێ ئەو چنارەی عاشقی بووچووە خوازبێنی و باوکی چنار رازی نەبوو، سابیر بەدەنگی چناردا کەلەلمەکەوە بانگی دەکات دەزانێ چنارمردووە. چنار بانگی دەکات و سابیر ترسی جەستەی لێدەکاتە بارێکی قورس.

لەناو پیاوانی زینداندا تەنیا سابیر دەمێنێ، ئەوەی مرد مردو ئەوی مایشەوە بەربوون. سابیریش هەرئێوارەی ئەو رۆژەی ئەوانیان بەردا بەهۆی ناشتنی تەرمی مردویەکی تازەوە لەقەڵادوور دەکەوێتەوە و هەڵدێ نازانێ دوای دەنگی چناری خۆشەویستی کەوی، یان دەنگی پڕسۆزی دایکی، دایکی دەڵێ وەرەماڵەوە و چناریش بانگی دەکاتەوە بۆ قەڵا، بۆیە سابیر تیادەمێنێ، بەرەو دەنگەکەی دایکی بڕوات، یان بەرەو دەنگی چنار.؟ دەنگی دایکی دەنگی ژیانێکی نوێیەو دەنگی چناریش دەنگی مردنەو دواتر خواردنی جەستەی لەلایەن سەگ و گەماڵەکانی دەوری قەڵاوە، سابیر بڕیاری خۆیدەدات بەرەو دەنگی دایکی رادەکاتو لەدەنگی چنارو مردن رزگاری دەبێت.

(دەنگێك دێتە گوێم! بانگی من دەکات لەناو هەزارەها دەنگدا جیای دەکەمەوە... دەنگی چنارە!... لەپێشەوەش دەنگێکی تر بانگ دەکات...

ئەمەش دەنگی دایکمە... بگەڕێمەوە بۆ قەڵاکە! پاش ماوەیەکی کەمیش دەچمەوەلای چنار... یا... نەو جارێکی کە ناگەڕێمەوە ئەو قەڵایە... وا هاتم دایە هاتم... وابەڕێوەم، لەباوەشی تۆدابمرم لەوەچاکترە لەم قەڵا بەدناوەدا لەحەزرەتاو لەبرسانا بمرم، دواجاریش ببمە خۆراکی ئەو گەمالانە... وادێم.. ل... کۆتایی رۆمانەکە). سابیر هەڵدێ و بەپێی خۆی دەگاتەوە دووز، ئەم رۆمانەش لەدایك دەبێتو دەبێتە مانیفێستی ئەنفالی گەرمیان... لەدوا ئاویلکەدانی هاپۆخدردا، بەم شیعرەی مەولەوی مردنەکەی رائەگەیەنێت.

(پوشەکەی جەستەم وەپەنا کەفتەن
سامیعەم خەبەر یاران نەشنەفتەن
خصوص شەرارەی دووری زۆر کەردەن
مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن
بینایی دیدەم تۆ وەسەڵامەت.
دیدەینی دیدار کەوت ئەو قیامەت..

# ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا

## چەند قسەیەك لەسەر رۆمانی (سوەیلا) ی شارامی قەوامی

لەگۆشەنیگای سۆسیۆلۆژیەوە شار بەرئەنجامی پەرەسەندنی خۆبەخۆو پێگەییوی کۆمەڵگەی بەشەرییەو، لێرەشەوە هۆکانی بەرهەمهێنان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پێشکەوتن و رسکانی فۆرمی شارەکان هەبووە. هاوشان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەدا ئەدەبیش هەنگاوی هەڵهێناوەو رۆڵ و نەخشی لەو پێشکەوتنانەدا هەبووەو، بەپێچەوانەشەوە ئەو پێشکەوتنانەش کاریان کردۆتە سەر تەواوی ژانرەکانی ئەدەب و هونەر بەگشتی، کەزۆرێك لەوژانرو رێبازە ئەدەبی و هونەرییانە بۆخۆی بەرئەنجامی درووستبوونی شارەکانن بەم فۆرمەی ئێستایانەوە.

بەر لەداهاتنی پیشەسازی کاغەزوو شۆڕشی پیت، یادروستتر بڵێین دۆزینەوەی پیتی چاپ لەلایەن گۆتێنبێرگی ئەڵمانییەوە لەساڵی (١٤٤٨) مرۆڤ نەیدەتوانی زۆرتر پەنا بۆنوسین بەریٚ و زیاتر پشتی بەیادەوەری





خۆیدەبەست، تەنیا لەڕێگەی شیعرو داستانە شیعرەوە گوزارشتی لەدنیاو کەینونەی خۆی و رووداوەکان دەکردو هەر لەڕێگەی شیعرەوە سروشتی راڤەکردووە، ئەمەش لەلایەك بۆ خۆشبەدەستەوەهاتنی بابەتەکە لەڕێگەی شیعرەوەو لەلایەکیتریش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کەخەڵك دەیانتوانی لەدوای خوێندنەوەی بابەتەکە لەیادەوەرییاندا بیهێڵنەوەو سینە بەسینە بیگوازنەوە، تابەوەگەیشت بخرێتە سەر پەڕەی کاغەز. مرۆڤ هەوڵێکی زۆریداوە بۆئەوەی شتێك بەدابهێنێ و بتوانیٚ لەسەری بنوسریٚ و گران نەکەویٚ لەسەری، چونکە تەواوی فەلسەفەو پەڕاوە ئاسمانی و میراتەکانی تری ئەدەب و هونەر لەسەر پێستی گیانداران بەتایبەت ئاسك نوسراونەتەوەو ئەوەش دەست هەموو کەس نەکەوتووەو تەنیا پادشاو دەسەڵاتداران توانیویانە دەستی بخەن و بەمجۆرە ئەوەی کەدڵبەستەی ئەوان نەبوویٚ فەوتاوەو بەئێمە نەگەیشتووە. بەڵام داهێنانی کاغەزو دواتر پیتی چاپ، ئەرکێکی گەورەو سەنگینی لەکۆڵ مرۆڤ کردەوەو خزمەتێکی پیرۆزیشی بەتەواوی بەشەرو رابردوو داهاتووی بەشەر گەیاند.

لێرەوە داهاتنی کاغەزو دۆزینەوەی پیتی چاپ و بەرەوپێشچوونی پیشەسازی چاپ و چاپەمەنی و کۆبوونەوەی فراوانی مرۆڤ لەدەوری یەکترو لەشارەکاندا هەم گۆڕانی لەکایە کۆمەڵایەتییەکاندا چێکرد، هەم لە کایەهونەری و ئەدەبییەکاندا پێشڤەچوونی هێنایە گۆڕیٚ.

رۆمان کەلای هەندێك زادەی بۆرژوازییەتە، بەرئەنجامی شارو پێشکەوتنی شارەکانەو لەڕەوتی بەرەو پێشچوونی خۆیدا تابەئەمڕۆشدەگات بەسەر تەواوی ژانرەکانی ئەدەبدا زاڵەو، لەدوای

ڕۆمانەوە ژانرێکی ئەدەبی تر دروستنەبووە جێبەو چوڵکات، واتا مرۆڤ نەگەیشتۆتە قۆناغی پۆست ڕۆمان.

بەبڕوای شارەزایانی بواری ڕۆمان، ئەو گۆشەو کەلەبەرانەی مێژونوسان لای لێناکەنەوە ڕۆماننوسان بەرجەستەی دەکەن و لێرەوە ئەرکی ڕۆمان زیندوکردنەوەی ئەو چرکەساتە لەیادکراوانەیە کەمێژوونوسان نەیاننوسیوە، مێژوو یادەسەلاتدار دەینوسێ یابێدەسەلات، لەوناوەشدا ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان ون دەبن و هەرکەسەو یاهەرچینەو لەبەرژەوەندی چینەکەی خۆی مێژوو دەنوسێت. مارکس پێیوایە مێژوو جگەلەململانێی چینەکان شتێکی ترنییە، بەڵام ڕۆمان واقعەکە وەک ئەوەی هەیە بەشێوازێکی فەنتازی و بالادەستی خەیاڵ دەنوسێتەوەو نەبەسەر شتەکاندا بازدەدات نەلەبەرژەوەندی لایەک دەنوسێت و نەلایەنگری لایەک دەکات.

شارامیش لەم ڕۆمانەدا هەمان شێوەی ڕۆماننوسانی دنیا چرکەساتە ون و نادیارەکانی مێژووی نەتەوەکەمان لەم پارچەیە دەنوسێتەوەو لێرەشەوە ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستەی ئەم کۆمەڵگەیە کردووە کەچەند دڵڕەقانە ڕەفتار لەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکاندا دەکات. وەک چۆن میلان کۆندێرا لەهەردوو ڕۆمانی (بەهاری پراگ)و (ئاهەنگی ماڵئاوایی)دا ڕەخنەکانی ئاراستەی کۆمەڵگەی چیکی دەکات.

ئێمەی کورد بەدرێژایی مێژوو بەهۆی ڕوداوەسیاسییەکانی دنیاو ناوچەکەوە لەهەموو بەرەوپێشچوونێك بێبەش بووین و، گوندەکانمان نەبوونەتە گوندێك وەك گوندەکانی ولاتانی ئەوروپاو شارەکانیشمان تەنیا ناویان شارەو وەك فۆڕم و پەیوەندی کۆمەلایەتی، وەك پیشەسازی و





سیماکانی تری ژیاریش هەرلەگوند دەچن، بۆیە سەرپاکی ئەدەبی کوردی بگەڕێی تانیوەی دووەمی سەدەی بیست جگەلە شیعر شتێکی تری بەرهەم نەهێناوە. گەر بەوردی لێیبکۆڵینەوە لەتەواوی کوردستانی گەورەدا تاسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیست یەك تاکە ڕۆمانت بەرچاو ناکەوێت، کەدیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووەو کورد هەمیشە لەحاڵەتی بەرگری و کۆڵبەکۆڵیدا بووەو لەکوێ پەرژاویێتییە سەر ئەوەی بزانێ لەدنیادا ڕۆمان هەیە، چیرۆك هەیە، یاشتیتر. لەلایەکیتریشەوە دروستبوونی شارەکان و فۆڕم وەرگرتنی لەوێوە دەست پێدەکات. ڕۆمانی ژانی گەل ڕاڕاییەکە لەنێوان شارو گونددا، لەوێدا نوسەر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ شوێندا دەکات و ناتوانێ زۆرپێداگری بکات لەسەر ئەوەی کەشوێنی ڕووداوەکان شارە، بەڵام دەڵێت گوندەو وێنای سروشتی گوندەکە دەداتە خوێنەر.

ئەمەش دیارە بۆئەو سەردەمە دەگەڕێتەوەو ئەوکات گەر کەشی ڕۆمان یا هەرنوسینێکی ئەدەبی کەشێکی گوندی و زمانێکی کشتوکاڵی نەبوایە پەسەند نەدەکرا، دواتر ئەو نوسینەو خاوەنەکەی خۆیان بەبەشێك لەخەبات و تێکۆشانی میللەتەکەیان زانیوەو ئەدەبیان وەك چەکێکی کاریگەر بۆ لەڕووداوەستانی دوژمن و هاندانی خەڵکی نەتەوەکەیان بینیوەتەوەو ئەرکی سەرشانی خۆیان ڕاپەڕاندووە. ئەو سەردەمانە ڕۆیشتن و لەگەڵ خۆیان زۆرشتیان بردوو سەردەمی نوێش بۆئێمەی کورد بەتایبەتی کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای ئەم سەدەیە، ڕەنگە زۆری لەهەگبەیدابێت. کەدیارە قسەی ئێمە لێرەدا لەسەر ئەدەبەو لەئەدەبیشدا باسەکەمان لەدەرگای ڕۆمان دەدات و ڕۆمانی (سوەیلا) دەکاتە ئامانجی قسەکردن. (سوەیلا) ڕۆمانێکی تاڕادەیەك درێژەو یەکەم کاری (شارامی قەوامی) یە،

کەپێدەچێت سەرەتایەکی درەوشاوەبێت هەم بۆخودی شارام هەم بۆ رۆمانی کوردی.

رۆمـانی سـوەیلا هەربـەناوی یـەکێك لەکارەکتەرەکانییـەوە نـاونراوەو هەرئەویش فاکتەری نوسینی رۆمانەکەیە، کەنوسـەر لەڕێگـەی فلاشباکەوەو بەپشت بەستن بەزەنگلێدانەکانی سوەیلا بۆ گێڕەرەوە واتا خودی نوسـەری رۆمانەکە، رووداوەکان دەگێڕێتـەوەو بـەمجۆرە ئەم رۆمانە لـەدەرگای دەیان دیـاردەو رووداوی گـرنگ دەدات.. پێئەچـێت دوای سـالآنێکی دوورو درێـژ گێـــڕەرەوەو کەســـی هـــاوەڵی کەلـــەوەختی نوســـینی رۆمانەکـــەدا لەتەنیشتییەوەیەتی پێکگەیشتبێتن‌و سەربوردەی خۆی‌و عەشقی ناکامو بارووددۆخی کۆمەڵگەکەی بۆبگێڕێتـەوە. پێشتر ئامازەمان بـەوەدا کـەرۆمان زادەی بۆرژوازییەت‌و بەرئەنجامی دروستبوونی شارەکانەو ئەم رۆمانـەش یەکێکە لەوڕۆمانـە دەگمەنانـەی کەلەشاردا نووسراون‌و خـەمودیاردەکانیش هـەر زادەو هـەڵقولآوی شـارن.. کـەدەڵێین دەگمـەن مەبەسـتمانە بڵـێین ئـەم رۆمانـەو رۆمانـەکانی بـەختیار عـەلی تـەواو هـەڵقولآوی شـارن. چـونکە لـەم رۆمانەو ئەوانەی بەختیار عەلی شدا باس لەدیاردەگەلی وەك موعتاد بوون‌و هـەتیو بـازی‌و یـاخی بـوون‌و شـۆڕش هەڵگیرسـاندن‌و پـارك‌و سـینەماو باڵەخانەی گەورە، گەورە دەکرێت.

ژیـان خۆی جۆرێکـە لەتـەکنیك، هونـەری ژیـان ئـەو تەکنیکەیـە کەئینسـان ئاراسـتەدەکات‌و دەتـوانێ بـەپێوە بوەسـتێ، ئـەم تەکنیکـەش یـان کۆمەڵگەیـەکی تەندروسـت فێـرت دەکـات، یـان ئیدیـەو بەرنامەیـەکی دیـاریکراوی سیاسـی. هـەرکامیان بێـت گـرنگ ئەوەیـە تـەکنیکێك هەیـە بۆبەڕێوەچوونی ژیـان، رۆمـان‌و هـەرکارێکی ئـەدەبیش کەهـەڵقولآوی ژیـان‌و





دەرهاویشتەی ئـەم ژیانـەن بڕبـڕەی پـشتیان تەکنیکـەو خـاڵی هەرەبـەهێزی رۆمـــان لەتەکنیکدایـــە، تەنانـــەت شـــێوازی نوســـەریش هەرتەکنیکـــەو هەرنوسەرەو شێوازو تەکنیکی خۆی هەیـەو ئـەوی چـەند رۆمـانێکی گابرێـل گارسـیا مـارکیزی خوێندبێتـەوە دەزانـێ ئـەم نوسـەرە گەورەیـە بایـەخی گـەورەی داوەبەتـەکنیك، جیالـەوەش لەئێـستادا ریـالیزمی ئەفـسوناوی زاڵەبەسەر هەرجۆرە گێڕانەوەیەکدا لەدنیادا.

تـەکنیکی ئـەم رۆمانـەش تـەکنیکێکی ئـاڵۆزو تێکـچڕژاوەو کتومـت ئاڵۆزییـەکانی کۆمەڵگـەی کـوردی، تـەکنیکی ئـەم ڕۆمانـە کـار لەسـەر ژیـانی رۆژانەی ئینسان دەکات، ئەمە لای فارسەکانیش هەروایە، نـەك هـەر فارس‌و کـورد بـەڵکو مرۆڤـی رۆژهـەڵاتی بەگـشتی پەیوەسـتە بـەژیانی رۆژانـەی خۆیـەوە، ئەمـەش نـەك هـەر لەنوسین‌و کـاری ئەدەبیـدا، بـەڵکو رەنگدانـەوەی بەسەر تەواوی بوارەکانی تری ژیانییەوە هەیـە. لـەپڕ گێـڕەرەوە دەگۆڕێت‌و تۆ پێی نازانی، رووداو دوای رووداو دێت‌و ناچاری دوای کـەوی، وەك چۆن خێزانێکـی کوردی بێسەرو بەر قسەدەکەن‌و قسەی یـەکتردەبڕن، بـەلآم ئەم قسەبڕینانەی رۆمانی سوەیلا جوانییەکی بێوێنـەی بەخشیوەتە رۆمانەکەو بەردەوام سەرت لێتێکدەدەن‌و بەئاستەم جیای دەکەیتـەوە کـەکام کارەکتـەر قـسەت بۆدەکـات‌و چـیرۆکەکەت بۆدەگێڕێتـەوە. ئـەم تەکنیکـە لای هەنـدێك کـەس بەکاریگـەری رۆمـانی فارسـی دەچوێنرێت، بـەلآم وەك پێشتر ئامـاژەم پێدا ئـەم تەکنیکـە پڕبەپێستی کۆمەڵگـەی کوردییـەو دەبـێ رۆمـانی کـوردی هــەروابێت، تــۆبڵێی ئــەو گێــژاوو قەیرانــە یــەك لــەدوای یەکانــەی ئــەم کۆمەڵگەیەی تێکەوتووە چۆن لێکبدرێتـەوە جگەلـەوەی پـەنا بۆئـەم تەکنیکـە بــەریت. بۆیــە مــۆرکی کوردانــەی ئــەم رۆمانــە لەوتەکنیکــە ئاڵۆزەیــەوە

دەردەکەوێت و جگەلەوەش زەمانەو زەمینی رووداوەکان و ئاخافتنی کارەکتەرەکانیش نەك هەر کوردین بگرە هێندە سادەو ساکارن، کەجیای ناکەیتەوە لەزمانی سەرەتایی ئینسان.

کەسەکان لەم رۆمانەدا کەسی ئاسایی ناو کۆمەڵگەن و گوێ بەدنیا نادەن و سەرگەرمی گوزەراندنی ژیانی ئاسایی رۆژانەی خۆیانن و (یەدێ و عەبە) کەزۆرترین پانتایی رۆمانەکەیان داگیرکردووە، نمونەی دوو ئینسانی کوردن کەرۆماننوس لەڕێگەیانەوە هەم وەك قسەکەرو هەم وەك گوێگر قسەی خۆیان بۆ ژیان هەیە.. ئەم کەسایەتیانە هەمیشە بەختەوەرن و تازەمەن دەگاتەوە سەر چرکەساتی گێڕانەوەکە ئەوان گرفتێکیان نییەو لەکاتی گێڕانەوەدا بوونەتە بەشێك لەگرفتەکانی دنیا.

شوێنی دەستپێکردنی رووداوەکان شاری سنەیە، بەڵام نوسینەوەی لەشاری تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، رووداوەکان بۆکۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو سەردەمی جەنگی عێراق ـ ئێران دەگەڕێنەوەو دیسان گێڕەرەوە دەگەڕێتەوە بۆدەورانی منداڵی و هەرچی دیاردەی کۆتاییەکانی دەسەڵاتی شاو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و بارودۆخی کوردە لەو سەردەمەدا دەیداتە بەر نەشتەری رەخنەو ئەو دۆخەت وەك وێنەگرێکی سینەمایی کارامە دەخاتە بەردەست بەجۆرێك هەست بەژان و ئازاری مرۆڤەکان بکەیت لەوەختی خوێندنەوەدا.

تانوپۆی ئەم رۆمانە بەهۆی جوانی کچێکەوە بەناوی سوەیلا، کەئارام واتا گێڕەرەوە چاوی پێیدەکەوێت لەتەمەنی دەساڵیدا دەچنرێت و جگەلەچەند جارێك بینینی کورتخایەن ئیتر تەنیا تەلیفۆن دەنگیان بەیەکتر دەگەیەنێت و ئارام عەشقی سوەیلا موعتادی دەکات و لەدۆزەخەکانی ژیانی نزیك





دەخاتەوە، ئارام لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە دانیشتووەو باسی سوەیلاو دەورانی منداڵی بۆ عەبەی هاوڕێی دەکات. جگەلەلایەنی جوانکاری مەبەستی سەرەکی ئەم رۆمانە لێدانە لەزۆرێك لەدیاردەکانی ناوکۆمەڵی کوردەواوری، فەریدە ژنێکەو لەکۆڵانی ماڵی ئارام تەنیا لەبەر ئەوەی بۆئارەزووەکانی خۆی دەژی گەلەکۆمەی لێدەکەن و دەریدەکەن.. شۆڕش دوای سەرکەوتنی جەنگی ناوخۆ دەباتە شارەکانەوەو دواتر حکومەتی ناوەندی بەزۆری هێز شۆڕشگێڕان دوور دەخاتەوە، لێرەدا رۆماننوس زۆر وریایانە باس لەدیاردەیەکی ترسناك دەکات کەنەك هەر ئێمەی کورد بەڵکو تەواوی میللەتانی ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ئالودەی بوون و پێش ناچێت وازو لەوپەتایە رزگارمان بێت، ئەویش شیرینکردنی خوێن و کوشتنە لەبەرچاوی منداڵ مەرگدۆستی(Nekrophillia) ئەم دیارەدەیە تەنیا هەر منداڵ بەدبین و رەشبین ناکات، بەڵکو لەهەست و نەستی منداڵدا رق و کین دەچێنێ و مرۆڤ لەسەر یەکتر سڕینەوەو لەناوبردنی یەکتر رادەهێنێ و بەمجۆرە لەم رۆمانەدا دەبینی منداڵەکان بەو تەمەنە هەرزەکارییەوە دەچنە بەرەی جەنگ و دەبنە پێشمەرگەو بەشداری شەڕی ناوخۆو شەڕی حکومەتی ناوەندی دەکەن، لەکاتێکدا لەدنیای رۆژئاوادا ئەوتەمەنە تەمەنی گەڕان و پشکنینی رازو رەمزەکانی دەوروبەرەو منداڵ فێری دەیان و سەدان هونەرو تەکنیکی زانستی دەکەن و ژیاندۆستی (Baiophilla) لەهەستیاندا دەچێنن.

لەلایەك ئاستی خزمەتکردنی حکومەت لەتاران و سنەدا دەخاتە روو لەلایەك بێدەربەستی کۆمەڵگەی کوردی دەداتە بەر رەخنەو لەنێوان تاران و سنەدا خەیاڵەکانی رۆماننوس پەرتدەبن و زۆرجار وادەزانی باسی تارانە

کەچی دواتر بەشوێنەکاندا تێدەگەی ئەوەی باسی دەکات سنەیە نەك تاران. لەشاری تارانا خەڵك سەرقاڵی پەیداکردنی نانەو لەسنەش خەڵك خەریکی هەتیوبازیو قوماربازیو ژنبازینو هەردەم چاودێری ژیانی یەکتر دەکەنو بەکەوتنی یەکتر بەختەوەر دەبن، کەنوسەر هەموو ئەوانەی لەفۆڕمی هونەریدا بەرجەستەکردووەو وەك ئەوە وایە فلمێکی سینەمایی ببینی.. جیل دۆلۆز پێیوایە هیچ کارێکی هونەری لەئارادا نییە ئاماژەنەکات بۆدەروویەك لەژیان. ئەمەش مانای دەبێت لەسەروو هەموو فەنتازیاو جوانکارییەکەوە کاری هونەریو ئەدەبی ئاوڕ لەژیانی خودی نووسەرو کۆمەڵگەکەی بداتەوە، ناکرێت رۆمانێك بنوسیو بەخوێنەر نەڵێی زەمانو زەمینی رووداوەکان کوێیە، پێی نەڵێی خۆم کەسیٚ بووم لەکارەکتەرەکانی ناو رووداوەکانو وەك دەڵێن: رۆمان بەشێکی بچووکە یان بچووککراوەیەکە لەژیانی نوسەرەکەی.. بەومانایەی هەر کەسێك چیرۆکیٚ یان رووداوێك دەکاتە رۆمانیٚ ناشیٚ خۆی لەو رووداوو چیرۆکەدا بوونی نەبێتو رۆڵی سەرەکیشی نەبێت.

زەمەن لەم رۆمانەدا زۆر بەخێرایی تێپەڕدەبێتو مرۆڤەکان بەخانەی فەرامۆشی دەسپێریٚ، ئەوان فریاناکەون یادەوەرییەکان بنوسەنەوە، فریاناکەون عاشقبنو بگەنە مەعشوقەکانیان ، راناگەن بەشداری شۆڕشەکان بکەنو بۆیان نالویٚ وەك گەنجێك، وەك پیاوێکی تەواو، وەك کچیٚ یا ژنیٚ، یاخود پیرەمێردو پیرەژنێك تاموچێژێك لەژیان بکەن.. چرکەکانی زەمەن هێندە خێران تەنیا دەتوانین رووداوەو کارەساتەکان بنوسینەوەو لەسەر پەڕەی دڵ بیانپارێزین. زەمەن گوێناداتە ئەوەی مرۆڤ فریادەکەویٚ یان نا ئەودەڕواتو دەبیٚ ئێمەش کوێرانە دوای کەوین، هەرهێندەی چاومانکردەوە





ئیتر گیرۆدەی کابووسی هەتاهەتایی دەبینو سەرمان بەدیار یادەورییەکانەوە سپی دەبێت. زۆرجار رەنگە شکستی شۆڕشی نەتەوەیەك ئینسان کەنەفت کاتو شێتو وەیلانی کات، زۆرکاتیتریش ئینسان هەموو شتێك دەخاتە لاوەو تەنیا عەشقی کچێك یاخود ژنێك بەسە بۆئەوەی لەهەموو دەورووبەری دابڕێتو ئیتر لای ئەو وڵاتو نیشتمانو نەتەوە ئەرزشێکی نییە، ئیتر مرۆڤ تێکەڵەیەکە لەکابووسی مەرگو ژیان لەعەشقی خاكو عەشقی ژن، لەسروشتو دیاردەکان. ئارامی پاڵەوانی رۆمانەکەش ناخی هێندە سیخناخە لەو یادەوەرییەتاڵو سوێرانە لەپەلوپۆکەوتووەو خۆیدەخواتەوەو خۆبەخۆ ئەدویٚو راڤەی ژیانو بوونی خۆیدەکات.." چرکەکان وەك خۆیان تێپەڕئەبنو گویٚ نادەنە دۆخی ئێمە. دەربایسی ئەوەنین کەئێمە ماوەییێکی ئێجگار کورتمان هەیە بۆ قوولٚ بوونەوە لەنیگاییێك، یان بەهیواین مانگو ساڵەکانی زیندان بەقەڵەمباز تێپەڕبن. جاری وا لەمەودای دوو زەنگی تلیفۆندا زەمەن خەوی لێدەکەویٚو دوایین شەوی دیداری خۆشەویستێك بەچاوترووکانێك ئەڕوا. مرۆڤ بۆ تێپەڕکردنی زەمەنە ناخۆشەکان خۆی بەگەمەی جۆراوجۆرەوە سەرقالٚ ئەکات. ئەیەویٚ بەیاری خۆی لەساتە تۆقێنەرەکان دوورخاتەوە، یان بۆشایی نێوان ئێستاو ساتە پرشنگدارەکانی داهاتووی پڕکاتەوە، بەڵام یاری هەرچەندەش داخورپێنەربێت ناتوانیٚ کابووسەکان لەبیر بەرێتەوە. لەنێوەڕاستی خۆشترین گەمەدا خەم داتئەگرێتو لەکۆڵت نابێتەوە. " ل ٤٤

مرۆڤ هەمیشە لەترسێکی بەردەوامدا ژیان بەسەر دەباتو هەر خودی ئەو ترسەش وادەکەن مرۆڤ لەهیچ کارێکدا سەرکەوتوو نەبێت. کەدەگەیتە سەردەمێکی خۆش ناتوانی چێژ لەخۆشییەکانی وەرگریو هەمیشە بیرت

لای رۆژگارە ناخۆشەکانەو ترسی گەڕانەوە بۆئەو رۆژگارانە بەرۆکت بەرنادات‌و دەبێتە دێوەزمە.. " ترسی گەڕانەوە بۆ بارودۆخە تاڵەکان‌و نەگەیشتن بەساتە خۆشەکانی ئاوات کابووسی ئەزەلی ئینسانە. مرۆڤ تێکەڵێکە لەخەون‌و کابووسی مەرگ.. هەمان لاپەڕە. کاتێك مرۆڤ بەهۆی هەر رووداوێکەوە دەخرێتە زیندانەوەو دواتر حوکمی مەرگی بەسەردا ئەدرێ کەزیاتر لەم وڵاتانەی ناوچەی ئێمەدا لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی‌و سیاسییە، ئەو چەند رۆژو مانگ‌و ساڵەی ناوزیندان فێری دەیان پیشەدەبێت‌و بەهەر هۆکارێك بێت دەیەوێ خۆی لەوکابووسی مەرگ‌و پەتی سێدارەیە دوورخاتەوە، دەیەوێ لەبیری خۆیبەرێتەوە کە مەحکومە بەلەسێدارەدان، ئاخر ئینسان تاقە کائینێکە کەحەزێکی لەرادەبەدەری بۆژیان هەیەو هەرچی شتی دنیایە دەیخاتە خزمەتی مانەوەی خۆی، وەك چۆن ئەفسانەکان دەگێڕنەوە کەئەنکیدۆ بەدوای گیای نەمریدا دنیاگەڕاوە، یان شەهرەزاد هەزارو یەك شەو هەر شەوەی چیرۆکێکی بۆ شەهرەیار گێڕاوەتەوە بەخاتری ئەوەی کەمێك مەرگی دواکەوێت. بەڵام یاسای ژیانەو مرۆڤ هەرچیبکات مەحکومە بەمەرگ ئیتر لێرەو لەوێ‌و بەهۆی دەسەڵاتەکانەوە جۆرو شێوەی مەرگەکە دەگۆڕێت.. " کەمەرگی بیر ئەکەوێتەوە، خۆی بەخەمی قەرزەکانییەوە خەریك دەکات. مەترسی دوژمن دێنێتەوە یادی خۆی، خۆی لەدووکەڵا نوقم ئەکات، بەڵام هەموو ئەمانە ساتەوەختێن‌و خووی پێئەگیرێ کەچی خەڵافاندنی بەردەوامی مێشك پێویستییێکی ئەبەدی ئینسانە. هەمان لاپەڕە.. مارکس دوای ئەوەی لەنامۆبوونی مرۆڤی کۆڵییەوە تێگەیشت بەشێك لەودۆخەی مرۆڤ تێیدەکەوێ نەبوونی هیواو خولیایە لای خودی مرۆڤ، مارکس پێی وایە





هەژارترین مرۆڤ ئەو مرۆڤانەن کەهیچ هیوایەکیان نییە لەژیاندا. ئارامی پاڵەوانیش وەك ماتەریالیستێك بۆژیان دەڕوانێ‌و دەڵێ: " مرۆڤ بۆئەوەی شێت نەبێ، ئەبێ لەدوورە دەستەکانی زەیندا بە دوای هەویاو ئاواتێکدا وێڵ بێت.. " ل.. ٤٤

مەرجنییە شۆڕش‌و تێکۆشان بەختەوەری بۆکۆمەڵگە بێنێ، زۆرجار شۆڕشەکان دەبنە خۆرکەو تەواوی کۆمەڵگەیەك نغرۆدەکەن، رەشبینی‌و بێئومێدی دەچێنن‌و ئینسان دەتاسێنن، دوای سەرکەوتنی شۆڕش گەر ئەرك‌وکاری تازەتر نەیاتە پێشەوە بەلای کۆمەڵایەتی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا دێنێ، گەر خەونی نوێ نەبێت، ئینسان لەشۆڕشگێڕەوە دەکاتە بازرگان‌و وەك ئۆریوڵ دەڵێ: مرۆڤ‌و بەراز جیاوازییەکی نامێنێ‌و ئەوەی تادوێنێ شۆڕشگێڕبوو ئەمڕۆ دەبێت شۆڕشی بەسەردا بکرێت‌و لەڕەگەوە دەربهێنرێت، بۆبەدبەختی ئێمەش مرۆڤی کورد زۆرکەم لەشۆڕشەکانی بەهرەی وەرگرتووە، هەمیشە لەدڵەڕاوکێیەکی دەروونیدا ژیاوەو بەمجۆرەش جاشێتی‌و باشێتی تێکەڵ بوون‌و مرۆڤی کورد لەپێناوی مانەوەدا تەواوی رێگا شۆڕشگێڕییەکان‌و خیانەتکارییەکانی تاقیکردۆتەوە.." ساتەوەختەکانی تێکۆشان بەختەوەرانەترین چرکەکانی ژیانەو پاش گەیشتن ئەگەر خەونێکی تازەترمان لەباخەڵا نەبێت، سەرلەنوێ گیرۆدەی کابووسی ژیان دەبینەوە.. " هەمان لاپەڕە

ئەمەش پێمان دەڵێ مرۆڤ هەمیشە پێویستی بەخەونی نوێیە، خەونێك لەوەی پێشتری نەچێت‌و شتێکی تازەی فێرکات، مرۆڤ دەیەوێ فێربێت، ئەمەشی لەخۆوە نییەو سنوری نێوان مرۆڤ‌و ئەوانیتر فێربوون‌و ئەزموونکردنی شتەکانە، لێ زۆربەیجار فریا ناکەوێت‌و تەواودەبێت، خولیای

نوسینیش لای مرۆڤ هەر لەو مەیلە فێربوونەیەوە هاتووەو دەیەوێ هەڵەیەك ئەمکردی دوای ئەم نەیکات. بەمەش دەیەوێ قەرەبووی ئەوەبکاتەوە کەبەجەستە نەمری بەدەست نەهێناوەو، دەوێ وەك رۆح ئەو نەمرییە مسۆگەرکات.

لای شارام رووداوەکان لەبیرناکرێن‌و تێپەڕینی ساڵەکانیش کەمڕەنگی ناکەنەوە.." هەندێ رووداو لەبیرناکرێ و تێپەڕینی ساڵەکانیش کەمڕەنگی ناکاتەوە. لەنێو ساتە ئاساییەکانی ژیاندا سەرهەڵدێنن‌و مەوداکانی تری ژیان ئەسڕنەوە. مانەوەی ئەم ساتانە هیچ پەیوەندییەکی بەتیژبوونی زەینەوە نییە یان زێدەگرنگ بوون‌و جەخت لەسەرکردنی خەڵکی. ئەو ساتە وەختانەی بەزەینەوە ئەلکێن‌و لەقوڵترین شوێنەکانی رۆحدا جێگەدەگرن، بۆمانەوە پێویستیان بەهیچ بیانوێیك نیە. چارەنوسێکن هەموو ئینسانێك گیرۆدەی دەبێ، وەکو ئەوەی تاقە دۆستێکت هەبێ‌و بیکوژی...هتد " ل..٣٠ ئارام کەگێڕەوەی رووداوەکانەو بەدەم ژانی نەخۆشی‌و عەشقی سوەیلاوە باسی دەکات کاریگەری رووداوەکان دەکاتە بیانوو بۆ مانەوەی لەیادەوەریدا ئەو پێیوایە ئەو رووداوانە وەك چارەنووس‌و گۆڕینی رێڕەوی ئەو چارەنووسە بەئینسانەوە ئەلکێن‌و ئیتر دەبنە کابووس‌و ئینسان بۆهەر کوێ بڕوات بەشوێنییەوەن، ئەمەش دەمانباتەوە سەر قسەیەکی عیسا کەدەڵێت هەمیشە ئەو مرۆڤانەی خاوەن عەقڵی بچووکن بەختەوەرن، پاڵەوانەکەی شارام کەئارامە عەقڵێکی گەورەی هەیەو رووداوەکان تاساندوویانە بۆیە یادەوەری ئەوهێندەی تێدایە بەرگەی ناگرێت‌و تووشی داوی تلیاك کێشانی کردووەو موعتاد بووە.





ئارام تەمەنی دەساڵە کەسوەیلا دەبینێ ئیتر ئەم بینینە بۆی دەبێتە دەردوو ئەو بەیەککگەیشتنەی ئارام چاوەڕوانییەتی‌و بەڕووداوێکی گرنگی دەزانێت کەژیانی بگۆڕێت هەر رووناداتو هەموو گێڕانەوەکەش خراوەتە خزمەتی دەرخستنی وردەکارییەکانی عەشقی ئارام بۆسوەیلا.. مەنەلۆج کەپێکهاتەیەکی سەراسیمەکەروو بنەڕەتییە لەم جۆرە رۆمانانەدا زۆر شت دەدرکێنێت‌و هەموو رستە جوانەکانی ئەم رۆمانە مەنەلۆجەکانن کەبوونەتە بڕبڕەی پشتی بونیادی تەواوی رۆمانەکە، ئارام خۆبەخۆ قسەدەکات‌و وردەکاری زیاتر دەخاتە سەر یادەوەرییەکانی‌و هەستەکەیت لەحاڵەتی نائاساییدایە بۆیە بەو جۆرە دەدوێت‌و، وێنای رووداوەکان دەکات " کارەسات لەکاتی رووداندا هیچ لەمرۆڤ ناکات. رووداو ئەو کاتە ئینسان تێك دەشکێنێ کەئیدی رونەداو وەك خۆی بمێنێتەوە. لەهەناودا باڵابکا، لەرۆحدا جێگیرببێ‌و.. ببێ بەهەموو دەردەکان...." ل.. ٦

عەباسی کیا رۆستەمی لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ: ئێمە لەگۆشەیەکی تاریکی ئەم جیهانەدا دەژین.. شارامیش سەربەنەوەی ئەو رابوونە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە کەعەباس قسەی لێوەدەکات‌و ئامانجیان هێنانە پرسیارو دواندنی کۆمەڵگەی ئێرانی‌و دواتر ناوچەکە بەگشتییە، هەموو ئەو تاریکی‌و دواکەوتنەی عەباس قسەی لێوەدەکات لای شارام بەرجەستە بووەو تەواوی کارەکتەرەکانی رۆمانەکە تێکشکاوو پەراوێزخراون‌و زۆرێکیش لەوان نەماوەو لەدەمی گێڕانەوەدا ئاوڕلەخۆیان‌و بەسەرهاتیان دراوەتەوە. بەڵام دواکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی‌و ئالودەبوونی بەمادەی بێهۆشکەرو قوماربازی‌و قومارکردن لەسەر ژن‌و دۆڕاندنی ژن‌و هەتیوبازی بەڵایەکن‌و تووشی ئەم نەتەوەیە کراون، ژن لەم رۆمانەدا

کائینێکی پاسیڤ و گۆشەگیرەو تەنیا لەو کاتانەدا وەك ئەکتیڤ دەردەکەوێت کەرووداوەکان دەچنەوە تاران و لەو سەردەمەی شاری سنەدا ژن تەنیا هوهای لێکێشراوەو ئەمەش بەزەقی لەڕۆمانەکەدا دیارەو ڕۆماننوس بەئەنقەست ئەو لایەنانەی بەرجەستەکردووە.

ئەو سالانەی کەئەم ڕۆمانە بەسەریاندەکاتەوەو خودی ڕۆماننوسەکە تێیدا ژیاوە سالانی شەڕو شۆڕ بوون و ئینسان لەبەر شەڕ هەناسەی بۆنەدراوەو شەڕ کۆنترۆلی تەواوی فکرو هۆشی ئینسانی کردووەو ژیانی لێزەوت کردووە. دیارە ئەمەش واتا شەڕ سەپاندنی هەیمەنەی کەسێکە بەسەر کەسێکی تردا، سڕینەوەی کۆمەڵە ئینسانێکەو دانانی کۆمەڵێکی ترە لەشوێنیان، کەدواجار وێرانەیەك لەدوای خۆی جێدێڵێ و دنیا دەکاتە دۆزەخ و ئاسەواری بۆ دەیان ساڵ دوای خۆی هەڵدەگرێ، کۆمەڵگە لەبۆتەیەکدا قەتیسدەکات و ناهێڵێ یەك شەقاو بۆپێشەوە بڕوات، تەنیا مەودای گەڕانەوەی بۆدەهێڵێتەوە.. " شەڕ جۆرێکە لەشەهوەت، هەموو شتەکان ئەخاتە پەراوێزەوە خۆی نەبێت.. بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەرەوە خەڵك بەدەوری دروشمێکدا کۆ ئەکاتەوە. پڕیان دەکات لەتەوژمی کوشتن، لەشانازی مردن.. " ل ٢٠

هەر ئەوسالانەی ئەم ڕۆمانە ئاوڕی لێداوەتەوە سالانێك بوون کەئیدییەی مارکسییەت دنیای تەنیبۆوەو تەواوی شۆڕش و بزووتنەوە رزگاری خوازەکانی دنیاش مارکسییەتیان کردبوە بەرنامەو سەرمەشقی کارکردن، کوردیش یەك لەونەتەوانەبوو لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا مارکسییەت و بیری سۆسیالیستی بووە بەرنامەی زۆرێك لەپارت و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە کوردییەکان، بەڵام دواتر دەرکەوت مارکسییەت ئەوفریادڕەسە





نەبوو بۆ رزگاری ئێمەی کورد لەستەم، بۆیە ڕۆماننوس لێرەدا لەبری کۆمەڵگە ئەدوێت و نەك هەربیری مارکسییەت ئەتفێتەوە، بەڵکو بەگشتی کوشتن و ئینسان سڕینەوە وەلادەنێت. لەدیالۆگی نێوان ئارامی خانەخوێ و خەلیلی شۆڕشگێڕی گۆشکراوی مارکسییەتدا ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیەی مارکسییەت و ئینسان سڕینەوەیە بەزەقی دەردەکەوێت.

" ئێمەش هەر ئەوەنەبوو باڵ بگرینەوە. هەرچی ژمارەی کوشتنەکانی دەوڵەت زۆرتر بایە، زیاتر کەیفمان لێ دەهات.... ل١٧٠

" . کاك خەلیل تاکەی ئەتانەوێ درێژە بەشەڕ بدەن؟ شەڕ چ دەرئەنجامێکی ئەبێ لەماڵ وێرانی زیاتر؟ تۆ کەخەڵکت کوشت، لێت ئەکوژرێ. خەوی دوژمنت بزڕێنی، بۆ خۆشت خەوی ئارامت بەچاوا ناچێ...

" . پێت وایە ئێمە قینمان لەپێخەفی نەرمو گەرمە؟ پێمان خۆشە بەر گوللە بکەوین؟ ئێمەش ئینسانێکین وەکو دیکەی ئینسانەکان، ئێمەش بەدڕکێك عاسی ئەبین، بەڵام بۆ ئەو بەهایانەی کەباوەڕمان پێیەتی لەگوللەی داخیش سڵ ناکەینەوە.

ـ کامە بەها؟ شەڕ کەژیانی لەخەڵك ئەستاند، چ بەرهەمێکی لێ ئەبێتەوە لەژیان بەنرختر؟

. بەرابەری و یەکسانی مرۆڤ..

. کاك خەلیل بەرابەری ئینسان هێندە ئەژیت لەسەری ئینسان بکوژرێ؟ بۆ واله ژیان ئەڕوانی؟ بۆ ئینسان ئەوەندە گەورە ئەبینی؟...ل١٧١

عەباسی مەعرووفی لەڕۆمانی (سەمفۆنیای مردووەکاندا)، ئەردەبێل کەزێدی خۆیەتی دەکاتە هەموو دنیاو لەئەردەبێڵەوە تەواوی بەشەری دنیا دەبینێ، ئەردەبێڵ ناسنامەی مەعرووفییەو ناتوانێ باسی نەکات، لەڕۆمانی

(سوەیلا)شدا بەردەشت دەبێتە هەموو دنیاو، هەموو دنیاش دەبێتە بەردەشت، نوسەر منداڵی لەبەردەشتدا لێبەجێماوەو لەتاراندا شیوەنی بۆدەکات، تەواوی ئەو شتانەی مرۆڤ لەرۆمانێکدا دەینوسێت سەردەمی منداڵییە لەیادەوەریدا دێتە جۆش‌و خرۆش‌و نوسەر لەڕێگەی نوسینەوە خۆی خاڵی دەکاتەوە، لەهەموو خەمو خەفەت‌و کوڵوکۆیەکی سەردەمی منداڵی.

" بەردەشت وەکو دیکەی شوێنەکانی جیهان، وەکو ئەو شوێنانەی چەمەکانی زەمەن پێیدا بەر ئەبنەوەو ئاوەدانیەکانی ژیان سازئەکەن.. "
ل.. ١١٥

لافاوی نەهامەتی‌و دەردەسەرییەکان لەسەردەمی منداڵی‌و لەبەردەشتدا کەگەڕەکێکی شاری سنەیە دەست پێدەکات‌و هەرلەوێشدا کۆتایی دێت‌و جارێکیتر لەگەنجیداو دواتر لەپیریشدا دەست پێدەکاتەوە، مرۆڤی کورد مەحکومە بەژیانێکی کوللەمەرگی‌و پڕگێرمەو کێشەو ئیتر منداڵ بێ‌و گەنج بێ‌و پیر بێت جیاوازی نییە، چارەنوسێکەو بەباڵاماندا بڕاوەو هەر جۆرە هەوڵێکیش بۆ دەرچوون لەو بازنەیە وەك لەڕۆمانەکەدا وتراوە ماڵوێرانترمان دەکات. لای مارکیزیش ماکۆندۆ هەمان دەردو دەوای لێدەباری‌و لەڕۆمانی (چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرادا) ئەوە دەردەخات کەمرۆڤی ئەو گوندە چەندە مەحکومە بەسەرگەردانی‌و ماڵوێرانی یاخود لەڕۆمان (سەد ساڵ تەنیایی)دا هەرچی مەینەتی خەڵکی ماکۆندۆیە بۆئێمەی دەخاتە سەر پەڕەی کاغەز.

پاڵەوانی رۆمانەکان پاڵەوانێکن لەکاغەز، نەك لەگۆشت‌و خوێن بۆیە توانای گۆڕینی واقعیان نییە، ئەوە تەنیا نوسەرانی سۆسیالیزم بوون لەچەشنی مەکسیم گۆرکی کەلەرۆمانی (دایك)دا لەرێگەی پاڵەوانە





کاغەزینەکەیەوە واقعی گۆڕی. ئارامی پاڵەوانی رۆمانی (سوەیلا)ش دەیەوێ واقع بگۆڕێ‌و پێچەوانەی شەپۆلی باوی کۆمەڵگەوە مەلەبکات، بەڵام مایە پوچ دەبێت، ئەم پاڵەوانە بۆچوونی بەرامبەر ژن‌و ئینسان بەگشتی‌و مەسەلە کەینونەییەکان روون‌و ئاشکراو ئینسان دۆستانەیە، بەڵام کۆمەڵگە ئەمانەی هیچی لێ قبوڵناکات‌و دواجار ئارام دەبێتە گەرد کێش‌و موعتاد دەبێت، کەلەم رۆمانەدا بەسووچی دەوڵەتی دەداتە قەڵەم‌و تائێستاش ئەو پەتای بڵاوکردنەوەیەی مادەبێهۆشکەرەکان چەکێکی کاریگەرە بەدەست دوژمنانی کوردەوە، کەکارکردنی شارامیش لەم رۆمانەدا رەخنەگرتنە لەو کۆمەڵگەیەی رێگە بەبڵاوبوونەوەی مادەی بێهۆشکەر دەدات، دواتر قسەکردن لەسەر ژن‌و بەشمەینەتی ژنان لەسایەی ترادسیۆنێکی کۆمەڵایەتی بەزۆر سەپاو بەسەر کورددا، ئارام دەیەوێت ئینسان وەك ئینسان بژی‌و رێگری بۆ دروست نەبێت بۆهەر جۆرە ژیانێکی شایستە کەخۆی پێیخۆشە، کەدیارە قسەی ئارام قسەی کۆمەڵگەیە بەگشتی.

بیرماگ وشەیەکە تایبەت بەشاری سنەو دەورووبەری، کەبەمانای جوڵەو هەنگاونان دێت‌و ئەم رۆمانەش لە(١٤) بیرماگ پێك هاتووەو هەریەکەیان تەواوکەری ئەویتریانەو ناکرێت بێ یەك بیانخوێنینەوەو بەهەمووشیان جەستەی ئەوپەیکەرە زیندووە تەواو دەکەن کەشارام مەبەستیەتی‌و ئەوەشی لەهەمووی جوانترە ئەو عەشقەیە کەبۆتە ستاتۆی سەرەکی گێڕانەوەی رووداوەکان، ئەو عەشقەی تەنیا یەك جار بینین تێیدا روودەدات‌و ئیتر دەبێتە تراویلکە، لێرەدا مەعشوق (سوەیلا)یەو عاشقیش (ئارام) واتا خودی شارامی رۆماننوس، (ئارام‌و سوەیلا) هەوێنی تەواوی رۆمانەکەن‌و بێ ئەوان شتێك نامێنێتەوە لەرۆمانەکە، کەدەکرێ وەك رەمزی

هەردوو کۆمەڵگەی کوردیو فارسی لێیانڕوانینو گفتوگۆکانی نێوانیان وەك گفتۆگـۆی هـەردوو کۆمەڵگـەی فـارسو کـورد لێکبدەینـەوە، هەردووشـاری تارانو سنەش کە رووداوەکان تیایـدا روودەدەن، وەك دووشـاری جەنجاڵی فـارسو کـورد پیـشاندراون لەسـەر ئاسـتی شارسـتانی هـەردووکیان قسەکراوە.

من کەئەم رۆمانەم خوێندەوە تـەواو هەراسان بووم، چونکە لـەم رۆمانـەدا توانەوەو فەنابوونی ئینسان خراوەتە بەر مایکرسکۆبی بینینو پێمان دەڵێ: رۆژێك ژیانو رووداوەکانی ژیـان بـەو جۆر فەنامان دەکات، هەرچی مرۆڤی نـاو ئـەم رۆمانەیـە چارەنوسـیان مەرگـەو زۆربەشـیان بەمـەرگێکی جیـاواز لەمەرگی ئاسایی تەواو دەبن، ئەمە جگەلەوی کەڕابردوو بەهـەموو قورسـایی خۆیەوە بەسەر جەستەی ئینسانەکاندا دەڕواتو دەیان پلیشێنێتەوە.

*لەژمارە(٩٦)ی گۆڤاری رامان لەمانگی ٢٠٠٥/٥/١دا بلاّوبۆتەوە.

# فریوو خۆشاردنەوە فریومان دەدات

ئیزابیل ئەلندەی ڕۆماننوس و چیرۆکنووسی گەورەی شیللی بەشێوازی نوسینی چیرۆك دەڵێ سیحری گێڕانەوە، بەومانایەی دەبێت چیرۆکنووس جادوو لەخەڵك بکات و چیرۆکەکەی وەك سیحرێك لەکاتی خوێندنەوەیدا خوێنەر پەلکێشکات بۆ ناو ڕووداوو هاوڕێیەتی لەگەڵ کارەکتەرەکاندا.

ژیان بۆ خۆی چیرۆکێکی درێژوو بەردەوامە، بەڵام هەمیشە کەسانێك هەن لەو چیرۆکەی ژیان دەیان و سەدان چیرۆکی کورت و درێژمان بۆ دەگێڕنەوەو ئێمەش پێمان وایە هەرگیز نەمان بیستووە، زۆرجار خۆمان پاڵەوان و کارەکتەری سەرەکی ئەو چیرۆکانەین و کەچی ناتوانین بەو جۆرە گوزارشتیان لێبکەین و بۆ خەڵکی تری بگێڕینەوە. ئەلندە مامۆستابووە بەر لەچیرۆکنوسین، خۆی دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: لەیەکێ لەقوتابخانەکان کەبۆ خوێندکارە لاسارو چەقاوەسووەکان تەرخانکرابوو وانەم دەوتەوە هەریەکەم





ڕۆژ توشی شۆك بووم کاتێك خوێندکارەکان لەگێژاوی ژاوە ژاوو هەڵبەزوو دابەزیناندا خەریکبوو هەڵملووشن، بەرەو هەڵدێری هەڵلووشینیان بردم، دۆشداماو مابوومەوە، لەپڕ فریشتەی نەجاتم دەرکەوت، ژنێکی بەتەمەنی ڕەش پێست کەوەك فەڕاش کاری دەکرد خۆیکرد بەپۆلداو هەردوو دەستی دابەیەکداو بەرزیکردنەوەو ڕوولەمناڵەکان دەستیپێکرد (هەبوو نەبوو)، لەگەڵ قسەی ئەودا مناڵەکان کەوتنە دۆخی بێدەنگییەکی سەرسوڕهێنەرەوەو زیاتر لەکاتژمێرێك گوێ قوڵاخ بەدیارییەوە وەستان و زاریان هەڵنەهێنا. ئیتر لەو ڕۆژەوە بڕیارمدا ئەو سیحری گێڕانەوەیە بەدەست بێنم و دواتر بوومە چیرۆکنووس.

لەم سەرەتا کورتەی ئەلندەوە بۆمان دەردەکەوێ کەنوسین بەگشتی و چیرۆك بەتایبەت جگە لەشێوازی گێڕانەوە شتێکی ترنییە، ئەوەی لەچیرۆکدا گرنگە چۆن دەیگێڕیتەوە نەك چی دەگێڕیتەوە، چیرۆکنووس نابێت لەبەرخاتری خوێنەرەکانی شێوازی نوسینەکەی بگۆڕێت، لەکاتی نوسیندا کوا جۆری خوێنەر لەبەرچاو دەگیرێت، نابێت لەبەر خاتری خوێنەر قوربانی بە شێوازی چیرۆك بدرێت، بەڵکو دەبێت لەبەرخاتری شێوازی نوسین قوربانی بەخوێنەر بدرێت.

قسەی ئێمە لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی (فریوو خۆ حەشاردانە) کە کۆمەڵە چیرۆکێکی (عەتا محەمەد)ە و(١٠) چیرۆکی لەخۆگرتووە، بۆیەش ئەو ژمارەیەمان نوسی چونکە عەتا بەردەوام بە(١٠) ئیش دەکات، ئەو لەگەڵ خۆی ڕێککەوتنێکی مۆرکردووە کەهەر بەو ژمارەیە ئیش بکات. ڕەنگە پێویست نەکات وەك هەر نوسینێکی تەقلیدی جارێکیتر بێینەوە نوسینەکانی پێشتری عەتاو ژیان و بیرکردنەوەی بۆ خوێنەر باس کەین،

ئەوەی گرنگە لای ئێمە ئاوڕدانەوەیەکە لەم کۆمەڵە چیرۆکەی بۆ ئەوەی وەك زۆر نوسینی تری داهێنەرانە بە فەرامۆشی نەسپێردرێ.

شتێك کەلای عەتا دەردەکەوێ بایەخدانی ئەوە بەپێشەکی کۆمەڵە چیرۆکەکانی، پێشەکی قاڵبێکی تەقلیدی وەرگرتووەو زۆربەی نووسەران واڕاهاتوون چەند پەرەگرافێك یان چەند لاپەڕەیەك بنووسن‌و باس لەو کتێبە بکەن کەبەنیازن بیخەنە بەردیدەی خوێنەر، هەندێك نووسەر ناوەرۆکی نوسینەکەی لەپێشەکییەکەوە دەداتە خوێنەر، بەڵام عەتا جیا لەنوسەرانیتر پێشەکیش وەك چیرۆکێك سەیردەکات‌و ناهێڵێ خوێنەر هەروا سەرپێییانە بەسەریدا تێپەڕێت، لەپێشەکی ئەم کتێبەدا یارییەك دەکات کەخوێنەرێك وریاو شارەزای دنیاو جیهانبینی عەتا نەبێت ناتوانێ سەرو بۆری لێدەرکات، لەم پێشەکییەدا راگوزەرانەو بەخێرایی چەند چیرۆکێکی تر دەخوێنیتەوە، ئەمەش سیحری راکێشانی خوێنەرە بۆ خوێندنەوەی تەواوی کۆمەڵەچیرۆکەکە، وەك دەڵێن لەبەرگەوە بۆبەرگ، والەخوێنەر دەگەیەنێ کەئەمەی دەیخوێنێتەوە دەبوو جۆرێکی تربوایە، واتا عەتا بڕیاربوو لەبری ئەم (دە)چیرۆکە، (دە)چیرۆکی ترمان پێشکەش بکات، بەڵام وەك جادوو لەخوێنەربکات (دە)چیرۆکی تری پێشکەش دەکات رستە دوای رستەش پەلکێشی دەکات.

لەجیهانی عەتادا کات‌و شوێن وەك پێگەیەکی جوگرافی‌و زەمەنێکی دیاریکراو بوونی نییەو ئەوەی هەیە هەستدەکەی یۆتۆپیایە، سەر زەمینێکە دوورە دەست‌و ون، ئەوشوێنەی رووداوەکەی لێڕوودەدات هەموو شوێنێکەو هیچ شوێنێکیش نییە، نەتۆ دەزانی ئەو کارەکتەرە بۆچی رێی کەوتۆتە ئەوشوێنەی بەسەرهاتەکەی  لێ ڕوودەدات نەخودی کارەکتەرەکە،





هەمیشە کەسێکیتر لەگەڵ حیکایەتخواندا یادروستتر بڵێین لەگەڵ گێڕەرەوەدا دەکەوێتە ململانێی هاوشێوەبوونەوە لەهەردوو چیرۆکی (برینێکی لەیادکراو)و(شەوی کوژراوە نادیارەکە) دووکەس دەبینین گێڕەرەوەو کەسی گوێگری چیرۆکەکە هەمان یادەوەری‌و هەمان گرفتیان هەیە، هەردووکیان لەتەمەنی سێ مانگیدا باوکیان کوژراوە، هەردووکیان لەسەربازیدا پێکەوە بوون‌و هەردووکیشیان پێیان وایە لەیەکێك لەشەڕەکاندا یەکێکیان کوژراون.

مێژوو لای عەتا جگەلەحیکایەتی پڕوپوچ‌و بێبنەما شتێکیتر نییە، ئەم مێژوو بەکۆمەڵێك مەسەلەی ناودژوو ناچوونییەك دەزانێ لەچیرۆکی (فریوو خۆحەشاردان)دا لەگێڕانەوە بێسەرو بەرەکانی کەسەکاندا کەباسی رابردوو دەکەن ئەو رەخنەیە ئاراستەی مێژوو دەکات، بەتایبەت مێژووی ئێمەی کورد کەمێژوویەکی تابڵێی پڕە لەناچوونییەکی‌و راستی‌و درووستی رووداوەکان ونبوون‌و، لەم ناوەشدا هەرکەسەو بەگوێرەی خۆیی‌و لەکوێوە ئارەزووی لێبێت رووداوەکان دەگێڕێتەوە بەتایبەت لەباسی شۆڕشەکانماندا.

لای عەتا شتێکیتر دەبینرێت ئەویش گەڕانەوەی بەردەوامە بۆ چیرۆکەکانی تری واتا ئەم لەچیرۆکی ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ سەر چیرۆکێك کەلەڕابردوودایەو نوسراوە، ئەمەش بۆ راکێشانی خوێنەرەو دەچێتەوە بۆتەی سیحری راکێشانی خوێنەر بەدوای خۆیدا، کەزۆرجار لەسەرەتای چیرۆکەکانیشیدا هەست بەمە دەکەین، من بڕوام وایە نەك هەر چیرۆك، بەڵکو نوسینە سیاسیی‌و فکری‌و فەلسەفییەکانیش بۆخۆی دەبێت چەشنی قولاپێکی ماسیگرتن چەشەیەکی وای پێوەبکرێت لەگەڵ خستنە ئاوەوە ماسی راکێشێت، دەبێت نوسینیش جاهەرنوسینێك بێت لەیەکەم رستەوە

**خوێنەر پەلکێشکات بەشوێن خۆیداو هەناسە سواریکات. لەچرۆکی (ئاگرو خۆڵدا) توشی کەسێك دەبێت کەشارەزای دنیای ئەمەو لەگەڵی دەکەوێتە گفتۆگۆوە کەگوایا لەکۆمەڵە چیرۆکی (زارەکانی خەوندا) چیرۆکێکی بەناوی (ئاگر) هەیە، بەلاّم ئەم مل نادات و نکۆڵی لێدەکات تادواجار کەسەکە قەناعەتی پێدەکات. لێرەدا عەتا زیرەکانە خوێنەر والێدەکات کەبگەڕێت بەشوێن چیرۆکەکانی پێشووتری ئەمداو، بەوردی شەرحی کۆمەڵەچیرۆکی (زارەکانی خەون)ی بۆ دەکات، کەئەمەش لەناو چیرۆکی کوردیدا ئەشێ وەك شێواز ناوببردرێت.**

# قەڵای دمدم یەکەمین خەونی کورد بۆ سەربەخۆیی

مێژووی گێڕانەوە لەجیهاندا مێژوویەکە بەدەیان قۆناغدا تێپەڕیوە تاگەیشتۆتە رۆمان‌و لەڕۆمانیشدا چەند شێوازێکی ئەزموونکردووەو دواتر شێواز یاخود ئەزمونی (گابریێل گارسیا مارکین)ی کۆلۆمبی (ریالیزمی ئەفسوناوی) کەپشت بەشەپۆلی هۆش دەبەستێت شوێنی خۆی گرتووەو لەئەمڕۆدا یەکێکە لەهەرە تەکنیکە سەرکەوتووەکانی رۆمان لەجیهاندا، گێڕانەوە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە ئیتر مرۆڤ فێری قسە دەبێت‌و کۆتایی بەسەردەمی ئاماژە دێنێ‌و سەردەمی پشت بەستن بەیادەوەری شوێنی دەگرێتەوەو مرۆڤ سوود لەمێشکی خۆی وەردەگرێت بۆ پاراستنی رووداوو شتەکان لەیادەوەری خۆیدا. بەڵام ئەمە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێک‌و لەجوگرافییایەکەوە بۆ جوگرافییایەکی ترو لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر جیاوازی زۆری هەیە، بۆ ئێمەی کورد کە هەردەم کۆڵبەکۆڵ‌و





خاک داگیرکراو بووین رەنگە قورس بێت بەراوردی خۆمان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دەوەرو بەرمان بکەن کە بەدرێژایی مێژوو خۆیان خۆیان بەڕێوە بردووەو سەردارو سەروەری خەڵکی تریش بوون.

کەدیارە ئەم حاڵەتەش کاریگەری لەسەر تەواوی سەرخان‌و ژێرخانی کۆمەڵگە دەبێت بەگشتی کەئەدەبیش دەچێتە خانەی سەرخانی کۆمەڵگەوەو لەگەڵ کلتورو فەرهەنگی هەر کۆمەڵگەیەکدا ئاوێتە دەبن‌و رەنگی ژیانێکی شایستە بەئینسان دەڕێژن لەو کۆمەڵگەیەدا، هەر کۆمەڵگەیەکیش ئەدەب‌و رۆشنبیرییەکی بەرزی نەبێت مانای وایە پایەیەکی گەورەی شارستانییەتی نییە.

کورد شانشین‌و میر نشین‌و دەوڵەتی نەبووە، چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نەبووە، نەبوونی ئەو دامو دەزگایانەش تەنیا ئەو زیانەی نەبووە کە نەتەوەی کورد ژێر دەستەو داگیرکراوو چەوساوە بووە، بەڵکو زیانی گەورەی ئەوەیە کەنەمیراتی دەوڵەمەندی ئەدەبیمان پارێزراوە نەتوانیومانە فەرهەنگ‌و رۆشنبیریمان هاوشانی نەتەوەکانی دنیا بەرەوپێشەوە بەرین. ئەوەی هەمانەو نیمانە هەر شیعرەو تاسەرەتای بیستەکانی ئەم سەدەیەش کورد تاقە رۆمانێکی نەبووەو نەیتوانیوە جگەلە شیعر دەست بۆ بابەت‌و بوارە ئەدەبییەکانی تر بەرێت‌و ئەزموونیان کات‌و وەک چۆن لەشیعردا (نالی‌و مەحوی) ئەفسانەیان خوڵقاندووە ئاوهاش ناویتر لەرۆمان‌و چیرۆکدا ئەفسانە بخوڵقێنن. ئەمەش دیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەکورد چینی بۆرژوا یان شارنشینی نەبووە، یاخود دروستتر بڵێین کورد بەمانا سۆسیۆلۆژییەکەی خاوەنی شار نەبووە. چونکە رۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی هەڵقوڵاوی ژینگەی شارەو، گەشتی دوورو درێژو رامانی

فەلسەفییانەو سۆفیگەریانەی قوڵ لەدنیاو کەینونەی ئینسان، ئەزموونی گەورەو گرنگ لەگەڵ ژیان و رۆژگاردا رۆمان دەخوڵقێنن.

ئەشێ رۆمانێك بۆ نەتەوەو میللەتێك ببێتە ئەفسانەو تاهەتایە نەوە دوای نەوە لەیادەوەری خۆیدا هەڵیگرێت، بەلام رەنگە نەشێ ئەفسانەیەکی مێژووی ببێتە رۆمانێکی باش و نەمری نەتەوە یاخود میللەتێك. (عەرەبی شەمۆ) عەرەب شامیلۆڤ تاقەکوردێکە هەوڵیداوە رووداوی داگیرکردن و خاپورکردنی (قەلای دمدم)ی کوردان بەدەستی (شاعەباسی سەفەوی) بکاتە رۆمانێکی مێژووی گرنگ و نەمر، بەلام تاچەند سەرکەوتوو بووە ئەوەیان جێگەی قسەکردنی زۆرترە. ئەم رۆمانە بەر لەهەر شتێك گرنگییەکەی لەوەدایە کەیەکەمین هەوڵی کوردە بۆ نوسینی رۆمان، واتا کورد بەر لەم هەوڵە شتێکی نییە بەناوی رۆمان و دروستتر بڵێین بەناوی گێڕانەوەش. گێڕانەوە لای کورد لەم رۆمانەی شامیلۆڤەوە دەست پێدەکات، پێشتر شاعیرانی کورد هەوڵیانداوە لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە ئەو مێژووە بگێڕنەوە کە خۆیان زانیویانەو هەندێکجار لەجەرگەی رووداوەکانیشیدا ژیاون.

شامیلۆڤ بەسوود وەرگرتن لە کارەساتی داگیرکردنی قەلای دمدم دێت تانو پۆی رۆمانێك دەچنێت کە بۆ ئەو سەردەمە کارێکی داهێنەرانە بووە، ئەم رۆمانە لەیەك کاتدا لەسەر سێ تەوەری گرنگی مێژووی کورد قسە دەکات و هاوکات هەر سێکیشیان دەداتە بەر رەخنە. تەوەری یەکەمیان هەستی نەتەوەیی و رسکانی ئەو هەستەیە لای کورد، کە بەبۆچوونی شامیلۆڤ میرو سەرۆك هۆزەکانی کورد لەو سەردەمەوە واتا لەپێش (ئەحمەدی خانی)یەوە ئەو هەستەیان لاڕسکاوە هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆکورد دروستبکەن. کەئەمەش دیارە لەوێوە هاتووە





کە هەر دوو داگیرکاری ئەودەمی خاکی کوردستان فارسە سەفەوییەکان و تورکە عوسمانییەکان بوون و خانی لەپ زێڕین یاخود وەك شامیلۆڤ دەڵێ (خانۆ)ی لەپ زێڕینیش وەك سەرۆك هۆزێکی کورد ویستوێتی وەك سەردارانی سەفەوی و عوسمانی مەمللەکەتێك بەناوی کوردانەوە ئاوا کات و تەواوی سنورە جوگرافییەکەی لەدەستی زوڵمو جەوەری سەفەوی و عوسمانی بپارێزێت.

تەوەرێکی تریان مەسەلەی خۆخۆری و یەکنەبوونی کوردانە کە هەر لەدێرەوە تائەمڕۆش گەورەترین فاکتەرو رێگرییەکە لەبەردەم دروستبوونی هەر جۆرە کیان و قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردیدا، قسەکردن لەسەر ریشە مێژووییەکانی ئەو دەردە کوشندەیە لای شامیلۆڤ دادانی وانەیەکی مێژوویە بۆ ئەوەی نەوەی نوێی کورد لەسەردەمی تازەو سەدەی بیستدا سوودی لێوەرگرێت و بێبەش نەبێت، بەتایبەت ئەو وەختە سەرەتای دابەشکردن و داڕشتنەوەی نەخشەیەکی نوێ بووە بۆ جیهان بەگشتی و ناوچەکەی خۆشمان بەتایبەتی. شامیلۆڤ زیرەکانە ئەوەی پێکاوە کەوەك چۆن ململانێ و شەڕی دێرینی ئێمەی کورد بۆ سەربەخۆی لەگەڵ دەسەلاتی سەردەستی تورك و فارسدا بووە، لەسەر دەمی تازەشدا هەروا دەبێت و ئەو دەیەوێ بڵێت با ئەو گیانە خۆخۆرییە لەم سەردەمەدا زیندو نەبێتەوەو بگەینە سەربەخۆیی خۆمان.

تەوەرێکی تری قسەکردنی شامیلۆڤ لە رۆمانی قەلای دمدمدا مەسەلەی ئایین و هەستی ئایینی بووە لەناو کورددا، چونکە کورد لەدوای فەتحی ناوچەکەی لەسەردەستی خەلیفەکانی ئیسلام ئیتر بەزۆر بێت، یان بەخوایشتی خۆی ئایینی ئیسلامی وەرگرتووەو بەمەش گەورەترین زیانی

بەرکەوتووە، چونکە ئاینی ئیسلام سوودی بەتەواوی ئەو نەتەوانە گەیاندووەو کە وەریانگرتووە بەڵام زەرەرێکی زۆری لەکورد داوە، لەمەسەلەی دروستکردنی هەر جۆرە کیانو قەوارەیەکی سەربەخۆدا. ئەمەش زیاتر لەو ڕووەوە باس دەکات کەهەر دوو ئیمپراتۆری عوسمانیو سەفەوی بۆ ڕاکێشانی هەستی خەڵکی کورد ئایینیان وەك چەکێکی کوشندەو کاریگەر بەکارهێناوەو کوردیش نەیتوانیوە وەك ئەوان بەقازانجی نەتەوەکەی خۆی سوود لەئایین وەرگرێتو بیخاتە خزمەتی مەسەلە ڕەواکەی خۆیەوە، وەك چۆن تورکو فارسو دواتریش عەرەبەکان ئەوەیان کردووەو ئایینیان لەبەرژەوەندی نەتەوەو خاکەکەیان بەکارهێناوە.

لەلایەك فارسە سەفەوییەکان هەڵگری ئایینزای شیعەبون چوون دەیانزانی ئایین بەگشتی قبوڵکەن دەبێت بچنە خزمەتی نەتەوەی عەرەبەوە، بەڵام هەڵبژاردنی ئایینزای شیعە بۆ ئەوەبوو ئایین بخەنە خزمەتی خۆیانەوە، دواتر تورکە عوسمانییەکان سوننە بوونو لەم ناوەشدا کورد هەر جارەی بەفیکەی لایەکیان فریوی خواردووەو نەیتوانیوە وەك هەردوو لایان سوود لەئایین وەرگرێت. ئەوەتا تورکو فارسیش دوای نەمانی هەردوو ئیپمراترییەتەکەیشیان دوو دەوڵەتی بەهێزیان لەناوچەکەو لەسەر خاکی ئێمەیش بنیاتناوەو وەك ئێمەیش پابەند نین بەئایین ئیسلامەوەو قوربانیشیان لەو پێناوەدا نەداوە.

ئەم ڕۆمانە چیرۆکی ڕابونێکی تری کورد دەگێڕێتەوە لەمێژوودا کە یەکێك لەسەرۆك هۆزەکانی کورد بەناوی (خانۆی لەپ زێڕین) سەرۆك هۆزی (بەڕۆدا) لەشا (عەباسی سەفەوی) فارس هەڵدەگەڕێتەوەو دەیەوێت ناوچەیەکی جوگرافی بۆ خۆی جیاکاتەوەو لەئێرانی دابڕیو وەك شاعەباس





ببێتە سەردارو دواتر شانشینێکی کوردی دروستکات. لەدوای دروستبوونی هەر دوو ئیپمراتۆریەتی سەفەویو عوسمانییەوە کوردو خاکەکەی زیاتر داگیرکراو تالانکراو دەبنو ئەو دووەش لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلامدا زوڵمو زۆرێکی بێسنوریان لەکورد کردووە، لێرەیشەوە هەمیشە کورد هەوڵیداوە لەچوارچێوەی ئەو دوو ئیپمراتۆرە ڕزگاری بێتو ببێتە سەرداری خۆی، بەڵام وەك لەم ڕۆمانەشدا دەیبینین ئەم هەوڵانەی کورد هەمیشە دووچاری شکست بوونەتەوە ئەوەش وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا زیاتر پەوەندی بە دووبەرەکیو خۆخۆری کوردەوە هەبووە، (مەحمود مەڕەکانی) نەیاری خانۆی لەپ زێڕینەو لەکۆتاییدا ئەو (کانی)یە بۆ (سەردارخان)ی سەر لەشکری شاعەباس ئاشکرا دەکات کە خەڵکی قەڵای دمدمی ژێر قەڵەمڕەوی خانۆی لەپ زێڕین ئاوی لێدەخۆنەوەو درێژە بەبەرگری خۆیاندەدەن دژی لەشکری سەردارخان، دواتر هەر بەو هۆیەوە قەڵاکە داگیر دەکرێتو بەر لەداگیرکردنیشی خەڵکەکەی ناوی لەتینوا دەخنکێنو قڕدەبن.

خاڵێکی زۆر گرنگی تر کەئەم ڕۆمانە ئاوڕی لێیداوەتەوەو ئەوەیە کە کورد لەو سەردەمەشدا بیری لەوەکردۆتەوە سەر باری هەموو ناکۆکییە خێڵەکییەکانی خۆی پەنا بۆ یەکگرتنو هاوکاریکردنی یەکتر بەرێت، کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی لەناوچەی شەمزینان دەکەونە بەر پەلاماری لەشکری سوڵتانو ئەوانیش هانا بۆ خانۆی لەپ زێڕین دەبەن تا لەشکریان بۆ بنێرێتو دژی لەشکرەکەی سوڵتانی عوسمانی بجەنگنو بەرگری لەناوچەکانی شەمزینانو خاکی کوردستان بکەن، لەشکری خانۆی لەپ زێڕین بەرەو شەمزینان دەچێتو ئەو هێرشەی

سـوڵتانی عوسمـانی بـۆ سـەر شـەمزینان تێـك دەشـكێنن، دواتـر لـەوەش دەدوێت كە هەر دوو ئیمپراتۆری سەفەوی‌و عوسمانی سەر باری هەر جۆرە ناكۆكییەكی مەزهەبی‌و نەتەوەیی خۆیان كەچی لەئاست هەر جوڵانەوەیەكی كورددا بۆ سەربەخۆیی یـەكیان گرتـووەو وازیـان لـە شـەڕی نێوانیـان هێنـاوە بـۆ ئـەوەی جوڵانـەوەكانی كـورد سـەركوت كەنـەوە. ئەمـەش تائێـستا تاقـە ستراتیژی رژێمـە سەردەستەكانی تـورك‌و فـارس‌و عەرەبـە بـۆ ئـەوەی كـورد نەبێتە خاوەنی خۆی.

تەكنیكی ئەم رۆمانە هـەر چەند زۆر سادەیەو زیاتر لەداستان‌و چیرۆكی گـوێ ئـاگردان دەچێت، بـەڵام بـۆ سـەردەمی خـۆی كـارێكی زۆر داهێنەرانـە بووە. شامیلۆڤ لەیەك كاتدا هاتووە مێژوو لەڕێگەی رۆمانێكەوە بگێڕێتـەوەو دواتـر لەڕێگـەی رۆمانێكـەوە مێژوویـەك دروسـتكات هـەم بـۆ كـوردو هـەم بـۆ ئـەدەبی كـوردیش. ئەمـەش رەوایـەو ناكرێـت ئـەم پیـاوە وەك مێـژوونوس ببینین‌و بەڕۆماننوسـی نەدەینـە قەڵـەم، چونكە لەدنیاشـدا زۆر رۆمـان هەیـە هـەر بـەو جـۆرەی ئـەو نوسـراوەو سـودی لەمێـژوو وەرگرتـووە، لێرەشـەوە دەگەینەوە ئەوەی كـە بڵێین هەمیشە رۆمـان دۆستایەتییەكی پتـەوی لەگـەڵ مێـژوودا هەیـەو هـەر دووكیـان بـۆ سـاغكردنەوەی كـون‌و كەلەبـەرەكانی مێژووی ئینـسان سـوود لەیـەكتر وەردەگـرن، بـەڵام هێنـدە هەیـە كـە مێـژوو كـارێكی موجـەڕەدی زانـستییە بەتایبـەت لەئێـستادا وەك زانـستی زانستەكانیش سەیر دەكرێت، بەڵام رۆمان راستە ئاوی خۆی لەواقعی ژیانی ئینسان دەخواتەو لەڕابردووی ئینسانەوە دێت هاوشێوەی مێژوو سەرباری ئـەوەش كارێكـە پـڕاو پـڕ لەخـەیاڵی ئینـسان‌و بـواری موبالەغـەو زیـاد پێوەنانیشی تێدایە جا لەهەر لایەنێكەوەبێت، كەئەمەش بۆ مێژوو نەشیاوە.





ئـەم رۆمانـە لەسـەر رووداوێكـی نـاو مێـژووی ئێمـە وەستاوەو داستانی قـەڵای دمـدمی كردۆتـە مـەتنی سـەرەكی گێڕانەوەكـەی، كـەدواجار بـە خاپووربوونی قەڵاكەو تیاچوونی هەموو خەڵكەكەی كۆتایی دێت، بەڵام وەك هـەر رۆمـانێكی تـری دنیا ئاوڕی بۆ زۆر لایـەنی تـر داوەتـەوەو تـەنیا باسی شـەڕو شـۆڕی نـەكردووە. ئـەوەی مـن هەسـتم پێكـرد لـەم رۆمانـەدا خـەونی كوردە بۆ سەربەخۆبوونی وڵاتەكەیی‌و خۆ بەڕێوەبردنی، ئەم خەونە وەك لەم رۆمانـە دا دەردەكـەوێت لەسـەرەتای سـەدەی شازدەوە لەسـەری كورددایـەو تائێـستاش هـەر نەهاتۆتـەدی، هۆكـاری ئەمـەش هەنـدێكی لـەم رۆمانـەدا خراوەتە روو ئەوی تریشی دەبێت خوێنەر خۆی بەشوێنیدا بگەڕێت.

دەكرێت لەكۆتاییدا لایـەنێكی تـری مێـژوو كـەمێك رۆشنایی بخرێـتەسەر كە پەیوەندی بەداستانی قـەڵای دمدمـەوە هەیـە، ئـەویش دروستبوونی هـەر دوو ئیمپراتـۆری عوسمـانی‌و سـەفەوییە. (سـوڵتان محەمـەد فـاتح)ی یەكـەم لەسـاڵی (١٤٥١)دا بێزەنتـەكانی لەقوسـتەنتینییە (ئەسـتانبوڵ)ی ئێـستا وەدەرنـاو بـەردی بناغـەی خەلافـەتی عوسمـانی سووننە مەزهـەبی دانـا، كـە لەمێـژودا بەئیمپراتۆرییـەتی عوسمـانی بەناوبانگـە. لەسـەرەتاكانی ساڵی(١٥٠٠)تـیش بـەدواوە (شـیخ ئیسماعیلی كـوڕی جونێـد)ی سـەفەوی بـەردی بناغـەی ئیمپراتۆرییـەتی سـەفەوی شـیعە مەزهـەبی دامەزرانـد. كـە خـەونی كـورد بـۆ سـەربەخۆیی لەقـەڵای دمدمـدا لەسەردەسـتی شاعەباسـی سەفەوی لەبار براو تائێستاش هەر وەك خەوێك ماوەتەوە.

*لەژمارە(٣٩) رۆڤار لە١٥/٤/٢٠٠٦بڵاوبۆتەوە.

# کەئەدەب دەبێتە گۆڕپانێك بۆ تۆڵەکردنەوە

لەگەڵ هەموو زەرەرو زیانێکی گیانی و ماڵی شەڕە گەورەکانی دنیا، مرۆڤ زۆرو کەم سودی لەو شەڕانەش وەرگرتووە، چونکە هەمیشە بۆ یەکلاییکردنەوەی شەڕەکە بەسودو بەرژەوەندی لایەنەکان، لەپێشبڕکێی ئەوەدان کامیان کەرەستەی باشترو پێشکەوتووتر دروستبکەن تا بەقازانجی خۆیان شەڕەکە تەواوبێت. جەنگی یەکەمی جیهانی ئینسانی والێکرد فڕۆکە دروستکات و لەشەڕەکانیدا بەکاریبهێنێ، جەنگی دووەمی جیهانیش بەهەمان شێوە ئینسانی والێکرد بۆمبی ئەتۆمی دروستبکات و گەر ئەوکات بۆ لەناوبردنی بەشەر بووبێت ئەمڕۆ دەکرێ وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی وزەی کارەبا بەکاربهێنرێت. لەبواری ئەدەبیشدا هەر جەنگی یەکەمی جیهان بووە هۆی نوسینی هەردوو رۆمانی(بەرەی خۆرئاوا ئارامە)ی (ئریش ماریا ریمارك)و (ماڵئاوایی لەچەك)ی (ئیرنست





هەمنەگوای). شەڕ پاڵینا بەئینسانەوە تاکەشتیگەل و پاپۆڕ دروستکات بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریاکان و، هەر شەڕیش ئینسانی هاندا تافڕۆکەو شەمەندۆفێرو ئۆتۆمبیل و دواتر چەکی ئەتۆمیش دروستبکات. ئەمە بۆ هەموو کایەو بوارەکانی ژیان وایە، شەڕ دوورو نزیك و زۆرو کەم گۆڕانکاری تەواو لەسەرخان و ژێرخانی هەر وڵاتێکدا دروستدەکات کەشەڕەکەی تێدا روودەدات. رەنگە زۆرینەی شاکارو بەرهەمە فەلسەفی و ئەدەبی و زانستییەکانی دنیا لەدوای شەڕی گەورەوە دروستبووبن، چونکە ئینسان هەمیشە ژان و ئازارەکانی پاڵنەری سەرەکین بۆ کردنی هەرکارێك. هیچ کاتێك لەخۆشگوزەرانی و ئاسوودەی و دڵنیاییدا بەرهەمێکی ئەدەبی یاخود فەلسەفی یان داهێنانێکی زانستی لەدایك نابێت.

سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانەوە تەواوی مرۆڤایەتی دەکەوێتە حاڵەتێکی شپرزەو پڕ جوڵەجوڵەوە، ئەم ناوچەیەی ئێمەی کورد کە ئەوکات لەلایەن هەردوو دەوڵەتی عوسمانی تورك و قاجاری فارسەوە بەڕێوەدەبرا، حاڵەتە شپرزەییەکە تەواو دەیگرێتەوەو کورد دەکەوێتە خۆی. ئەم کەوتنە خۆیەی کورد جگەلە لایەنی سیاسی و شۆڕشی چەکداریی لایەنی فەرهەنگی و رۆشنبیریش دەگرێتەوەو بەجارێ دەیان شاعیر دێنە بواری ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانیان بۆ بەگژداچوونەوەی کۆنەپەرستی کۆمەڵگەو دوژمنانی نەتەوەش تاخاکەکەیان لەژێر دەستەیی رزگار کەن. دواتریش ئەوە دەردەکەوێت کەکورد قازانجی زیاتر لەشۆڕشە رۆشنبیرییەکە کردووە وەك لەشۆڕشە چەکدارییەکە. شۆڕشە رۆشنبیرییەکە شاعیرانی وەك (بێکەس و ئەحمەد موختار جاف)و چەندانی تری لێکەوتەوەو وەك دەشزانین

(گۆران)یش دەرهاویشتەی ئەو قۆناغەبوو کەشیعری کوردی نوێکردەوەو گەیاندییە لوتکە. رەنگە زۆر لەسەر ئەم قۆناغەی ژیانی کوردو بەتایبەت شیعری کوردی لەو کاتەوە تا سەرەتای شەستەکان قسەکرابێت‌و تاڕادەیەك مافی خۆی درابێتیٚ. بەڵام ئەوەی غەدری لێکراوەو وەك پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە نوسینی چیرۆکە لەو قۆناغەدا، واتا لەسەرەتای سەدەی بیستەوە تانیوەی دووەمی سەدەی بیست، شتێك نییە پێی بوتریٚ چیرۆکی کوردی‌و ئەوەی لەو کاتەشەوە ناوینراوە چیرۆك بەرهەمی گۆڤاری (گەلاوێژ)بووە کەبۆ ماوەی دەساڵ(١٩٣٩تا١٩٤٩) بەبەردەوامی دەرچووەو بایەخێکی زۆری بەچیرۆکداوەو دەکریٚ دواتر قسە لەسەر ئەو بایەخدانەش بکەین کەلەو کاتەداو لەو گۆڤارەدا دراوە بەچیرۆکی کوردی.

بەڵام نابێت هەروا سەرپێی لەو قۆناغە بڕوانین‌و خاڵیکەینەوە لەهەر جۆرە هەوڵێکی چیرۆکنووسین. چونکە ئێمە ئەوە دەزانین کە لەساڵی(١٩١٣)دا چیرۆکێك لەبڵاوکراوەیەکدا بەناوی(رۆژی کورد) بڵاو کراوەتەوە، چیرۆکەکە ناونیشانی نییە بەڵام نووسەرەکەی ناوی(فوئادی تەمۆ)یە ئەوەی جێگەی نیگەرانیشە نەنوسینی تر، نە هیچ شتێك لەسەر ژیانی ئەو پیاوە نەزانراوە. دواتریش لەسەرەتای بیستەکانی هەمان سەدەدا واتا نزیکەی دەساڵ دوای (فوئادی تەمۆ) رۆشنبیرێکی ئەودەمی شاری سلێمانی بەناوی(جەمیل سائیب) لەیەکیٚ لەبڵاوکراوەکانی ئەو دەمدا کە پێموایە (ژیانەوە)بووە چیرۆکێك بەناوی (لەخەوما) دەنوسیٚ‌و لێرەوە یەکەمین بەردی بناغەی چیرۆکی کوردی دادەنرێت‌و ئەو چیرۆکە دەبێتە یەکەمین چیرۆکی کوردی. دواتریش لەسەرەتای سییەکاندا (ئەحمەد موختار جاف) چیرۆکێکی درێژتر لەوەی (جەمیل سائیب) بەناوی(مەسەلەی





ویژدان) دەنوسیٚ‌و هەندێك رۆشنبیر بەیەکەمین رۆمانی کوردی دادەنێن.

ئەوەی ئێمە دەمانەویٚ قسەی لەسەر بکەین چیرۆکی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ە کە تائەمڕۆش مشتومڕێکی زۆری لەسەرەو زۆرینەی خوێندەواران‌و ئەهلی ئەدەب بەیەکەمین چیرۆکی کوردی دەزانن‌و هەندێکیش پێیانوایە کە ئەمە یەکەمین چیرۆکی کوردی نییە، بەڵکو هەوڵێکی ئەو کاتەی ئینگلیزبووە بۆ لەکەدارکردنی بزووتنەوەکەی (شێخ مەحمود)ی نەمرو (جەمیل سائیب) رقی لەشێخ مەحمود بووەو لەئینگلیزەکانەوە نزیك بووە بۆیە ئەم چیرۆکەی نووسیوە. بەڵام ئەوەی گرنگە لەم چیرۆکەدا رەخنە گرتنە لەو دەسەڵاتە کوردییەی کە شێخ بەڕێوەی بردووە. پێش قسەکردن‌و لێکۆڵینەوە لەچیرۆکەکە دەکریٚ باسی ئەم قۆناغەی رۆشنبیری کوردی بکەین، کەدەشیٚ ناوی بنێین قۆناغی بەشاری بوونی رۆشنبیری کوردی. هەوڵی روناکبیرو شاعیرانی ئەودەم بۆ نووسینی چیرۆك، هەوڵێکی هەڕەمەکی‌و لەخۆڕاو بێبەرنامە نەبووە، بەڵکو بەرنامەڕێژی بۆکراوە. ئەو روناکبیرو شاعیرانەی ئەوکات تەنیا بەوەوە نەوەستاون کەزمانی بێگانەی وەك (تورك‌و فارس‌و عەرەب) بزانن، بەڵکو هەوڵیانداوە لەگەڵ خەڵکی ئەو نەتەوانەشدا تێکەڵبن‌و لەگەڵ کلتوری ئەو نەتەوانەشدا بکەونە دیالۆگ‌و ئەوەندەی بۆیان بکرێت سود لەکلتوری ئەوان وەرگرن. ئەمەش کاتێك دەڵێین: کەلەبەرهەمی نووسەرو شاعیرانی ئەودەم دەڕوانین‌و لەگەڵ رابردوو، واتا پێش سەدەی بیست بەراوردیان دەکەین، چونکە پێش سەدەی بیست سەراپای رۆشنبیری کورد تەنیا شیعرەو جگەلە شیعر شتێکی ترنییە ناوی رۆشنبیری کوردی بێت. ئەگەر ئەو نوسراوو کتێبانە وەك رۆشنبیری کوردی بژمێرین کەلەلایەن زاناو پیاوانی ئایینی

کوردەوە نوسراون لەچەشنی (شێخ مارف نۆدێ)و پێشتریش (دینەوەریو ئامێدیو شارەزووری)ییەوەو خزمەتی کلتوری عەرەبیان کردووە، دەنا یەك دێڕی ترنییە لەدەرەوەی شیعر.

تێکەڵبوونی ئەو شاعیرو روناکبیرانەی ئەو قۆناغەی کورد بەکلتوری دراوسێ، جیهانبینی ئەوانی گۆڕیو وایلێکردن بیرکەنەوە کەجگە لەشیعر شتی تریش هەیە بەرۆشنبیری بژمێردرێو وەك بابەتێك بۆ خزمەتی نەتەوەو ریفۆرمی کۆمەڵگە بەکاربێت. ئەوان شارە پڕ ئاپۆراو گەورەکانی وەك ئەستەمبوڵو تارانو بەغدادیان بینیو کاریگەری ئەو ژیانە نوێیە وایلێکردن لەوە تێبگەن کە کات درەنگی کردووەو ئیتر شیعر فریای مەسەلەکان ناکەوێت، دەکرێ زمانی ترو شێوازی تری دەربڕین بدۆزرێتەوە بۆ گەیشتنە ئامانج. (جەمیلو سائیب) روناکبیرێکی بەئەزموون بووەو چۆتە دەرەوەی کوردستانو تێکەڵاوی کلتوری تربووە، بۆیە ئەو هەوڵەی داوە، دواتر (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیر ماوەیەکی زۆر نائیبی پەڕلەمانی عێراقیو قائیمقامی هەڵەبجەبووەو زۆر تێکەڵاوی کلتوری عەرەبو فارسو تورکو بووەو هاتوچۆی شارە گەورەکانی بەغدادو ئەستەمبوڵی کردووەو، تیایاندا ژیاوەو ئەوە تێگەیشتووە کەشارستانییەت، تەنیا بەشیعر بنیات نانرێتو پێویستە شێوازی تری نوسین بدۆزرێتەوەو دواتر (مەسەلەی ویژدان) دەنووسێ. لەوێدا شار دەکاتە شوێنی رووداوەکانو بەزمانی خەڵکی شاریش دەنوسێو تەنیا بیر لەوە ناکاتەوە کەدواتر خەڵکی رەشو روت هەر لەدیوەخانەکاندا شیعرەکانی ئەزبەرکەن. هەوڵی ئەوەدەدات ببێتە خاڵی وەرچەرخانی رۆشنبری کوردیو کۆمەڵگە لەخەوی غەفڵەت بێدارکاتەوە. (ئیبراهیم ئەحمەد)یش کەلەناوەڕاستی سییەکانەوە واتا





لەدوای ئەوانەوە دێت، بەهەمان شێوە کەسێکی خوێندەواربووەو هەر لەو سالأنەدا کۆلیژی یاسا لەیەکێك لەزانکۆکانی شاری بەغداد تەواو دەکاتو ماوەیەکی زۆر لەو شارەدا دەژیو تەواو تێکەڵاوی کلتوری عەرەب دەبێت. زمانی عەرەبی بەباشی زانیوە، ئیتر هەوڵی خۆی لەبواری چیرۆکنوسیندا دەخاتە گەڕو دواتریش کە لەساڵی(١٩٣٩تا١٩٤٩)دا گۆڤاری (گەلاوێژ) دەردەکات زیاتر پەرە بەو هەوڵەی دەداتو بەرئەنجامی هەوڵەکەیشی کۆمەڵە چیرۆکێکی زۆر باشەو لەو گۆڤارەدا بڵاویدەکاتەوەو بەمجۆرە تا ساڵی شەستەکان جگەلەم سێ کەسە، کەسی تر هەوڵی نوسینی چیرۆکی نەداوەو دەکرێ بڵێین: ئیبراهیم ئەحمەد لەدووانەکەیتر پڕ بەرهەم ترو زمان پاراوتریش بووەو ئەوەبوو دواترو لەساڵی(١٩٥٦) یەکەمین رۆمانی کوردیشی نووسی بەناوی (ژانی گەل)و بەداخەوە تاکۆتایی شەستەکان چاپ نەکراو خوێندەواری کورد نەیبینی.

لەخەوما چیرۆکێکی تاڕادەیەك درێژەو دەکرێ ناوی بنێین نۆڤلێت. ئەم چیرۆکە بەشێوازێی زۆر سادە رووداوەکە دەگێڕێتەوە، دەسپێکەکەی بەمە دەست پێدەکات (خوایە بەخەوی بگێڕی) لێرەوە تێدەگەین کەکەسێك یاخود باشترە بڵێین: پیاوێك خەوێکی بینیوەو دوای خەبەر بوونەوەی دەڵێ: خودایە بەخەوی بگێڕی، واتا ئەمە هەر لەخەودا وابێو بەڕاستی روونەدات. لێرەوە شتێك بەسەر کەسی خەون بیندا هاتووەو ئەوەندە ترسناکبووە کەهیوا دارەو لەخوداش داواکارە ئەوە تەنیا هەر خەوبێو هیچیتر. ئەم کەسە وەك دەڵێن: خەوی زڕاوەو ئیتر لەبەرخۆیەوەو هەر بۆخۆی ئەو خەونە دەگێڕێتەوە کەبینیوێتیو تیایدا چی بەسەرهاتووەو چۆن بەسەری هاتووەو کێش بەسەری هێناوە. پانتایی چیرۆکەکەو شوێنی رووداوەکانو جوڵەی

کەسێتییەکان لەناو شاردایە، زمانی کەسەکان زمانێکی تەواو شارییانەیەو دوورە لەهەر خەوش‌وخاڵێك کەئەو دەمە زمانی کوردی هەیبووە.

خەو بۆخۆی حاڵەتێکە مرۆڤ توشی شڵەژان دەکات، بەهەردوو باری خۆشی‌و ناخۆشیدا، خەوی خۆش ئینسان گەشبین دەکات‌و وایلێدەکات لەدوای بێداربوونەوەیەوە چاوەڕوانی شتێکی نوێبکات کەدەستی کەوێت. خەوی ناخۆشیش ئینسان بەدبین دەکات‌و بەهەمان شێوە لەدوای بێداربوونەوەی ئیسنانەکە ترسی ئەوەی هەیە شتێکی ناخۆشی بەسەر بێت. بەپێی شیکردنەوەی سایکۆلۆژیستان بۆ خەو بینین، ئینسان لەدوو حاڵەتدا خەو دەبینی، حاڵەتێك کە تەواو ترس چوار دەوری دەگرێت، یاخود خۆشی‌و شادمانییەك لەڕێیەتی‌و لەزووترین کاتدا دەیگاتیێ. حاڵەتێکی تر بەهۆی فشاری سەر ریخۆڵەو گەدەی ئینسانەوە دروست دەبێت لەکاتی خواردنی زۆرو ئەو جۆرە خۆراکانەی قورسن وەك پاقلەمەنییەکان، ئینسان هەمیشە لەکاتی زۆر خواردندا خەوی زۆرتر دەبینیێ، هەر چەند ئەمە مەرجیش نییە لەسەدا سەد وابێت. گەر بگەڕێینەوە بۆ خەوەکەی پاڵەوانی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) دەکریێ بڵێین: ئەم کەسە ترساوە لەواقعێك کە تێیکەوتووەو بەچاوی خۆی ئەو شتانەی بینیوە کەلەخەوەکەیدا بەسەری هاتووە، لەکاتی بێداربوونەوەشیدا کەسی لەدەورنییەو بۆخۆی دەگێڕێتەوە، ترسناکی خەوەکەی وایلێکردووە یەکسەر بەم رستەیە دەست پێبکات(خوایە بەخێری بگێڕی) ئەوەی لەخەوەکەدا تووشی بووە هەمووی شەڕبووەو لەخودا دەپاڕێتەوە بۆی بکاتە خێر.

لەژێر کاریگەری ئەدەبی ریالیزم‌و بەهۆی سەرکەوتنی کۆمۆنیزم لەڕوسیاداو لەوێیشەوە پەلهاویشتنی بۆ ئەم وڵاتانەی ناوچەکە. کاریگەری





تەواوی بەسەر کایەکانی ژیانی ئینسانداهەبوو، ئەدەبیش یەکێکە لەو کایانەو زیادەڕەوی نییە گەر بڵێین: گرنگترین کایەی ژیان ئەدەبە، چونکە هەمیشە رەگەکانی سیاسەت دەچنەوە سەر ئەدەب، کەدواتر سیاسەت دەبێت سەرخانی کۆمەڵگە. چیرۆکی لەخەوماش بۆخۆی دەکریێ وەك ئەدەبی ریالیزم لیێ بڕوانین‌و پاڵەوانەکەیشی وەك پاڵەوانێکی واقعی یاخود ویژدانی ناودێربکەین. چونکە پاڵەوان لەم چیرۆکەدا پاڵەوانێکی واقعییەو لەژیانی رۆژانەی خەڵکەوە دێت‌و بەزمانی خۆی لەخەمەکانی ئەدویێ، کەخەمەکانی ئەو دەبنە ئاوێنەی بەدیار خستنی تەواوی خەمەکانی خەڵکی سەردەمەکەی خۆی. لەچیرۆکەکانی (گێدی مۆپاسان‌و ئەنتۆن چیخۆف)ەوە چیرۆك رویکردە واقعییەت‌و ئەم چیرۆکەی (جەمیل سائیب)یش جا بەئاگا بێت یان بێگا لەژێر کاریگەری ئەو رەوتە چیرۆکنوسییەی (مۆپاسان‌و چیخۆف) بەتایبەتی نوسراوە. لێرەوەو لەناوەرۆکی ئەم چیرۆکەوە شتێکی سەرنج راکێشمان بۆ دەردەکەوێت کەڕەنگە خراپ نەبێت لێیبدوێین. لەسەر دەمی ئەمڕۆدا گرفتی ژیانی رۆژانەی خەڵك نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکانە، وەك نەبوونی غازو نەوت‌و سووتەمەنی بەگشتی، نەبوونی ئاو، نەبوونی کارەباو ئیتر رۆتین‌و گەندەڵی ئیداری‌و نەبووین عەدالەتی کۆمەڵایەتی. بەڵام لەسەر دەمی (جەمیل سائیب)و لەکاتی نوسینی چیرۆکی (لەخەوما) شتەکان زۆر لەئێستا سادەتربوون بۆ ئینسان، هەرچەند لەهەموو سەردەمێکدا ئینسان هەر ئینسانە، بەڵام تابەرەو پێشبچێت تموحەکانیشی زیاتر دەبێت. چیرۆکنووس باس لەوەدەکات کەخەڵك لەوکاتەدا لەنێوان پێشمەرگەکانی شێخ مەحمودو سەربازانی ئینگلیزدا چۆن گیری خواردووەو چۆن زوڵمی لێکراوە. بەڵام گەر ئێستا لەخەوما بنوسرایا رەنگە باسی لەوە

بکردایە کەئینسان چۆن سێ شەو لەسەرەی بانزین وەرگرتندا دەوەستێت و سەرمای زستان لەگۆی دەخات و دواتر بەنزینەکەیش وەرناگرێت. باسی لەوەدەکرد کەلەسالأنی (١٩٩٧تا٢٠٠١)چۆن ئینسان لەخاڵی پشکنینی دێگەڵەو کۆیە گیری دەخواردو تادەیشتە هەولێرو دواتر دەهاتەوە سلێمانی پازدە جار دایان دەبەزاند.

زمان لەم چیرۆکەدا پێش سەردەمەکەی دەکەوێت، نوسەر ئەوەندەی بۆیکرابێت خۆی لەوشەی بێگانە بەتایبەت عەرەبی و تورکی و فارسی پاراستووەو، پەنای بۆ وشەی کوردی بردووەو زۆر وشەی بەکارهێناوە کەلەو سەردەمەدا نامۆبووەو تەنیا بەزاری خەڵکەوە بووە، نەك لەنوسیندا بەکار هاتبێ. لەکاتی نوسینی چیرۆکەکەدا زمانی نوسینی خەڵك پڕبووە لەوشەی عەرەبی و فارسی و تورکیش، ئەم هەنگاوە پێشکەوتنخوازانەو نیشتمانیانەیەی (جەمیل سائیب) بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکەم: ناوبراو دژی شێخی نەمرو حوکمدارییەکەیشی بووەو ویستویەتی بەزمانێك قسەیان لەسەر بکات جیا لەزمانی خۆیان، کەهەوڵی پاککردنەوەیان نەداوە، لەکاتێکدا خۆشیان بەشۆڕشگێڕ زانیوە، دووەمیش: جەمیل سائیب پیاوێکی روناکبیر بووەو نەیویستووە هەروا شتێکی سەرپێی و راگوزەر بنوسێ و بۆئەوەی نوسیوە مێژوو تۆماری کات و لەناودڵی خۆیدا هەڵیگرێت. پاڵەوان یاخود کەسێتی چیرۆکەکە بەنیازی دەست کەوتنی کاسبی و پارە پەیداکردن لەگەڵ کاروانێکدا لەگوندێکەوە روودەکاتە شار، ئیتر هەر لەنیوەی رێدا تووشی تەق و تۆقی راورووتکەر دەبنەوەو ئەم بێ هیوادەبێ لەوەی کەتەنانەت بەسەلامەتیش بگاتەوە ناو خێزانەکەی. دواتریش بەنزیك بوونەوەیان لەشارو لەیەکەم خاڵی پشکنین لەلایەن





پاسەوانانی ئەوشوێنەوە دەستگیر دەکرێ و بەتکاو پاڕانەوەی کابرای خاوەن کاروانیش ئازادی ناکەن و لای خۆیان گلیئەدەنەوە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیە، دەکرێ بڵێین: ئەوە کوردستانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان و سەردەمی حوکمڕانی باش و خراپی (شێخ مەحمود)ی نەمر بوو کەوای لە(جەمیل سائیب)کرد (لەخەوما) بنوسێت، ئەمەش بۆیە دەڵێین: چونکە چیرۆکەکە هیچ نییە جگەلەوەی کەکارکتەرەکەیی خەموو ئازارو مەینەتییەکی زۆری بەدەست حکومەتەکەی شێخی نەمرەوە چەشتووە، هەمان شێوەی ئێستا، بۆیە ئەو چیرۆکەی نووسیوە. لێرەیشەوە شەڕی سەرەکی چیرۆکنوس لەم چیرۆکەدا، شەڕێکە بۆ تۆڵەکردنەوە لەکەسێك کەژیانی ئەمی فەوتاندووەو لەسەر رەنجی ئەم ژیاوە، کەلێرەدا رەنگە ئەمی نووسەر تەعمیمکرێتە سەر تەواوی کۆمەڵگە. ئەوەی نووسەر دەیەوێ تۆڵەی لێبکاتەوە (شێخ مەحمود)ی نەمرە(دەبێ ئەوەمان قبوڵ بێت کەبەمجۆرە ناوی شێخ بەرین) چونکە ئەو کەسەی لەم چیرۆکەداو لەماوەی سەعاتێکدا سێ جار بیروڕای دەگۆڕێت، جارێك لەگەڵ تورکەو جارێك دژییەتی، جارێك لەگەڵ ئینگلیزەو جارێکیتر دژییەتی، جارێك لەگەڵ هیچیان نییەو دژی هەردووکیان، ئەمە تەنیا پشت بەستن بەقسەی کۆمەڵێك خەڵکی بەرژەوەندخواز، وای لەم پیاوە واتا (شێخ مەحمود) کردووە کە بۆچوونی ئاوا بێت و خاوەن بۆچوونێکی سیاسی و راستو دروست و واقع بینانەی خۆی نەبێت لەپێناوی نەتەوەکەیدا. کارەکتەری چیرۆکەکەی لەژووری پشتەوەی شێخ مەحموددا زیندانییەو ژووری ئەودیویشی پڕە لەژن کەپێدەچێت دیسان خێزانی شێخ بێت، چونکە زۆر ژنی تر دێنەلای و ماستاوو مەرایی بۆدەکەن و باسی کراس و

ئەنگوستیلەی گران بەهاو ئاڵتوونو شتیتر دەکەن کەگوایا فلانەکەسی نۆکەری جارانتان هەیەتیو تۆ نیتە بۆچی نانێری لێیسەنن.؟ ئەویش گورج بەقسەیان دەکات. لیرەدا ناچار دەبین ئاوڕ لەژیانی ئەو کاتەی خەڵکی کورد بدەینەوە کەچەند پڕ ڕەزالەتو چەرمەسەریو نەبوونی بووەو ژیانی مەلیك مەحمودی نەمرو دارو دەستەکەیش هەمان شێوەی ژیانی سەرکردایەتی کوردو دارو دەستەکەیان چەند پڕ خۆشگوزەرانیو ئاسوودەیی بووە. لەکاتێکداو نووسەری چیرۆکەکە بۆ پەیداکردنی نان هاتۆتە شارو تووشی ئەم دەردەسەرییە بووەو، سەرباری ئەوەش بەجاسووسو پیاوی ئینگلیزی دەزانن. لێرەدا دەکرێت ئەوەش بڵێین: کەزۆر کەس ئەم چیرۆکە بەچیرۆك نازانن‌و پێیانوایە بەهاندانی ئینگلیزو (میجەرسۆن)ی حاکمی سیاسی ئەوکاتی ئینگلیز لەکوردستان نوسراوەو تەنیا پڕو پاگەندەیەکی خراپە، بۆ ناوزڕاندنی شێخ مەحمودی نەمرو شۆڕشو حوکمدارییەکەی. بەڵام ئەو بۆچوونەش وەك ئەم بووچوونەی ئێمە، تەنیا بۆچوونەو مەرج نییە هیچیان ڕاستبن.

دەکرێ لەدواجاردا ئەوە بڵێین: کە ئەدەب باشترین مەیدانی تۆڵەکردنەوەی بن دەستانە لەسەردەستانو کاریگەرترین چەکی دەستی هەژارو نەداران نوسینو ئەدەبیاتە. ئەوەشی دەمێنێتەوە هەر ئەدەبیاتو شاکارە ئەدەبییەکان. ڕەنگە لەپەنجا ساڵی داهاتوودا کەس ناوی (شێخ مەحمود)ی نەمرو شۆڕشەکەی لەبیرنەمێنێ، بەڵام هەر لەو پەنجاساڵەی داهاتووەدا ناوی (جەمیل سائیب)و چیرۆکی (لەخەوما) زیاتر بدرەوشێنەوەو باڵابەرزترین پەیکەریشی بۆدروستکرێت. ئەوەی جێدەمێنێ بۆ نەتەوەی کورد لەسی ساڵی سەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵێك ناوی





وەك (بێکەسو ئەحمەد موختار جافو جەمیل سائیبو ڕەفیق حیلمی)و چەند ناوێکی ترن. کەتا دنیا دنیایەو تاکورد بەرەو پێش بڕوات ناویان گەورەتر دەبێتو جێگەی گەورەتر لەیادەوەری خەڵکدا داگیردەکەن.

*لەژمارە(٧٢)ی گۆڤاری ئاینده لەئایاری ٢٠٠٧ بڵاوبۆتەوە.

# قودرەتی زمان و شکستی نوسەر

تائێستاش لای زۆر نوسەرو خوێندەواری کورد وادەوترێت کەزمانی کوردی قودرەتی داهێنانی تێدانییەو ناتوانرێ دەقی گەورەی وەك رۆمانی پێ بنوسرێ. ئەمەش زیاتر بۆ خۆدزینەوەیە لەداهێنانو شاردنەوەی تەمبەڵیو قەڵەم کولی نوسەرانی ئێمە دەگەڕێتەوە، چونکە هەمیشە ئەوە نوسەران بوون توانیویانە لەڕێگەی قەڵەمەوە گۆمی لێڵی زمان روونتربکەنەوەو بەرەو پێشەوەی بەرن، لەدەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەق شتێك نییە پێی بوترێ بەرەو پێشبردنی زمانو هەر لەخودی دەقیشەوە زمان زیندوو رادەگیرێو پرۆسەی نوێبوونەوەی تێدا روودەدات. ئەوەی زمانی کوردی نوێکردەوەو مشتومالیکرد میرنشینی (بابان)و نوکی نێزەو حیلەی ئەسپی شۆڕەسوارەکان نەبوو، بەڵکو ئەوە (نالی)و سیحری وشەی شیعرەکانی (نالی) بوون توانیان ئەوەبکەن. دەسەڵات هیچ کاتێك توانای





بەرهەمهێنانەوەی زمانی نییە ئەوەندەی توانای سەرکوتکردنی ئەو زمانەی هەیە لەڕێگەی موقاتەعەکردنی نووسەرانو پەراوێز خستنیانەوە، ئێخۆ هەر (نالی)ش بوو سەری خۆییو شیعرەکانیشی هەڵگرتوو لەغەریبیو غوربەت دوور لەیارو نزیك لەئەغیار سەری نایەوەو تائێستاش رازی رۆیشتنی (نالی)مان بۆ ئاشکرا نەکرا.

دەسەڵاتی نوسەر لەوێدا دەردەکەوێت کەبەدرێژایی نوسینی دەقێکی گەورە خوێنەر هەناسە سوار نەبێتو پەلکێشی ناو رووداوەکان بکرێت، وەك چۆن خوێنەری ئێمە هەناسە کورتەو توانای خوێندنەوەی تێکستی درێژو ئاڵۆزی نییە، هەمان شێوە نوسەرانیشمان هەناسە کورتنو زۆرجار لەبەر هەناسە کورتی خۆیان دەقێکی جوان کورت دەکەنەوەو لەکورتیو لەو شوێنەی خوێنەر حەزی بەدواداچوونی روداوەکانە دەیبڕنەوەو نایانەوێ درێژ دادڕی بکەن، ئەمەش بەخاتری خوێنەر نییە ئەوەندەی بەخاتری تەمبەڵی خۆیانە. زمان وەك زیندەوەرێکی زیندوو توانای ژیانی بەردەوامی هەیەو هەر لەڕێگەی زمانیشەوە مردنو نەمری دەق دیاریدەکرێت، واتا دەکرێت بڵێین زمان وەك دادگایەك وایە یان بڕیاری مردن بەسەر دەقدا فەرز دەکات یاخود بڕیاری نەمری، کەدیارە هەردوو بڕیارەکەش لەدەستی نوسەری داهێنەردایە، دروستتر بڵێین خودی دادگاکە خودی نوسەرە، واتا ئەو دەتوانێ لەڕێگەی زمانەوە نەمری بە دەقەکەی ببەخشێت.

(شاری مۆسیقارە سپییەکان) دوا رۆمان یان دوا شاکاری (بەختیار عەلی)ە ئەو دەقەیە کەهەموو مەوداکانی زمانی کوردی تێپەڕاندووەو زۆر قسەی نەستەقی خەڵکانێکی بەدرۆخستۆتەوە کەلەبەر تەمبەڵیو قەڵەم کولی خۆیان دەیانوت زمانی کوردی توانای ئەوەی نییە دەقی نەمرو

گەورەی پێبنوسرێت. ئەم رۆمانە شەڕی جوانیو نەمری دەکات شەڕێك بۆ گێڕانەوەی حورمەتو جوانیو ناسکی بەر لەهەر شت بۆ ئینسان پاشان بۆ ئەو دنیایەی ئینسانی تێدا دەژی. شەڕی ئەم رۆمانە ماف دانەوەیە بەهەر ماف خوراوێك، ئەم رۆمانە لەیەك کاتدا لەسەر سێ تەوەر یاخود سێ بابەتی گرنگو هەستیاری ناومێژووی ئێمە قسە دەکاتو لەدەرگای هەر یەکێك لەم بوارانەوە دەچێتە ناخی کەسێتی ئینسانی کوردەوە. بواری یەکەمیان زمانە کەلەم رۆمانەدا هەم لەمۆرکە گوند نشینەکەی خاڵیکراوەتەوەو هەم لەو زمانە تەکنۆلۆجییە شارنشینەش دوورخراوەتەوە کە(بەختیار) لەشیعرەکانیدا بەکاریدێنێت، چونکە دەبێت ئەوە بزانین زمانی بەختیار لەشیعردا زۆر وشكو رەقەو تەواو ئالودەیە بەتەکنۆلۆجیاو زمانی شارو سەردەمی پیشەسازی بوون، زمان لەم رۆمانەدا دەگاتە ئەو پەڕی شیعرییەتو سادەو پاراوی، کەوشە دوای وشە چێژی خوێندنەوە لەخوێنەری رۆمانەکەدا دروستدەکاتو لێناگەڕێت تەنگە نەفەس بیتو دەست لەخوێندنەوە هەڵگریت. ئەو زمانەی بەختیار لەشاری مۆسیقارە سپییەکاندا بەکاری بردووە هەمان ئەو زمانەیە کەئێمە پێی دەدوێین، بەڵام جیاوازی نێوان ئێمە وەك خوێنەرێکی بەختیارو خودی بەختیاردا ئەوەیە کە ئەو شێوازی نوێی لەدەربڕینو بەکاربردنی ئەو زمانەدا دۆزیوەتەوەو وایکردووە توانای کشانی هەبێتو وشەو رستەو پەرەگرافو لاپەڕەی درێژی پێبنوسێتو خوێنەریش بێزار نەکات. ئەوەشی لەنوسینی هەر دەقێکی ئەدەبیدا گرنگە ئەمەیە کەخاوەنی دەقەکە بتوانێ شێوازێکی نوێی دەربڕین بدۆزێتەوەو زمان بێنێتە سەما، ئەوساش هەم دەقەکە نەمری بەدەست دێنێ، هەم نوسەرەکەیشی پاسپۆرتی هەموو سەردەمەکان





وەردەگرێتو مێژوو ناچارە بیگرێتە ئامێز. زمانی کارەکتەرو کەسێتییەکانی بەختیار، کەهیچ نییە جگەلە لەزمانی خودی بەختیار، زمانێکی تەواو شیعریو پڕ لەڕەوانبێژیو فەنتازیایە، کەسێتییەکانی بەختیار کەسێتی ناو کۆمەڵگەنو بێ هیچ پێشەکیو پرۆڤەیەك دەبنە پاڵەوانی رۆمانەکەو جۆرێك لەنەمری بەدەست دێنن.

تەوەر یان بابەتی دووەم کەلەم رۆمانەدا قسەی لەسەر کراوە مێژووە، مێژوو بەهەموو قورساییو کاریگەرییەکانییەوە لەسەر سایکۆلۆژیا و جەستەی ئینسانی کورد بەتایبەتیو ئینسانی عێراقی بەگشتی، ئەم رۆمانە لەهاتنە سەردەسەڵاتی بەعسیەکانەوە واتا ساڵی(١٩٦٣)وە کە بەکودەتایەك بۆ ماوەی چەند مانگێك دەسەڵاتیان وەرگرتو دواتر لێیان وەرگیرایەوە دیسانەوە لەساڵ(١٩٦٨)داهاتنەوە تاڕوخانی حکومەتەکەیانو سەدامی دیکتاتۆریانەوە پیایدێتو هەموو ئەو گۆشەو کونو کەلەبەرانە بەسەر دەکاتەوە کەهیچ مێژوونوسێك نەیتوانیوە پەی پێبەرێت. وەفیق سامەڕایی لەژێر ناوی(نەقیب سامیری بابلی)دا دەردەکەوێتو وەك جەللادێکی پەشیمانبووەوەی بەعسو کەسێك کەهەستی بەوە کردبێت ئەوەی ئەوان کردویانە تاوانە، دێتو لەکردەوەکانی، لەئینسان کوژییەکانی پەشیمان دەبێتەوەو ناوی قوربانییەکانی ئاشکرا دەکاتو ئامادەیە دادگایی کرێت، ئەوێك نەخشەی گۆڕی بەکۆمەڵو رەشەکوژییەکانی کوردی پێیەو ئێمەش وەك کاراکتەری سیاسی کورد ناتوانین دادگایی بکەینو قوربانییەکان دادگای بۆ دادەمەزرێنن.

بەعسییەکان بەکودەتایەکی خوێناوی هاتنو لەسەر تاسەری عێراقدا دەیان قەسابخانەیان دروستکردو وڵاتیان کردە گۆمی خوێن. کاتێك

(جەلادەتی کۆترو سەرهەنگ قاسم) بەیاوەری مامۆستاکەیان (ئیسحاقی لێوزێڕین) لەزێکەوە دەپەڕنەوەو دەکەونە بۆسەی سەربازە عێراقییەکانەوەو دەستگیر دەکرێن یەك لەئەفسەرەکان لەبەردەمیاندا پیسایی دەکات، ئەودەم جەلادەت دەڵێ من تێگەیشتم ئەمە یەکەمجارو دوایین جارنییە بەعسییەکان (گو) بەهونەرو جوانیدا بکەن. مێژوو لەم ڕۆمانەدا ئەو مێژووە وشكو ڕەقە نییە کەلەپۆلەکانی خوێندنو کۆلیژەکاندا دەمانخوێندو دەیخوێنین، ئەو مێژووەش نییە کەپیاوێکی دەربار دەینوسێتو تەنیا بەشانو باڵی دەسەڵاتدا هەڵیداوە. ئەم مێژووە لەهەناوی ئەدەبەوە هەڵدەقوڵێتو ئەدەبی ڕاستەقینەش دەست وەرناداتە شتەکانەوەو لێدەگەڕێ خۆیان بدوێن. وەك چۆن لەم ڕۆمانەدا مێژوو خۆی دەدوێ، قوربانییەکان خۆیان باس لەخۆیان دەکەنو جەلاد خۆی بەشوێن قوربانییەکانیدا وێڵە دادگاییبکەن، جەللاد لێرەدا نایەوێ خۆی بداتە دەست دادگایی دەسەڵاتەکانو کەسێکی وەك (مەهداوی) دادگایی بکات، جەللادەکەی بەختیار هەستی گوناهەی تێدا ڕسکاوەو دەیەوێت پاکبێتەوە، بەپێچەوانەی هەموو جەللادانی دنیاوە، بەختیار لێرەدا وێنەیەکی سایکۆلۆژیانەی جەللادمان دەداتێ، وێنەی بێزتووشی هەر ئینسانێکی گوناهبار، هەر ئینسانێك کەدەستی چوبێتە خوێنی هەر زیندەوەرێك.

تەوەرێکی تری قسەکردنی بەختیار لەم ڕۆمانەدا وەستانە لەسەر خاڵێك یان دیاردەیەکی زۆرهەستیارو کوشندەی کۆمەڵگەی کوردیکیو کۆ ویژدانی نەتەوەی کورد، ئەو خاڵەش نەبوونی یادەوەری بەکۆمەڵ یاخود یادەوەری لەسەر ئاستی تاك، ئینسانی ئێمە یادەوەری نییەو زۆر ڕقی لەهێشتنەوەی شتەکانە لەزاکیرەیدا، بەجۆرێك ڕقی لەرابردووی خۆیەتی





کەوێنەیەکی پاكو بێگەردی خۆی وەکو قوربانیو دوژمنەکەی وەکو جەللاد لانامێنێتەوە. لێرەشەوە ئینسانی ئێمە ئەوەندەی ڕقی لەرابردوویەتی ئەوەندە زیاتر ڕقی لەداهاتووشییەتی، تەنیا بۆئەو چرکەیە دەژی کەتیایدا هەناسە ئەدات. بەختیار لێرەدا زۆر زیرەکانە کاری لەسەر ئەو حاڵەتە ترسناکە کردووەو ڕەنگە دوور نەڕۆین گەر بڵێین کاری بەختیار لەم ڕۆمانەدا تەنیا قسەکردنە لەسەر ئەو ڕۆحی یادەوەری کوژەی کەبەدرێژایی مێژوو کورد بەرهەمیدێنێو شۆڕشو حزبەکانیشی بەرپرسی سەرەکی ئەو حاڵەتەن.

لەسەر ئاستی تەکنیکی بەختیار بەدوو شێوە کاریکردووە لەلایەك هاتووە (تەنزیر)ات دەکات، یاخود قسە لەسەر هونەر بەگشتیو دواتر هونەری شێوەکاریو مۆزیكو شیعر دەکات کەهەموو قسەکردنەکانی لەپێناوی ئەدەب یاهونەرێکدایە کەبچێتە خزمەتی جوانییەوەو لەهەموو ئەو هونەرو ئەدەبانە دوور بێت کەتەنیا هەواو هەوەسێکی کاتی یاخود خزمەتی دەرباری دەسەڵاتێك دەیخولقێنێ. بەدرێژای ئەم ڕۆمانە ئێمە دەکەوین بەسەر ئەو وەسفە جوانانەی ڕۆماننوس لەسەر هەر یەکێك لەو ژانرانەی هونەرو ئەدەب دەیکاتو دەست نیشانی دەکات کەکامەیان حورمەت گرتنە لەجوانی. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە و لەئامۆژگارییەکانی (ئیسحاقی لێو زێڕین) بۆ (جەلادەتی کۆترو سەرهەنگ قاسم) دەردەکەوێت، تادەگاتە سەر قسەکانی (موسای بابەك)و دواتر (مستەفای شەونم)و پاشان (شاروخی شارۆخ) کارەکتەرێك کەبەدرێژایی ڕۆمانەکە چەند جارێکی کورت دەردەکەوێتو یەکێکیشە لەپایە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە. شێوەی دووەمی تەکنیکی بەختیار لەم ڕۆمانەدا کارکردنە بەفەنتازیاو دروستکردنی

ئەفسانەو داو شلکردن بۆ هەوداکانی خەیاڵ کە دواتر جوانترین چنین دەبینین لەکۆی رۆمانەکەدا، شارێك لەناوچەکانی فوراتی ناوەڕاست لەئاوێنە دروستکراوە، شارێکە پڕ لەئاپۆراو هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە، کۆڵانەکانی دەچنەوە سەریەك‌و هەرچی ئینسانی قاچاخ‌و لەڕژێم هەڵاتووە لەوێن، شارێکە تەنیا لەتخوبەکانی خەیاڵدا هەیەو لەسەر ئەرزی واقع وجودێکی نییە، ئۆردوگایەك لەناوچە سنوورییەکانی عێراق‌و ئێران شەوێك با دەیبا بەئاسمانداو ئیتر نابینرێتەوە، ئەسپی سپی و کچی باڵداری لەشێوەی پەری‌و فریشتەدا، مۆسیقارێك بەخۆیی‌و فلوتێکەوە جەللادترین پیاوی بەعس دەکاتە فریشتەو بەشوێن پاکبوونەوەدا دەگەڕێت، مستەفای شەونم کەتەنیا ئەم دەیبینێ‌و کەسیتر هەستی پێناکات‌و دواتر ئۆقیانوسی هاوارەکان کەتونێڵێکەو لەمسەر بۆئەو سەری زەوی درێژبۆتەوەو جگەلەمان جوانیناسانی تری دنیا کەسیتر رێی تێناکەوێت. ئەمانە هەمووی زادەی خەیاڵی بەختیارن‌و لەناو رۆمانەکەشدا تاکەشتێکن کەهەر چەند کارەکتەرێکی رۆمانەکە ئاگادارن‌و کەسیتر بەو هەموو شتە سەیرە نازانێت.

لایەنێکی تری جوانکاری لەم رۆمانەدا کەگەورەترین هێزی بەخشیوەتە کۆی دەقەکە بوونی ئەو هەموو پاڵەوان‌و کارەکتەرەیە، کەخوێنەر تووشی هەر یەکێکیان دەبێت وادەزانێ ئیتر رۆڵەکەی تەواوو کەچی دواتر دەبینێت بەبێ بوونی ئەو کارەکتەرە رۆمانەکە ناکامڵە. شاروخی شارۆخ بەدرێژایی رۆمانەکە چەند جارێکی زۆرکەم دەردەکەوێت‌و کەچی بەشێکی زۆر لەکۆتایی رۆمانەکە بەر ئەو کەوتووە، خانمی شاناز سەلیم لەبەشەکانی کۆتایی رۆمانەکدا دەر دەکەوێت‌و ئەویش هەمان شێوە بەشێکی زۆری کۆتایی رۆمانەکەی بەر دەکەوێت، مستەفای شەونم کەمترین قسەو





دەرکەوتنی لەڕۆمانەکدا هەیەو ئەرکێکی قورسی لەکۆتایی رۆمانەکەدا بەرکەوتووە، لەشاری تەپوتۆزە زەردەکان یاخود لەو شارە خەیاڵییەی فوراتی ناوەڕاست ئەسپێکی سپی جەلادەتی کۆترو نەقیب سامیری بابلی دەگەیەنێتەوە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان‌و ئێران، ئەو ئەسپە رۆیشتنەکەی سەر سوڕهێنەرەو واتێدەگەیت کە رۆماننوس تەنیا بۆ چارەسەرکردنی ئەو رووداوە بەکاری هێناوە، بەڵام دواتر کەجەلادەت بۆ قوربانییەکانی سامیری بابلی دەگەڕێت بۆ مەسەلەی دادگاییکردنەکە دیسانەوە ئەسپە سپییەکە دێتەوەو بەبێ ئەویش ئەو مەسەلەیە مانایەکی نامێنێت. ئیتر بەم شێوەیە ئەو هەموو پاڵەوانە دەبنە رایەڵی جوانترین چنراوێك لەئەدەبیاتی کوردیدا کەتائێستا وێنەی نییە.

# ئێمە هاتین و بەهەشتێك بەسەر سەرمانەوە نەبوو

مرۆڤ هەمیشە لەترسێکی بەردەوامدایە لەو دۆزەخەی کەئایینەکان دەڵێن لەو دنیا، واتا دوای مردن بۆ ئینسانی گوناهبارو گوناهکاری دادەخەن و تێیدا کڵوکۆی دادەمرێتەوە، ئەو دۆزەخە هەرکەسێك لەخۆیدا دەسوتێنێ کەپێچەوانەی ئایینەکان رەفتاری کردبێت و پشتی کردبێتە خۆشییەکانی ئەو دنیاو رووی لەئارەزووەکانی ئەم دنیایەکردووە، بەری بۆ حەزە جەستەییە تێرنەبووەکانی خۆی ئاوەڵاکردووەو ئەوەی بیرچۆتەوە وەك چۆن خودایەك هێناویێتییە بوون، هەمان شێوەش ئەو خودایە دەیباتەوە بەرەو نەبوون. ئایینەکان قسەی زۆریان لەسەر جەستەی ئینسان کردووەو قورسایی خۆیان لەسەر جەستەی ئینسان رۆناوە، ئەو دۆزەخ و بەهەشتەش کەبەئینسان بەڵێندراوە هەر لەسەر جەستەی ئینسان وەستاوەتەوەو ئەوەی پشت لەخۆشی و ئارەزووە جەستەییەکانی ئەم دنیا





بکات و خۆی هەڵگرێت بۆ ئەو دنیا فانییەی باسدەکرێت ئەوا دەچێتە بەهەشت و هەرچی دڵ و جەستە بیخوازێ لەوێندەر هەیەو، گەر واشینەکردوو هەر بەشوێن ئارەزووە جەستەییەکانی خۆیەوە بوو ئەوا دەچێتە ئەو دۆزەخەی هەمیشە بۆ لەڕێ لادەران نێڵەنێڵ دەسوتێ و ئەویش لەخۆیدا دەسوتێنێ. بۆیە دەبێت ئینسان چۆن بەپاکی دێتە ئەم ژیانەوە ئاوهاش بەپاکی لێیدەرچێت و نامەی ئەعمالی بەسپێتی لەگەڵ خۆی بەرێت.

هەمیشە ئینسان لەکاتی ناخۆشی و دەردەسەریدا ژیانی لێدەبێتە دۆزەخ و هەتابیری ئینسان توانای رۆیشتنی هەبێت ژیانیشی درێژ دەبێتەوە، ئەوەش تەنیا وەستاوەتە سەر قورسگرتنی ژیان و بایەخدان بەشتەکان، بەڵام لەوەختی خۆشی و شادمانیدا، لەچرکەساتەکانی عەشقدا، لەو وەختانەی کەئیتر ئینسان لەخۆشیدا توانای فڕین بەدەست دێنێ و ئەم ئەستێرەیە بەجێدێڵێ، ژیان هێندە کورت دەبێتەوە، زۆرجار هەست بەترپەی لێدانی دڵی و خشپ و هوڕی رۆیشتنی دەکەیت بەپەنا گوێتدا، وەك چۆن خەزان گەڵایەك دەوەرێنێ و بەئارامی لەبەردەم تۆدا دەیکێشێ بەزەویدا.

(ژیان کورتە) رۆمانێکی تری رۆماننوسی نەرویجی (یۆستاین گاردەر)ەو (رێبوار سیوەیلی) وەریگێڕاوە، ئەم رۆمانە بەقەبارە زۆر کورتەو بەناوەرۆکیش زۆر گەورەو دەوڵەمەند، کێشمەکێشی نێوان خوداو ئینسان و ئینسانی ئاسایی و پیاوانی کەنیسە لەسەدەی شازدەدا دەخاتەڕوو. وەك تەواوی کارەکانی تری گاردەر ناوەرۆکێکی فەلسەفی هەیەو زۆر پرسیار لای خوێنەر دروستدەکات کەدەبوو زۆر زوتر بیکردایەو لەدەمی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا دێ بەسەریدا ئەو پرسیارانە بکات. جگەلەوەش لەم رۆمانەدا گرفتە کەینونەییەکانی ئینسان قسەی لەسەر کراوە. گرفتی ترسان لەخوداو دیسان حەزکردن لەلەزەتەکانی دنیاییش. بەکورتی لەم رۆمانەدا گەشتێکی

کورت و چڕو پڕدەکەیت بەجیهانی فەلسەفەی کلاسیکداو دواتر ئایینی مەسیح لەسەدەی شازدەو پێشتریشدا دراوەتە بەر رەخنەو سەرکۆنەکردن و دواتر سیستەمی پیاو سالاری قسەی لەسەر کراوە، بەو جۆرەی کەئایینیش پشتی ئەو سیستەمەی گرتووە. عەشق تەوەری سەرەکی رۆمانەکەیەو دواتر ترسان لەدۆزەخ بەسەر ترپەکانی عەشقدا سەردەکەوێت. (گاردەر) زیرەکانە لەدوو توێی خوێندەنەوەی کتێبی(دانپیانانەکانی) قەشە (ئاگۆستین)ەوە بیرۆکەی ئەم رۆمانە هەڵدەهێنجێ و بەفێڵێکی جادوو ئاساش والە خوێنەر دەگەیەنێ کەگوایا ئەمە رۆمان نییەو بەڵکو دەستنووسی نامەیەکی (فلۆریا)یە کەبۆ قەشە (ئاگۆستین)ی نوسیوە. (فلۆریا) عەشیقەی ئاگۆستینەو دوای ئەوەی لە(قرتاجنە) عاشقی دەبێت و مناڵێکی لێی دەبێت، بەئامۆژگاری (مۆنیکا)ی دایکی (ئاگۆستین) واز لە(فلۆریا) دێنێ و کەسێك دەکاتە هاوسەری خۆی کەلە بنەماڵەیەکی هاوشێوەی خۆیان خانەدانە. عەشقی نێوان فلۆریاو ئاگۆستین سالانێکی زۆر دەخایەنێ، ئەم نامەیە دوای چەند ساڵێك لەنوسین و بڵاوبوونەوەی کتێبی(دانپیانانەکان)ی (ئاگۆستین) نوسراوەو لەبەر رۆشنایی دانپیانانەکانی ناوبراودا فلۆریا نامەکەی نوسیوە، لەدەمی نوسینی نامەکەدا ئاگۆستین لەهەموو ئەو چرکەساتانەی عەشق و ئاوێزانبوونەی (فلۆریا) پەشیمانەو خۆی بەگوناهبار دەزانێت لەبەرامبەر خودادا کەچەند ساڵێکی ژیانی تەرخانکردووە بۆ خزمەتکردنی حەزە جەستەییەکانی و وەك پیاوێکی باوەڕدار نەجوڵاوەتەوە. ئالێرەوە مەیلی پیاوسالاری دەردەکەوێت کەتائەو شوێنەی پێویستی بەفلۆریابووە وەك مەعشوقێك لێیڕوانیوەو کاتێکیش کە پێویستی پێی نەماوەو حەزەکانی خۆی تێرکردووە، فلۆریای وەك مەترسییەك بۆ سەر چوونە فیردەوسی خۆی بینیوەو ئەوەندەی توانیبێتی لەبەردەم خودادا دانی





بەوەدا ناوە کەئەو ساتانەی لەگەڵ فلۆریادا بووە نەزان بووەو غەرقی ئارەزووە شەیتانییەکانی خۆی بووە، لەمەتنی رۆمانەکەدا گفتوگۆی دووکەس دەبینین کە بزوێنەری سەرەکی گفتوگۆکە فلۆریایەو دەیەوێ دوای (دە)ساڵ بەسەر جوانەمەرگ بوونی عەشقی خۆیی و ئاگۆستینەوەو دوای ئەوەی کە لەڕێگەی قەشەی قەرتاجنەوە کتێبی دانپیانانەکانی ئاگۆستنیی خوێندۆتەوەو زۆر شتی لەسەر ئاگۆستین بۆ دەرکەوتووە. دەیەوێ لەڕێگەی نامەیەکەوە دادگاییەکی ئینسانییانەی ئاگۆستین بکات کەهیچ نییە جگەلە دادگاییکردنێکی دادپەروەرانەی کڵێساو پیاوانی کڵێسا کەبەناوی خوداو بەپشتی خوداوە هەزاران کەسیان بەمنارەی کەنیسەکانەوە هەڵواسی. ئەوەنییە فلۆریا بۆ ئەوی نوسیوە کە(من باوەڕم بەخودایەك نییە کەقوربانی لەمرۆڤ دەوێ، من ئیمانم بەو خودایە نییە کەژیانی ئافرەتێ بەر باد دەکات بۆ ئەوەی رۆحی پیاوێ رزگار بکا)...ل٤٢

قسەی فلۆریا قسەی ئازادی و قوتاربوونە لەکۆت و پێوەندەکانی جەهل و دانپیانانەکانی ئاگۆستینیش گەڕانەوەن بۆ باوەشی جەهل و جیمان لەناو جەهلدا، فلۆریا پێی وایە تێکڕای ئەندامەکانی جەستەی ئینسان خوداین و ئاگۆستینیش وای دەبینێ کەئەندامە زایەندەکانی ئینسان ئەوەندەی شەیتانین ئەوەندە خودایی نین، بۆیە ئەو ساڵانەی عەشق و ئاوێزانبوونی لەگەڵ فلۆریا بەدواکەوتنی نەفس و بەرەڵاکردنی ئارەزووەکانی دەزانێت. بەڵام فلۆریا پێیوایە مادام ژیان هەیە دەبێ ئینسانیش بۆی بژی(وەرە باوای دابنێین ئەم ژیانە تەنیا شتێکە بۆی دروستبووین) دادگاییکردنەکەی فلۆریا وادەکەوێتەوە کەپێمان بڵێت ئینسان ئایین و پێغەمبەرو خوداکانیشی بۆ جڵەوکردنی سەرکێشییەکانی خۆی داهێناوە بۆیە تائەو جێگایەی پێویست بکات دوای ئارەزووەکان و دەکەوێت و نەفسی بەرەڵادەکات، لەکوێش تاقەتی

چوو بەهەزار هەنجەت لەو کردەوانەی پەشیمان دەبێتەوەو لەبەردەم ئەو خودایەدا کەپێشتر بەهایەکی بۆ دانەناوە دەکەوێتە سەرچۆك. ئەم سیفەتەش زیاتر لەپیاواندا هەیەو فلۆریا بۆ قسەیەکی (تاکیتۆس) گەڕاوەتەوە کەدەڵێت (لەبەڵادا خەمخواردن بەشی ئافرەتانەو یادکردنەوەش شایانی پیاوان) فلۆریا بەدەم گێڕانەوەی ئەو ساڵانەی خۆشەویستییەوە دەناڵێنیۆ ئاگۆستینیش یادەوەری دەگێڕێتەوە. بەڵام فلۆریا ژیانی ئەو دنیا رەتدەکاتەوەو پێی وایە ئاگۆستین ئەوسا راستگۆبووە لەگەڵ خودی خۆیی و فلۆریاشدا، نەك ئێستاو واشیدەبینیۆ کە(دڵنیاییەك نییە سەبارەت بەوەی ئەبەدییەتیۆ بۆ رۆحە دارماوەکانی ئێمە هەبێت) خوێندەنەوەی ئەم رۆمانە تەنیا لەبەر شارەزابوون و ئاشنابوون بەئەو قۆناغەی مەسیحییەت پێویست نییە لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵکو لەبەر ئەوەش پێویستە کەتەکنیکێکی هونەری لەنوسینیدا بەکارهاتووە خوێنەر بەشوێن خۆیدا پەلکێش دەکات. لەکۆتاییدا شتێك هەیە دەبێت بوترێت وەرگێڕەکانی ئێمە سەر لەخوێنەر تێك دەدەن، (بەهرۆز حەسەن) چوار رۆمانی ئەم نوسەرەی وەرگێڕاوەو ناوەکەی بە(یۆستاین گاردەر)داناوە، کەچی (رێبوار سیوەیلی) کەوەرگێڕی ئەم رۆمانەیە بە(یۆستین گۆردەر)دایناوە. تۆبڵێی کامەیان راست بێت چونکە ئەمەش بۆ خوێنەری ئێمە گرنگی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی ناکرێت رۆماننوسێکی بیانی ئەو هەموو خوێنەرەی لەناو کورددا هەبێت و ناوەکەی بەهەڵە بگاتە ئێمە.

*ئەم رۆمانە لەچاپکراوەکانی دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانییەو (رێبوار سیوەیلی) لەدانمارکییەوە وەریگێڕاوە.

*دێڕی ناو کەوانەکان لەرۆمانەکەوە وەرگیراوە.

*لەژمارە(٤٧١)ی ئەدەب و هونەری کوردستانی نویۆ لەڕۆژی ٢٠٠٦/١/٢٦بڵاوبۆتەوە.

# بەژنی کەمانچەو تارمایی ژن

## لەڕۆمانی کەمانچە ڕەشەکەدا

پێشکەوتنی زانستو تەکنۆلۆژیا رەنگە بەجۆرێك لەجۆرەکان کاریگەری لەسەر ئەدەبیات هەبێت، بەتایبەت لەڕووی کەمبوونەوەی خوێنەرو کەمتر خوێندنەوەیەوە، ڕەنگە لەڕابردوویەکی دووردا کتێبێك جا ڕۆمان بێت یان تێکستێکی فەلسەفی وەك شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی یاخود سیاسی لەلایەن خەڵکەوە وەرگیرابێتو بۆ ماوەیەکی زۆر هەرایەکی گەورەی نابێتەوە، یاخود زۆرجار دوای ماوەیەکی زۆر ڕۆمانێك دێتو هەرایەکی سیاسی گەورە دەنێتەوەو مشتومڕێکی زۆر دەخاتە ناو کۆمەڵگەوە. ڕۆمانی(خوانێك بۆ گژو گیای دەریا)ی (حەیدەر حەیدەری) دوای نزیکەی (سی) ساڵ لەنوسینو بڵاوبوونەوەی لەوڵاتی میسر هەرایەکی سیاسی گەورەی نایەوەو گروپە ئیسلامییەکان فتوای کوشتنی خاوەنەکەیان دەرکرد. بەڵام ڕەنگە لەئەمڕۆدا بەگشتی ئەدەبیات ئەو کاریگەرییە گەورەیەی نەمابێت، هەر بۆیە





زۆر کەم ڕۆمانی قەبارە گەورە دەنوسرێنو تەواوی ژانرەکانی ئەدەب بەرەو کورتیو پوختی دەڕۆنو بەسادەیی دەخرێنە بەردەم خوێنەر، ئەمە تەنیا بۆچوونێکەو ناکرێت وەك فتوایەکی ڕەها وەرگیرێت. چونکە لەکاتی نوسینی ئەم بابەتەدا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانە تازەکەی (بەختیار عەلی)م (شاری مۆسیقارە سپییەکان) کەبەقەبارەی گەورە(٦٢٥)لاپەڕەیە. بەڵام کۆمەڵگەو خوێندەواری ئێمە تازە لەسەرەتای ڕێگەکەدان بۆیە ناکرێت وەك خۆرئاوا قسە لەسەر ئێرەش بکرێت.

لەم ماوەیەدا (ئازاد بەرزنجی) وەرگێڕ ڕۆمانێکی تری ڕۆماننووسی فەڕەنسی(ماکسێنس فێرمین)ی بەناوی(کەمانچە رەشەکە) وەرگێڕاو دەزگای چاپو پەخشی سەردەمیش چاپیکرد، ئەم ڕۆمانەش هاوشێوەی ڕۆمانی (بەفر) کەهەر هەمان ڕۆماننووس نوسیویێتیو هەمان وەڕگێریش وەریگێڕاوە، بەهەناسەو پەڕەگرافو بەشی بچووكو کەمکەم نوسراوە، تەوەری سەرەکی ڕۆمانەکەش مەسەلەی عەشقە. لە(بەفر)دا کار لەسەر (هایکۆ)و سروشتی یابان کراوە، بەڵام لە(کەمانچە ڕەشەکە)دا کار لەسەر مۆسیقاو شاری(ڤینیسیا)ی ئیتالیا کراوە. دەکرێت لێرەوە هەندێك لەم ڕۆمانە بدوێین.

لەڕووی مێژووییەوە ئەم ڕۆمانە باس لەسەردەمی بوون بەئیمپراتۆری(ناپلیۆن پۆناپارت) دەکات لەفەڕەنساو دواتر پەلامارەکانی ئەو بۆ داگیرکردنو کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئەوروپا لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەو سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا، نوسەری ئەم رۆمانە دێتو یەك گۆشەی زۆر بچووك دەکاتە ڕۆمانێك، لەو جەنجاڵییەی لەشکری ئیمپراتۆرەکانی ئەوروپا دروستیانکردووە، دوو ئینسان دەبینین خۆیان بۆ

عەشق و دروستکردن و ژەنینی کەمانچە تەرخانکردووە. (یۆهانز کارلسکی) پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، ئەو لەمناڵییەوە لەسەردەستی چەند مامۆستایەك خەریکی فێربوونی کەمانچەیە کەدایکی ئەو مامۆستایانەی بۆ گرتووەو دەیەوێ کوڕەکەی ببێتە مۆسیقارێکی بەناوبانگ، بەڵام دوای ماوەیەك مامۆستاکان کۆڵی لێدەدەن و دەڵێن ئەم منداڵە فێرکردنی ناوێت و هەر پارچە مۆزیکێك ئێمە وەك مەشق دەیدەینێ ئەو دەتوانێ یەکسەر بیژەنێت. بۆیە (کارلسکی) بەتەنیا بۆخۆی سەرقاڵی کەمانچە دەبێت و لەتەمەنی حەوت ساڵیدا دەبێتە بەناوبانگترین مۆسیقاری فەڕەنساو تەواوی ئەوروپاش، دەیان سەمفۆنیا ئامادە دەکات و هەموو هۆڵەکانی بۆ دەخرێتە سەر پشت. دوای دەساڵ ناوبانگ لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا دایکی کەگەورەترین پاڵپشتییەتی دەمرێت و ئەمیش بەو خەمەوە لەمۆسیقا دەچێتەوە. بەڵام زۆری پێناچێت (ناپلیۆن) جەنگ هەڵدەگیرسێنێت و ئەمیش یەك لەو لاوانە دەبێت کەبەرەو بەرەکانی جەنگ دەکەوێتەڕێ و وەك سەربازێك خزمەتی فەڕەنسا دەکات، پێشتریش ئەوەمان نوسیوە کەڕۆمان ئەو گۆشانەی مێژوو وێنە دەگرێت کەمێژوونووسان نایبینن، هەڵبەت ئەگەر وادانێین ڕۆماننووس وێنەگرێکی سینەماییە، چونکە ئەم ڕۆمانەش وێنەی ژیانی ئەو دوو کارەکتەرەی مێژووی گرتووە کەدوور لەهەراو هۆریای شەڕو خوێنڕشتنی ئینسان سەرقاڵی عەشق و کەمانچەن، دەیانەوێ ئەوەی دنیا لەجەنگدا لەدەستی دەدات ئەمان بەمۆسیقا قەرەبووی بکەنەوەو بەدەستی بێننەوە. (کارلسکی) دوای ماوەیەك بریندار دەبێت و چەند مانگێکی دەوێت تاچاکدەبێتەوە. لەکاتی برینداریەیەکەیدا لەهۆشخۆی دەچێت و دەبینێ کچێکی زۆرجوان و سەرنج ڕاکێش بەئەسپێکەوە دێتەلایی و تادەمەو بەیان





گۆرانی بۆدەڵێت و دواتر دەڕوات و کەئەمیش چاودەکاتەوەو لەنەخۆشخانە کەوتووە، ئیتر لەو دەمەوە عەشقی ئەو کچە دەنگخۆشە دەبێت و سەوداسەری دۆزینەوەی دەبێت.

هەر بەچاکبوونەوەشی جارێکیتر ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرێتەوەو لەشکری ناپلیۆنیش بڕیاریداوە بەرەو سەرزەمینی (ئیتالیا) بکەوێتەڕێ و هەرکە (ڤینیسیا)ش داگیردەکەن بڕیار دەدەن چەند سەد سەربازێك لەوێ جێگیرکەن و بەرەو شارەکانیتری ئیتالیا بکەونەڕێ. (کارلسکی) یەك لەو سەربازانەیە کەلەوێ دەمێنێتەوەو لەماڵی پیاوێکی (ڤینیسیایی) مڕو مۆچ جێگیردەبێت و دواتر دەردەکەوێ کەئەو پیاوەش کارەکتەرێکی ڕۆمانەکەیەو زۆر عەشقی مۆسیقاو کەمانچەیە. ئەم دوای ئەوەی واز لەژەنینی کەمانچە دەهێنێت، خولیای نوسینی ئۆپێرا دەیدا لەسەری و لەکاتی سەربازی و دوای بریندارکردنی و لەڤینیسیاش هەر خەریکی نوسینی ئۆپێراکەی دەبێت.

بەچوونە ژوورەوەی بۆ ناوبیناکە کابرای مڕومۆچ دەبینێ و کارتەکەی پێشاندەدات و دەڵێ من سەربازی فەڕەنسیم و بۆماوەیەك لێرە دەمێنمەوە، کابرا بەنابەدڵی وەك ئەوەی وەڵامی دوژمنێکی خوێنڕێژ بداتەوە پێشوازی لێدەکات. (کارلسکی) دوای چەند ڕۆژێك بەدیواری ژوورەکانەوە (کەمانچەیەکی ڕەش) دەبینێ و سەرنجی ڕادەکێشێ. لەکابرا دەپرسێ ئەو کەمانچەیە چیدەکات لێرە.؟ کابراش دەڵێ من کەمانچە سازم.! (کارلسکی) خۆی ئاشکرا ناکات کەئەم کەمانچە ژەنە، بەڵام دەروازەیەکی باشی دەست دەکەوێت بۆچوونە ناو ژیانی ئەم پیاوەو ئاشنابوونێکی ڕاستگۆیانە لەگەڵیدا. ئەو پیاوە ناوی (ئیراسمۆسە)و لەو بینایەدا کارگەیەکی

دروستکردنی کەمانچەی هەیە، کەپێشتر ماڵباتی (ستراديڤاری) دایان مەزراندووەو ئەم شاگردبووە.. (کارلسکی) لەوێ دەمێنێتەوەو ئاشنایەتیو هاوڕێیەتییەکی قوڵ لەگەڵ (ئیراسمۆس)دا دروستدەکاتو ڕۆژانە یاری شەترەنجو خواردنەوەی شەرابی گراپاو باسکردن لەمۆسیقا سەرقاڵیان دەکات، (ئیراسمۆس) سێ شت ژیانی داگیرکردووە دروستکردنی کەمانچەو یاری شەترەنجو دڵۆپاندنی (شەرابی گراپا). ڕۆژێك ئیراسمۆس سەرقاڵی دروستکردنی کەمانچە دەبێت کارلسکیش قسەی لەگەڵ دەکات لەگەرمەی گفتوگۆدا یۆهانز دەڵێت من بەناچاری بوومەتە سەرباز ئەگینا من پێشتر مۆسیقار بووم... تادەگاتە ئەوەی (یۆهانز کارلسکی) خۆی ئاشکرادەکات کەئەمیش کەمانچەژەن، ئیتر کابرا سەربوردەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، کەدەبێتە مەتنی سەرەکی ڕۆمانەکە. لەمناڵییەوە عەشقی کەمانچە دەبێت، عەشقی دروستکردنی کەمانچە نەك ژەنینی، بۆیە ئەو حەزەی خۆی بەباوکی دەڵێتو باوکیشی لە(کارگەی کەمانچەی ستراديڤاری) وەك شاگرد دایدەمەزرێنێ، دوای ساڵانێك کارکردن (فرانچیسکۆ) کوڕی (ئانتۆنیۆ ستراديڤاری) دەمرێتو کارگەکە بۆ (ئیراسمۆس) جێدەمێنێ، کارگەی کەمانچە دروستکردنەکە لەشاری (کریمۆنا)یە وەك ئیرایسمۆس باسی دەکات ئەو شارە زێدی لەدایکبوونی کەمانچەیە لەسەرەتای سەدەی شازدەهەمدا.

ناوبانگی کەمانچەی کارگەکەی(ستراديڤاری) بەتەوای ئەوروپادا بڵاودەبێتەوەو پادشاکانی ئەوروپا حەزدەکەن کەمانچەی دەستکردی ئەمان لەناو تیپی سەمفۆنی پاشایەتییەکەیاندا هەبێتو زۆربەیان داوایدەکەن، تاڕۆژێك فیرنیزی (کۆنتی ڤینیسیا) دێتو داوای کەمانچەیەك دەکات کە بەنیازە وەك دیاری چەژنی لەدایکبوون پیشکەشی کچە بچکۆلەکەی بکات کەناوی (کارلا فێرنیزی)یە. (ئیراسمۆس) بەدڵو بەگیان سەرقاڵ دەبێتو لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا باشترینو جوانترینو دەنگ زوڵاڵترین (کەمانچەی ڕەش) بۆ کۆنت دروستدەکاتو کاتێك بۆی دەبات پێیدەڵێت من بوارم نییە گەر دەتوانی خۆت کەمانچەکە بدەرە دەست کچەکەم کەسبەی جەژنی لەداکبوونییەتی. (ئیراسمۆس) دوای ڕۆیشتنێکی زۆر دەگاتە لای (کارلا فێرنیزی)کچەکەی کۆنتو لەناو ئاپۆرایەکی زۆری خەڵکدا لەژورێکی بچوکی نهۆمی سەرەوەی تەلارێکی قەشەنگدا (کارلا فیرنیزی) دەدۆزێتەوە، بەئارامی دانیشتووەو دەیەوێ خۆی بۆ چڕینی ئۆپێرا ئامادەکات. (ئیراسمۆس) خۆی پێدەناسێنێو هەر زوو عاشقی دەبێو دوای یەکتر ناسینێکی کورت بۆسبەی دیسان دەچێتەوە بۆلایو دەبینێ هەندێك پیاویتری بەدەورەوەیەو لەئەنجامی موناقەشەیەکی کورتدا (ئیراسمۆس) رادەسپێردرێ بۆ دروستکردنی کەمانچەیەکی تری رەش.

ئەمجارەیان (ئیراسمۆس) دەیەوێ کەمانچەیەك دروستکات هەرگیز کەس نەتوانێ دروستیکاتەوە، عەشقی کچەو عەشقی کەمانچە ئاوێتە دەبنو دەبنە هەوێنی جوانترینو دەنگ زوڵاڵترین کەمانچەی دنیا، ئەوەندە خۆی ماندوو دەکات لەدواجاردا کەمانچەیەکی سەرسوڕهێنەر دێتە بەرهەم، کاتێك بەرەو فلۆرەنساو تەلارەکەی کچی کۆنت دەکەوێتەڕێ دەبینێ لافاو هەستاوەو کچە بەهۆی نەخۆشییەکەوە لەسەرە مەرگدایەو ئیتر نایبینێتەوە، لەو وەختەوە (ئیراسمۆس) بەعەشقی ئەوەوە دەتلێتەوەو تارمایی کچەکە هەمیشە لەگەڵیدایەو دوای گێڕانەوەکەش ئیتر مەرگ دەیباتەوە. دواتر (کارلسکی)ش تێدەگات کەئەو تارماییەی ئەم لەکاتی برینداریيەکەیدا

دیوێتی هەمان تارمایی بووەو دوای ئەوەی ئیتالیا جێدەهێڵێ‌و دەگەڕێتەوە پاریس، دوای سی‌و یەك ساڵیش لەنوسینی ئۆپێراکەی دەبێتەوەو دواتر کەهەست دەکات دەنگێکی ئەفسوناوی وەك دەنگی (کارلا فیرنیزی) نییە بیچڕێت دەیخاتە ئاگرەکەوەو دەسوتێ‌و بەمجۆرە ئەو ئۆپێرایە هەر لەدایك نابێت‌و (یۆهانز کارلسکی) بلیمەتیش بەرلەوەی وەك بلیمەتێك بناسرێت مەرگ دەیباتەوە.

ئەم رۆمانە زۆر سادەو ساکارەو ئێستا لەئەوروپادا ئەمجۆرە رۆمانانە لەدایك دەبن‌و بەپەرەگراف‌و رستەو وشەی زۆر چڕو پڕو کورت‌و پوخت رووداو گەلێکی گەورەو درێژ لەڕووی مێژووییەوە دەردەبڕن. دەکرێ لێرەدا بپرسین تۆبلێی ئەم جۆرە ڕۆمانانە لەڕۆماننوسانی کورد قبوڵبکریت‌و وەك رۆمانی مەزنی هاوشێوەی ئەم رۆمانانەی (ماکسێنس فێرمین) سنورەکانی زمان‌و جوگرافیا ببەزێنێت.

*لەژمارە(١٠٥)ی گۆڤاری رامان لەفێبرایەری ٢٠٠٦بلاوبۆتەوە.

# شەقامی هەنگی گەورە

**بەدایکو باوکت بڵێ چیرۆکەکەت بۆ بگێڕنەوە**

ئەلیکساندەر پۆشکین لەڕۆمانی (کیژی کاپیتان)دا لەڕێگەی تابلۆیەکی هەڵواسراو بەلادیواری ماڵێکەوە یەك رووداوی گەورە دەگێڕێتەوە، ئەوەندە زیندوانە دەیگێڕێتەوە بەجۆرێك لەهەندێك شوێندا دەبێتە شەڕە شمشێر هەستەکەیت پێویستە سەرت بەملاو لادا بگێڕی تاشمشێرێك ملت نەپەڕێنێ. نزیکەی سەدەو نیوێك دواتر (یۆستاین گاردەر) دێتو بەهەمان تەکنیكو لەڕێگەی نامەی باوکێکەوە بۆ منداڵەکەی تانۆپۆی رۆمانێك دەچنێت بەناوی(کچەی پرتەقاڵ) سەرەتا دەکرێت یەك شت روونکەینەوە ئەویش لایەنی زمانەوانی ناوی رۆمانەکە واتا (کچەی پرتەقاڵ) کەبەبۆچوونی من دەبوو (کچی پرتەقاڵ) یاخود (کچی پرتەقاڵەکە) بووایە، چونکە لەزمانی کوردیدا هەمیشە سیفەت پاشگری (ی)ی بۆ دائەنرێت وەك کابرای کوردە، کوڕی ئاغا، کچی مەلا، یاخود کچەکەی مەلا، لێرەدا گەربڵێی





کچەی مەلا مانای ئەوەیە کچەکە خۆی مەلایە نەك باوکی مەلابێت، بەڵام کەدەڵێی کوڕی ئاغا مەبەست لەوەیە باوکی کوڕەکە ئاغایە نەك خۆی. بۆیە کەدەڵێین کچەی پرتە قاڵ واتا کچەکە زادەی پرتەقاڵە، بەڵام کەوتمان کچی پرتەقاڵەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەئەو کچە حەزی لەدرەختی پرتەقاڵ یاخود لەخودی پرتەقاڵە شیرنەکەیە. من ئەوە دەڵێم دەشزانم کە(بەهرۆز حەسەن)ی وەرگێڕیش ئەوەندە بێ ئاگانییە ئەوەی بەسەردا تێپەڕیبێت بەڵام هەق نییە ئەو ناونیشانانە بەو جۆرە تێپەڕن بەسەر خوێنەردا دووساڵێك لەمەوبەریش (ساڵح محەمەد ئەمین) رۆمانی (ذاکرە جسد) (ئەحلام موستەغانمی) جەزائیری وەرگێڕاو ناونیشانەکەی کردە (بیری لەش) کەڕاستییەکەی (یادەوەری جەستەیە) چونکە هەم مۆسیقی ترە هەم ماناکەی فراوانتر دەبێتو زیندوتریشە. دواتر (بیر)بەسەربەخۆی هەموومان دەزانین مانای بیری ئاو. بەهەرحاڵ ئەوە تەنیا بۆ روونکردنەوەبوو، رەنگە هەمان شێوە مامۆستا (ساڵح محەمەد ئەمین)یش هەنجەتی خۆی هەبێت بۆ دانانی ئەو ناوە بەو جۆرە.

ئەم رۆمانەش یەکێکی ترە لەو رۆمانە باشانەی یۆستاین گاردەر، کەخوێنەری کوردی پێ ئاشنا دەبێت، بیرۆکەی سەرەکی رۆمانەکە بریتییە لەچیرۆکی هاتنە دنیای منداڵێك، ئەو منداڵە لەئێستای نوسینی رۆمانەکەدا تەمەنی نزیکەی پازدە ساڵە، (جۆرج) ئەو منداڵەیە رۆمانەکەی لەسەر بنیاتنراوەو خودی جۆرجیش کلیلی رۆمانەکەی لایەو گێڕەرەوەیشە. گێڕانەوە لەم رۆمانەدا لەسەر یەك تەوەری پێکهاتوو لەدیالۆژو مەنەلۆژ رۆنراوە.

یەکێك لەگرفتە سایکۆلۆژیو کۆمەڵایەتییەکانی کە ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمەی پێئالودەبووە، پرسی پەیوەندی باوکو دایكو مناڵە، واتا هەر لەسەرەتای زمان پژانی مناڵەوە دایكو باوك ئەوە لەمناڵەکەیان دەگەیەنن کەبۆی نییە هەندێك پرسیار بکاتو بەدوای وەڵامدا بگەڕێتو بییەوێت زیاتر لەوە بزانێت کەئەوان رۆژانەو بەدرێژایی تەمەنی جاهەر چەندێك بێت دەیدەنیو پێیدەڵێن. مناڵی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە تاتەمەنی هەژدە بۆ بیستساڵی نەدەتوانی لەحەوشەی ماڵ دورکەوێتەوە، نەدەتوانی لەکەوشەنی گوندو شارۆچکەو شارەکەی خۆی دوورکەوێتەوە. بەتایبەت لەبارودۆخێکی وەك ئەم چەند ساڵەی وڵاتی خۆمان کەتێپەڕیو هێشتا هەر بەردەوامە. لێرەیشەوە مناڵ لەزۆر شت بێبەشدەبێتو بێئاگا لەدنیا ژیانی دەگوزەرێنی لەهەموویشی کارەساتتر بوونەوەرێکی زۆر شەرمنو سەرکز دەردەچێت. ئەمانەش هەمووی کۆمەڵگەی کوردییان توشی کەنەفتی کردووەو لەجوغزێکی زۆر تە سکدا قەتیسیکردووە.

ئەم رۆمانە لەسەرەتاوە دێت ئەیەوی ئەوە بەمناڵ بڵێت کەپێویستە لەسەری ئەوە بزانێت کەدایكو باوکی چۆن ژیانیان پێکەوە ناوەو چۆن ئەمیان هێناوەتە بوون، دیارە دەبێت ئەوەیش باوکانو دایکان بەمناڵی بڵێنو لەلای ئاشکرایکەن. (یازدە ساڵ لەمەو بەر باوکم مرد من ئەو کات چوار ساڵ بووم) جۆرج ئاوادەست بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات، دواتر نەنکی سەردانیان دەکاتو بەجۆرج دەڵێت نامەیەکم پێیە لەباوکتەوە بۆت هاتووە، بەڵام خۆ باوکی جۆرج لەمێژەو یازدە ساڵ دەبێت مردووە، ئالێرەوە خوێنەر تێدەگات کە نوسەری رۆمانەکە وەك ماسیگرێکی کارامە چەشەیەکی وای بەقولاپەکەیەوە کردووە کە هەر لەگەڵ فڕێدانی بۆ ناو





ئاوەکە واتا سەر پەڕەی یەکەم، خوێنەر پێوە دەبێتو ناچارە دوای راکێشانی داوی قولاپەکە کەوێت تالەکۆتاییدا دەگاتە ئەوەی کەدەبێتە نێچیرێکی باشی نوسەرو تاماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری رۆمانەکەدا دەمێنێتەوەو وایلێدەکات بەخۆی بڵێت ئەری بەڕاست بۆ تائەم تەمەنە پرسیارێکی لەو شێوەیەم لەباوكو دایکم نەکردووە.

جۆرج لەسەرەتاوە بەڵێنی ئەوەدەدات کە سەرنجەکانی خۆییو نامەکەی باوکی تێکەڵ بکات کەدواجار ئەمەش دەبێتە مەتنی سەرەکی رۆمانەکە، لەگەڵ خوێندنەوەی چەند لاپەڕەیەکی رۆمانەکەدا جۆرج گێڕانەوە لەباوکی وەردەگرێتو خۆی دەبێتەوە بەگێڕەرەوە ئیتر بەمجۆرە تاکۆتایی رۆمانەکە ئەم دەستاو دەستکردنی گێڕانەوەیە بەردەوام دەبێتو سەرکەوتنی تەکنیکی رۆمانەکەش بۆ ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە. یەکەم لاپەڕەی نامەکە بەجۆرج دەڵێ باش دانیشتویت، ئەم دێڕە جۆرج دەحەپەسێنی وەك ئەوەی لەو ساتەدا باوکی لەگەڵیدابێتو پێی بڵێت باش دانیشە. چونکە باوکی ئەوەی پێدەڵێ کەدەیەوێ چیرۆکێکی سەرنج راکێشی بۆ بگێڕێتەوە، چیرۆکێك کە پێشتر نەیبیستبێتو بەبیستنی رازی گەورەی دروستبوونی خۆی واتا جۆرجی بۆ ئاشکراکات. ئەو رازەی کەهەرگیز رۆژێك لەڕۆژان بەبیریدا نەهاتووە بەشوێنیدا بگەڕێتو ئاشکرای بکات.

یەکەم بینین یاخود نیگا گۆڕینەوەی (یان ئۆلاو) لەگەڵ (ڤێرۆنیکا) لەناو (ترام)شەمەندەفەرە کارەباییکەوە دەست پێدەکات کەیان ئۆلاو لەدوا نیوەڕۆیەکدا دەچێتە ترامەکەوەو یەکسەر چاوی دەچێتە سەر کچێك یەك زەرڤ کاغەزی پڕ لەپرتەقاڵی لەباوەشدایە. لێرەوە یان ئۆلاو سەرەتایەکی تر لەژیانی دەست پێدەکاتو ڤێرۆنیکاش کۆتاییەك لەقۆناغێکی ژیانی، چونکە

دواتر دەردەکەوێت کە ڤێرۆنیکا یانئۆلاوی ناسیوەتەوەو بەمناڵی دراوسێ بوون‌و تەمەنی مناڵییان پێکەوە بەسەربردووە، بەڵام یان ئۆلاو ئاگای لەمە نییەو عاشقی دەبێت‌و دەیەوێت بەهەر بیانویەکەوە بێت بکەوێتە قسەلەگەڵیدا تا دەگاتە ئەوەی ترامەکە بەرزو نزمییەك دەکات‌و زەرفی پرتەقاڵ لەدەستی ڤێرۆنیکا دەترازێ‌و یان ئۆلاو هەوڵی گرتنەوەی دەدات بەڵام بەهۆی هەوڵەکەی ئەمەوە پرتەقاڵ بەناو ترامەکەدا بڵاودەبێتەوەو کەمێکی بەڤێرۆنیکا دەمێنێ‌و بە یان ئۆلاو دەڵێت (بێ ئەقڵ). لەم چرکەیەوە عەشقی ئەم دووە بۆیەکتر تاو دەسێنێ‌و تا بۆ جاری دووەم‌و سێهەم لەناو کلێساو قاوە خانەیەکدا یەکتر دەبینن‌و بەتەواوی عاشق بوونیان بۆ یەکتر ئاشکرا دەکەن. بەهۆی ئەوەی کەناوی نازانێ‌و زەرفی پرتەقاڵەکەش سەرنجی راکێشاوە یان ئۆلاو ناوی دەنێ (کچەی پرتەقاڵ)

لێرەدا یانئۆلاو ئەوە بۆ جۆرج دەگێڕێتەوە کەچۆن لەیەکەم نیگاو زەردەخەنە گۆڕینەوەوە دنیای لەلاگۆڕیوەو چۆن شتەکانی بینیوە. (زۆر لەدڵەوە خەندەیەکی بۆ کردم. جۆرج، چ خەندەیەك بوو؟ هەر ئەو خەندەیە دەیتوانی هەموو جیهان بتوێنێتەوە، ئەگەر هەموو جیهان ئەو خەندەیەی بدیبایە، ئەوا هێندە بەهێز دەبوون کەبتوانن هەموو شەڕەکانی دونیا بوەستێنن، هێندە گوڕی دەدانێ کەبتوانن کۆتایی بەهەموو ناکۆکییەکانی سەر ئەم زەویە بهێنن، یان هەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تەقەیان دەوەستاند....لا (٤٩) (ئەحمەدی شاملۆ)ی گەورە شاعیری فارس دەڵێ هەموو هەوڵی ئینسان لەنوسیندا جاهەر نوسینێك بێت گێڕانەوەی گوزارشتی خۆشەویستییە بۆ ئینسان، ئەو دەڵێ ئینسان ئەو گوزراشتەی دۆڕاندووە بۆیە هەمیشە لەشەڕو شۆڕو ئاڵۆزیدا دەژی‌و ژیان بەسەختی





دەگوزەرێنێ. ئەو خەندەیەی کچەی پرتەقاڵ بۆ یان ئۆلای کردووە ئەوەندە کاریگەربووە پێیوابووە جیهان ئەو خەندەیە یاخود خەندەیەکی لەو شێوەیەی نەبینیوە بۆیە هەمیشە لەشەڕێکی بەردەوامدایە بۆ بڕانەوەی یەکتری، چونکە هەر خەندەو پێکەنینێك لەدڵەوە بێت بەر لەهەر شەڕو شۆڕێك دەگرێت‌و جیهان وا لێدەکات بۆماوەیەکی زۆرتر بمێنێتەوەو دوور لەشەڕ بژی‌و تەقە بوەستێنێ.

مرۆڤ لە هەر کوێیەکی دنیادا بژی لەناو کات‌و شوێندایەو بێ کات‌و شوێن مرۆڤ بوونی نییە، چونکە هیچ بوونەوەرێکی تر وەك ئینسان بیر لەکات‌و شوێن ناکاتەوە، هەموو شەڕو شۆڕەکانی مرۆڤیش تەواو پەیوەندی بەکات‌و شوێنەوە هەیەو هەمیشەش پرسیاری یەکەمی ئینسان لەدوای خۆناسینی ئەوەبووە کەمن لەکوێ‌و لەچ سەردەم‌و کاتێکدا دەژیم.؟ ئەمەش بۆلای (رێنییە دیکارت)و کۆجیتۆکەیمان دەگێڕێتەوە کاتێك پێی وایە ئینسان بیر دەکاتەوە بۆیە هەیە(من بیردەکەوە کەواتە هەم)چونکە کاتوشوێن ئەو دووشتەبوون کەهەمیشە ئینسان بیری لێکردۆتەوەو بەپێی ئەو دووە بەرنامەی ژیانی رۆژانەی دادەڕێژێ. بەڵام هەمیشەش ئینسان هەوڵیداوە رابردوو ئایندەشی لەبیرکات‌و بۆ ئەو چرکەساتە بژی کەتێیدایە، واتا لەئەمڕۆدا دەژی‌و دوێنێ‌و سبەی فەرامۆشدەکات، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەچێژ وەرگرتنەوە هەیە لەژیان‌و بوون، مرۆڤ کەبیر لەڕابردووی دەکاتەوە ئازار دەچێژێ جا ئەو رابردووە خۆش بووبێت یاخود ناخۆش، ئایندەش هێشتا نەهاتووە تا لەزەتی لێوەرگرێت، بۆیە دەیەوێ بەهەرشێوەیەك بێت چێژ لە ئێستای وەرگرێت‌و بۆی بژی، وەك گاردەریش پەنای بۆ دێڕە شیعرێکی (پیت هاین) بردووە کاتێك دەڵێ (ئەو کەسەی لەئێستادا نەژی،

قەت ناژی ئەی تۆ چی دەکەیت؟)لا...(٧٧) ئەمەش بەو مانایەیە ئەوەی بییەوێ لەززەت لەژیان وەرگرێت دەبێت بۆ ئێستای بژی‌و خۆی بەڕابردوو ئایندەشەوە نەبەستێتەوە.

عەشق وەك هەستێکی ئینسانی هەمیشە لەئێستاو ئایندەدایەو کارێکی بەڕابردوونییە، چونکە عەشق بۆخۆی پڕۆژەیەکە لەئایندەدا لەسەرپێی خۆی دەوەستێت‌و هەر عاشق‌و مەعشوقێکیش بەشوێن رابردووی یەکتردا بڕۆن ناکامی دەچننەوەو دەلاقەیەك دەکەوێتە نێوانیانەوە. چونکە گەڕان بەشوێن رابردووی یەکتریدا گەڕانە بۆ بەڵگەی خاوێنی‌و راستگۆیی یەکتری لەڕابردوویەکدا کەهێشتا ئەو دووە یەکتریان نەناسیوەو نەبوونەتە موڵکی یەکتری لەلایەنی رۆحییەوە. بەڵام عاشقی راستگۆ بۆ بەڵگە ناگەڕێت‌و گەربۆیشی بگەڕێت دەستی ناکەوێت. لەبەرئەوەی ئەو لەبنەماوە لەگەڵ عەشقەکەی راستگۆیەو بەڵگەش نرخێکی نییە لەلای. بۆیە کاتێك یان ئۆلاو بەکچەی پرتەقاڵ دەڵێت ئەو کەسەی ناو تویێتا سپییەکە کێ بوو، وەڵامی کچە ئەوەیە کەتۆ چیت داوە لەڕابردووی من. چونکە ئەو پێیوایە عاشقەکان هەمیشە دەبێت پرسیاری ئەوەبکەن کەدەکرێت ئایندەیەکمان هەبێت پێکەوە تیایدا بژین؟ ئەمە پرسیاری جەوهەری عەشق بووە لەهەموو سەردەمێکدا، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئینسان لەئێستادا عاشق دەبێت‌و کەسێك دەهێنێتە ژیانییەوە نەك لەڕابردوودا ( هیچمان ناتوانین رابردووی ئەویترمان بکەینە موڵکی خۆمان، پرسیارەکە لەوەدایە ئایا پاشە رۆژێکمان پێکەوە هەیە یان نا؟ لا....(١٣٦)

گرفتێك کەهەمیشە ئینسان گیرۆدەیەتی‌و لێینابێتەوەو دەردەداری کردووە گرفتی پەلەکردنە لەژیاندا، پەلەکردن لەهەر کاروبارێکدا بەجۆرێك





ئینسان شپرزە دەکات زۆر شت لەدەست دەدات، ئەمەش لەوەوە هاتووە ئینسان دەیەوێت هەرچی پڕۆژەو بەرنامەیەکی هەیەتی جێبەجێیکات، بۆیە بەردەوام کۆمەڵێك بەرنامەو پڕۆژەی زۆر لەدوای ئینسانەوە بەتەواو نەکراوی جێدەمێنن، چونکە ئینسان هەرچی بکات فریای هەموو خولیاو ئاوات‌و ئارەزووەکانی ناکەوێت‌و تەمەن هێندەی بەبەرەوە نییە. هەموو ئەمانەیشی لەوەوە هاتووە هەردەم مرۆڤ بیر لەوە دەکاتەوە کەڕۆژێك دێت مەرگ دەیباتەوەو ئەم دنیایە جێدەهێڵێت کەڕۆژانێك تێیدا ژیاوە، خەمی جێهێشتنی دنیاو ژیان هەمیشە وەك تارماییەك بەشوێن ئینسانەوەیەو زۆرجار لەسیمای ئینساندا ئەو ترسە بەدیدەکرێت، کەلە مەرگ و بەجێهێشتنی دنیا هەیەتی. ترسی سەرەکی پاڵەوانەکەی گاردەریش مەرگەو بەجۆرجی کوڕی دەڵێت (جۆرج من دەترسم... لەوە دەترسم لەم جیهانە بکرێمە دەرەوە. لەچەند ئێوارەیەکی وەك ئەم ئێوارەیە دەترسم کەڕێگەم پێنادرێت بیان بینم... لا...(١٧٥)

ژیانی ئینسان لەیەك چرکەو بەیەك کردار دەست پێدەکات، لەیەك چرکەدا ئەو شتەی پێی دەڵێن توخماتی ئینسان بەهۆی جووتبوونی ژن‌و پیاوەوە، لەمناڵدانی ژندا یەکدەگرێت‌و دواتر بەکرداری پیتاندن دەبێتە ئەوەی کەدواترو لەکاتی تەواو بوونی نۆ مانگ‌و نۆ رۆژو نۆ کاتژمێرەکەداو هەندێکجار کەمتریش پێی دەڵێن ئینسان. ئەم سەرەتا سادەو ساکارو لەهەمان کاتدا زۆر ئاڵۆزە زانست سەلماندویێتی‌و نکۆڵی لێکردنی مەلەکردنە لەقوڕولیتەدا. لێرەوە لەوە تێدەگەین کەژیانی ئینسان بەڕێگەی سوتفە(رێکەوت) دەست پێدەکات‌و ئەوەش دەزانین هەر بەڕێکەوت کۆتایی دێت، چونکە تەنیا هەر بەدەردی خودایی نامرین‌و هەندێك بەهۆی رووداوی

ئۆتۆمبێل و زۆرێك بەهۆی شەڕە گەورەكانەوەو زۆرێكیش بەهۆی نەخۆشییە ترسناك و سەراپاگیرەكانەوەو ئیتر بەمجۆرە ڕێژەیەكی زۆر كەمی مرۆڤ بەتایبەت لەئێستادا بەمردنی خودایی دەمرێت.

راستە پڕۆتۆكۆڵ یاخود ڕێكەوتنێك هەیە لەنێوان ئینساندا واتا نێرو مێ یاخود ژن و پیاودا بۆئەوەی ژیان دروستكەن و دواتر مناڵ بخەنەوە كەئەمە سونەتی ژیانە وەك دەڵێن. بەڵام ئەو منداڵەی كەبڕیارە دروسببێت و دواتر بۆ نمونە ناوی دەنرێ (ئادۆڵف هێتلەر) و ئەویش دەبێتە گەورەترین خوێنڕێژ لەدنیادا بۆی هەیە بچووكترین بەربەست و ڕێگر ببێتە هۆی نەهاتنە دنیای، جائیتر لەڕێگەی مەنعكردنی دایك و باوكییەوە بوایە یاخود هەڵەیەكی زۆربچوكی دكتۆر یا مامانێكەوە بێت یاوەك هەزاران سپێرمیتر توانای یەكگرتنی نەبێت لەگەڵ توخماتی ژنەكەدا، جگەلەوەش بۆی هەیە بەهۆی زۆری و كەمی ڕێژەی ئەسترۆجین و ئەندرۆجینەوە كەپێم وایە زۆری و كەمی یەكێكیان دەبێتە هۆی ئەوەی كەمناڵەكە كچ بێت نەك كوڕ، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەكرا هێتلەر كچ بوایە نەك كوڕ ئەوساش مرۆڤایەتی لەو بەڵا گەورەیەی توشی بوون رزگاریان دەبوو. گاردەر لەم رۆمانەداو لەسەر زاری یان ئۆلاوی پاڵەوانەوە ئەو مەسەلەیەی زۆر بەوردی لێكداوەتەوەو پێموایە قسەی سەرەكی و بڕبڕەی پشتی رۆمانەكەش هەر ئەم مەسەلەیەبێت. ئەوەتا بەجۆرج دەڵێت (من وای بۆ دەچم هەتاوەكو وردەكاری لەم چیرۆكانەدا زۆرترێك بێت، زیاترو زۆرتر بەپەرۆشەوە گوێی بۆ شلبكرێت، چونكە گەر تەنها شتەكان كەمێ جیاوازتر بونایە لەوەی كەڕویداوە، تۆ قەت لەدایك نەدەبوویت! گرەو دەكەم بەهەزاران شتی بچكۆلە هەیە كەدەكرا ببێتە هۆی ئەوەی شتێك بەشێوەیەكی جیاوازتر رویبدایە، هێندە جیاواز كەتۆ بەهیچ جۆرێك شەنسی ئەوەت نەدەبوو كەلەدایك ببیت..... كۆتایی رۆمانەكە.





ئەم رۆماننوسە بەبەردەوامی لەكارەكانیدا پەنا بۆ زانست و تیۆرە زانستییەكان دەبات و وەك زانایەك زۆر مەسەلەی زانستی لەتوێی رۆمانەكانیدا بۆ خوێنەر یەكالادەكاتەوە. رەنگە ئەمەش لایەنێكی سەركەوتووی كارەكەی بێت، چونكە دەبێت ئەوەبزانین كە دەبێت رۆماننوس پاشخانێكی رۆشنبیری و ئەزموونی زۆری هەبێت لەژیاندا بۆئەوەی لەكارەكەیدا سەركەوتوو بێت. ئەوەی ماوە بگوترێ جوانییەكی تری ئەم رۆمانە لەوەدایە كە هەموو ئەو گێڕانەوەیە واتا چیرۆكەكە لەكاتژمێرێك یاخود كەمێك زیاتردا دەگێڕدرێتەوەو كەمترین كارەكتەریشی بەكارهێناوە. جۆرج كەماوەی یازدە ساڵە باوكی مردووەو نامەیەكی لەباوكییەوە بۆ هاتووە كەلەتەمەنی سێ ساڵی ئەمدا نوسراوە، لەماوەی كاتژمێرو تۆزێك زیاتردا لەژوورەكەی خۆیدا ئەو نامەیە دەخوێنێتەوەو دواتر لەگەڵ تێبینی و سەرنجەكانی خۆیدا دەیكاتە ئەم رۆمانەی ناوی (كچەی پرتەقاڵ)ەو ئێستا ئێمە دەیخوێنینەوە. بەبێ سەرنجەكانی جۆرج نامەكە وەك نامەیەكی رۆمانسی دەخوێنرێتەوە، بەڵام جۆرج وادەكات وەك رۆمانێكی زۆر گەورە ببینرێ، ئەمەش دەسەڵاتی (یۆستاین گاردەر) دەردەخات لەنوسینی رۆماندا بەو تەكنیكە بەرزە. سوپاس بۆ (بەهرۆز حەسەن) كە ئەو نوسەرە مەزنەو ئەو رۆمانە جوانانەی خستوینەتە بەردەست و لەو هەموو رەنجە جوانەی مرۆڤایەتی لەپێناوی جوانیدا بێبەشی نەكردوین.

*لەژمارە(٤٩١)ی ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێدا لەڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٦/٦/٢٢ بڵاوبۆتەوە.

# ڕۆمانی نۆسەدو هەشتاو چوارو

## ئاماژەکانی روخانی کۆمۆنیزم

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە فەیلەسوفانی وەك (كارڵ ماركس و فریدریك ئەنگڵس) جووتە شاگردی (هیگڵ) كەوتنە بانگەشە بۆ بیری كۆمۆنیستی و هاتنی وەك قۆناغێكی حەتمی ژیانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و لێرەیشەوە بەكردەوەو بەنوسین و كەوتنە كاركردن بۆ گەلاڵەكردنی بیری كۆمۆنیستی كەدواتر بەماركسییەت ناسراو، بەرگری لەچینی كرێكارانی دینا دەكردو دنیای بەیەك نیشتمانی بەشەرییەت دەزانی، دژی هەر نەتەوەگەرییەك و خاك پەرستی و ئایینیش بوو لەیەك كاتدا. بزووتنەوەی كۆمۆنیستی دنیایەكی باشتر بۆ كرێكاران و حكومەتی دیكتاتۆری پرۆلیتاریای كردە ئامانی تێكۆشانی خۆیی و دەیوست كرێكارانی هەموو دنیا لەژێر چەتری كۆمۆنیستیدا كۆكاتەوە بۆ رووخاندنی حكومەتە





بۆرژوازییەكان و تەفروتوناكردنی قۆناغی سەرمایەداری و توڕدانی بۆ زبڵدانی مێژوو.

لەمێژبوو ئیمپراتۆرو پادشاو قەراڵەكانی دنیا تەنیا پشتیان بەچینی خانەدان و پارەداری وڵاتەكانیان دەبەست و كرێكارو نەداری وڵاتەكانیان دەكردە قەڵغان و سوپەر بۆ پاراستنی كورسی دەسەڵاتیان و زۆرجاریش دەیانكردنە كۆیلەو وەك كالا لەبازاڕەكانیاندا دەیان فرۆشتن و مامەڵەیان پێوەدەكردن. هەر ئەمەش تەمەنی دەسەڵاتی ئەوانی هەندێكجار بۆ سەد ساڵ و زیاتریش درێژدەكردەوە، چونكە رووخان و دروستبونی هەر حكومەت و شانشینێك لەسەر شانی كرێكاران و خەڵكی رەشۆكی وڵاتەكان دروستدەبێت. ئەمەش لەوەوە دێت كەخەڵكی هەژارو نەدارو چینی كرێكار تەنیا پشت بەخودا دەبەستێ و لەبەر ئەوەش كەبواری خوێندەوارییان نادرێتی و زۆر دابڕاون لەدنیاو عەقڵیان بەمەسەلەكان ناشكێ و دەبنە نێچیریی بەردوامی دیكتاتۆرو پاشاو خەڵكانی وەك ستالین و مۆسۆلینی و هیتلەرو دوور نەڕۆین سەدامی لەمەڕ خۆشمان و كورسی دەسەڵاتەكانیانی پێ دەپارێزن و پێیشی دەڕازێننەوە، ستالین بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی كرێكرانی دنیاوە زیاتر لەپێنج ملیۆن ئینسانی كوشت، هێتلەر لەپێناوی خەڵكی ئەڵمانیادا زیاتر لەسی ملۆن كەسی كردە قوربانی، ئیتر بۆ ئەوانەی تریش هەروا (سەدام)یش بەناوی پاراستنی نیشتمانی عەرەب و ئومەی ئیسلامەوە نزیكەی چوار ملیۆن مرۆڤی عێراق و ئێران و دواتر وڵاتی كوەیتی كوشتو، زیاتر لەسێ سەد هەزار كوردیشی كۆمەڵكوژكرد.

لێرەوە بزووتنەوە ماركسییەكان نەك خودی فەلسەفەكەی ماركس، كەزیاتر (فەلسەفەیەكی ئینسانییە) كاریان بۆ كۆكردنەوی كرێكاران كرد، تا

کۆتایی بەنیزامی سەرمایەداری‌و تەمەنی پادشاو دیکتاتۆرەکان بێنن، بەتایبەت قەراڵی روسیا، کەئەوەبوو لەئۆکتۆبەری ساڵی(١٩١٧)داو لەپەراوێزی جەنگی جیهانی یەکەمداو بۆڕاگرتنی شەڕەکە ئەو بزووتنەوە کرێکارییەی روسیا بەکودێتایەك کۆتایی بەدەسەڵاتی قەراڵی روسیا هێنا کەخۆی لەخێزانی (رۆمانۆڤ)دا دەبینییەوەو (ڤلادیمێر لینین) وەك فەیلەسوف‌و رێبەری کودێتاکەو دواتر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەسەرتاسەری دنیادا دەرکەوت. لینین شەڕەکەی راگرت‌و قەراڵەکانی روسیا کەپێشتر وتمان خێزانی (رۆمانۆڤ)بوون لێکەوتن‌و وەك خێزانی شاهانەی عێراق لەساڵی (١٩٥٨)لەئەنجامی شۆڕشی گەلاوێژدا چۆن هەموویان گوللە بارانکران خێزانی رۆمانۆڤیش هەروا. لینین بەهۆی برینداریییەوە کەهەر لەو ساڵانەدا پێکرابوو تەمەنی زۆرنەبوو ئەوەبوو لەساڵی(١٩٢٣)دا مەرگ بردییەوە. ئالێرەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کەتازە بناغەی دەسەڵاتی دادەکوتا تووشی نەهامەتی بوو سەرەتای مەرگی وەدیار کەوت. ئیتر لێرەوە (جۆزیف ستالین) دەرکەوت‌و بووە جێگرەوەی لینین.

ستالین نەك هەر نەیتوانی بنەماکانی فەلسەفەی کۆمۆنیستی جێگیرکات‌و بەرەو پێشەوەی بەرێت بەڵکو هەر زوو بەربووە گیانی خەڵك‌و بنەمای حوکمێکی دیکتاتۆری تۆتالیتاری مەترسیداری دانا‌و جێگیریکرد، دواتر چاودێری بەسەر ژیانی خەڵکەوەو داناو لەتەواوی بەهرەکانی ژیان بێبەشی کردن‌و هەموو ئەو نەتەوانەی ناو یەکێتی سۆڤێتیشی بەزەبری ئاگرو ئاسن‌و بەدەستێکی پۆڵایین سەرکوت کرد کە کوردیش پشکێکی لەو کۆشتارە پێبڕا.





گەر تا سەردەمی لینین‌و تازە هاتنە سەرحوکمی بزووتنەوەی کۆمۆنیست لەوڵاتی روسیا کەدواتر بووە یەکێتی سۆڤێت یاخود(شورەوی)نوسەران‌و بەتایبەت رۆماننوسان بەشان‌و باڵای کۆمۆنیست‌و مارکس‌و ئەنگڵس‌و لینینیاندا هەڵدابێ لەوەودوا تەواوی رۆمان‌و شیعرو نوسینەکان یەك پارچە بوونە نەفرەت‌و رەخنە لەبیری مارکسیەت‌و فەلسەفەو رێبەرەکانیشی. تەنانەت یەکێك لەڕۆماننوسەکانی سۆڤێت بەناوی (ئەلکساندەر سۆڵجستین) بەهۆی رەخنەی لەوڵاتەکەی‌و حکومەتە کۆمۆنیستەکەی خەڵاتی نۆبڵیشی پێدرا، بەڵام لێنەگەڕان خەڵاتەکەی وەرگرێت، جگەلەوەش سەدان نوسەری تریان بەتۆمەتی رەخنە لەکۆمۆنیست خستە زیندانەو زۆریتریان ئاوارەی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکابوون.

(جۆرج ئۆروێڵ ١٩٠٣-١٩٥٠)کەخۆی ئینگلیزەو لەهیندستان لەدایك بووەو دواتر لەبەریتانیا ژیاوەو ناوی ئەسڵی(ئریك بلێر) یەکێك لەو رۆماننووسانەیە کەتەواوی کارەکانی خۆی تەرخانکردووە بۆ رەخنەگرتن لەشۆڕش‌و دەسەڵات بەگشتی‌و دەسەڵاتی کۆمۆنیستی بەتایبەتی، ئەو لەڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵان)دا وێنەیەکی زۆر دزێوی تەواوی شۆڕشەکانی دنیامان دەخاتە بەرچاو کەسەرەتا چۆن خەڵك بەناوی چینی چەوساوەو بەشخوراوان‌و بەرگری کردن لەوان، دێن‌و دەسەڵاتێك دەڕوخێنن‌و دەسەڵاتی خۆیان دەخەنە شوێنی‌و دواتر ئەوانیش وەك پێشتر دەبنە چەوسێنەرو زوڵم لەڕەشە خەڵکەکە دەکەن. ئەوەیە دواجار لەمەزرای ئاژەڵاندا دەبینین چۆن ئینسانەکان‌و بەرازەکان تێکەڵ دەبن‌و زەحمەتە بیان ناسیتەوەو بزانی کامیان بەرازەو کامیشیان ئینسان. لەو رۆمانەدا دوو بەراز هەن(تۆپە بەفرینەو ناپلیۆن) یەکیان زۆر زیرەکەو یەکیشیان زۆر دڕندەو دڵ رەق،

زیرەکەکە خەرکی دامەزراندنی پرۆژەی نوێیەو دڕندەکەش خەریکی قایمکردنی دەسەڵاتو کوشتوکوشتار، زیرەکەکە (لینین)ەو دڕندەکەیش (ستالین) ئەوەی دوایی دەیبین دڕندەکە سەردەکەوێت. واتا ستالین گرەوەکە دەباتەوە. لەم ڕۆمانەوە رقی ئۆروێلْ لەکۆمۆنیزمو ستالین دەر دەکەوێت کەدواتر لەڕۆمانی(١٩٨٤)دا زیارت کاری لەسەر کردووە.

یەکێکی تر لەڕۆمانەکانی (ئۆروێلْ) (١٩٨٤) ئەو ڕۆمانە کەهەر لەناوەکەیەوە سەرنج راکێشەو هیچ ناونیشانێکی تری نییە جگەلە(١٩٨٤) واتا ئەو ساڵە یاخود ئەو مێژووە بۆتە ناونیشانی ڕۆمانێك، لەکاتێکدا دەبێت ئەوە بزانین ئەم ڕۆمانە لەساڵی (١٩٨٤)دا نەنوسراوە تا خوێنەر واتێبگات بۆیە ناونراوە (١٩٨٤) چونکە لەوساڵەدا نوسراوە. ئەم ڕۆمانە لەساڵی (١٩٤٧) نوسراوەو لەسەرتای پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بڵاوبۆتەو کەپێموایە ئۆریوڵْ خۆی بڵاوبونەوەی ڕۆمانەکەی نەبینیوە، چونکە لەساڵی(١٩٤٩)دا ناوبراو مردووە. ڕۆمانەکە بۆخۆی پێشبینییەکە بۆ روخانی کۆمۆنیست لەساڵی (١٩٨٤)دا بۆیەش ئەوناوەی دراوەتیْ، لەمیانەی قسەکردن لەسەر یەکێك لەڕژیمە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپاوە کەئەو بەریتانیای هەڵبژاردووە لەناوەڕۆکی حوکمکردنی تۆتالیتارییانەی کۆمۆنیست دەدوێت کەچۆن خۆی دەخزێنێتە هەموو شوێنێکەوەو لەزاکیرەی ئینساندا جێگەی خۆی دەکاتەوەو کۆنترۆڵْ دەخاتە سەر هەموو جموجوڵێکی ئینسان، تادەگاتە سەر پەیوەندییە ڕۆمانسیو خۆشەویستییەکانیشی وەك دەبینین لەڕۆمانی (١٩٨٤) دووکەس یەکتریان خۆشدەوێتو هەمیشەش بەترسەوە لەگەلْ یەکتر دەدوێنو یەکتر بینینەکانیشان سێبەری ترسی لەسەرە ئەو دوو کەسەش(وینستۆنو





جولیا)ن. هەردووکیان ئەندامی حزبی کۆمۆنیستن کەجڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. لێرەدا دەبێت سەرنجی ئەوەبدەین کە شوێنی رووداوەکان لەم ڕۆمانەدا شاری لەندەنە، بەڵام ئەمە تەنیا میتافۆرە، چونکە کۆمۆنیست لەبەریتانیادا نەگەیشتۆتە دەسەڵات، بەتایبەت لەساڵانی سیو چلی سەدەی بیستدا بگرە هەر جەماوەریشیان لەو وڵاتەدا ئەوەندە نەبووە دەسەڵاتی هەرێمێکیش وەربگرن.

وینستۆن قەڵەمی بەدەستەوە گرتو تەمەنی خۆی نوسی ئێستا ساڵی (١٩٨٤)و مانگی نیسانە من تەمەنم لەسییەکان تێپەڕیوە، ئەمە دەبێتە ناوی ڕۆمانەکەو واش دەردەکەوێت ڕۆماننوس وایدانابێت کۆمۆنیست هەر سی ساڵی تر دەتوانیْ بەپێوە بوەستیْ، لەدوای بڵاوبونەوەی ڕۆمانەکەیشەوە کۆمۆنیست نزیکەی چل ساڵْ درێژەی بەتەمەنی خۆیداو تەواوبوو. تەواوی رووداوەکان لەدەوری وینستۆنو دواتر جولیا دەخولێنەوەو لێرەیشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆمۆنیست لەحوکمکردندا چۆن چاودێریو کۆنترۆڵْ دەخاتە سەر تاك بەتاکی کۆمەڵگەو وەك برغویەك لە مەکینەیەکی گەورەدا بەویستی خۆی هەڵیان دەسوڕێنێت. ماڵْو شوێنی کارکردنی وینستۆن بەئامێری دەنگ بەرو دەنگگر کەپێی دەڵیْ(تەلسکرین) کۆنترۆڵکراوە گەر بەخەیاڵیش بیر لەڕەخنەگرتن لەدەسەڵات یاخود وەك دەڵیْ لەپیاوە سمێل ڕەشو زلەکە بگری ئاشکرا دەبێت(پیاوەکە ستالینە کە وینستۆن دەڵیْ لەتەواوی شوێنەکاندا بەگەورەیی وێنەیەکی هەڵواسراوەو پێت دەڵیْ چاوم لێتە). وەزارەتەکان لەم ڕۆمانەدا یاخود لەحکومەتی ئەم ڕۆمانەدا ناوی تەنز ئامێزیان هەیە (وەزارەتی ئەوینو وەزارەتی راستی)و ئیتریش، یاخود خوارنەوەکان (جنی سەرکەوتن، یان جگەرەی سەرکەوتن).

هەموو شتێك بەشێوازێكی گاڵتەجاڕییانە خراوەتەڕوو. لەشوێنێكدا دەڵێ (پۆلیسی خەیاڵ) ئەمەش ئاماژەیە بۆ دڕندەیی دەزگای هەوڵگیری روسیای كۆمۆنیست (كەی جی بی)(kjb) كە خۆی خزاندبووە هەموو كون و قوژبنێكی ژیانی تاك لەكۆمەڵگە ئەوروپییەكاندا بەتایبەت ئەوانەی هاوپەیمان و داردەستی شورەوی بوون. بۆ ئاگاداربوونی زیاتر لەڕەفتاری كەی جی بی دەكرێ رۆمانەكانی (جەنگیز ئایتماتۆف) بخوێنیتەوە.

ئەم پۆلیسی خەیاڵە تەنیا بۆ بڵاوكردنەوەی ترسەو بۆئەوەیە كەس زاتی رەخنەگرتن نەكات، تەنانەت لەدڵی خۆیشیدا یاخود بەخەیاڵیش، لەو دامەزراوە دەوڵەتییە كۆمۆنیستییەی وینستۆن كاری تیدادەكات كورەیەكی گەورە هەیە هەردەم دەگڕێ و ئەو كاغەزانە دەسوتێنی كە بەكەڵك نایەن یاخود سودێكیان نەماوە بۆ حزب یان نهێنی حزبی تێدایەو كاتی فەوتانی هاتووە. زۆرجار دەبێت ئینسان ورد بگەڕێ تاگەر كاغەزێكی دۆزییەوە لە هۆڵ و راڕەوەكانی دامەزراوەكەدا كۆیكاتەوەو گورج بیخاتە ئاگرەكەوە. ئەمانەش هەمووی بۆ تۆتالیتارییەتی ئەو سیستمە كۆمۆنیستییە دەگەڕێنەوە. جۆلیا ئاماژە بەبوونی رێكخراوێكی كچان دەكات كەڕێگە لەو كچانە دەگرێت لەخوار شازدە ساڵەوەن و حەزی سێكسییان هەیە. هەڵسان و دانیشتن و یەكتر بینینەكانی وینستۆن و جولیا كەدواتر دەبنە خۆشەویتسی یەكتر، حزب سنورەكانی دیاریدەكات و هەردەم تارمایی حزب بەسەر كەش و هەوای رۆمانسی ئەو دوو عاشقەوە دیارەو ناتوانن خۆیانی لێقوتار كەن. سیستمی كۆمۆنیستی بۆ لەسەر پێوەستان و بەردەوامیدان بەدەسەڵاتی تاكەكان دەخاتە ژێر كۆنترۆڵەوە بەپێچەوانەی تەواوی سیستمەكانی تر، كەلەسەرەوەی كۆمەڵگەوە دەست پێدەكەن. بەخاتری ئەوەی لەبنەوە





كۆمەڵگە لەخەوش و خاڵ پاككەنەوەو لەڕەگەوە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان هەڵوەشێننەوەو سیستمێكی كۆمەڵایەتی بەویستی خۆیان دامەزرێنن، كەوردو درشتی پەیوەندییە ئینسانییەكان بخاتە ژێر چاودێرییەوەو هەموو كەس تارمایی دەسەڵات ببینن و نەتوانن كارێك بكەن پێچەوانەی پرنسیپەكانی حزب. هەربۆیە پەیوەندی وینستۆن و جولیا لەسایەی ئەو سیستمەدا ئاكامێكی نابێت، لێرەوە كەسایەتی وینستۆن و جولیا نوێنەرایەتی تەواوی خەڵكی ژێر دەسەڵاتی ئەو سیستمەدەكەن و لەئازارو ژانەكانی ئەوانەوە هەست بەئازارو ژانی ئەو كۆمەڵگەیە دەكەی كەجڵەوی حكومەتەكەی بەدەست حزبی كۆمۆنیست و دەزگایەكی هەواڵگیری وەك كەی جی بی یەوە بێت.

دەسەڵاتی شورەوەی یاخود حكومەتە كۆمۆنیستەكەی لینین بناغەكەی داناو دواتر ستالین خستییە سەرپێ و بەزۆری هێزو لەبەر ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهان فراوانتری كردو زۆرینەی ئەوروپای گرتەوەو لەگەڵ زۆرینەی وڵاتانی ئەمریكای لاتین و چینی كۆمۆنیست و زۆرێك لەوڵاتانی ئاسیاشدا پەیوەندییەكی باشی دامەزراندو بەدرێژایی نزیكەی نیو سەدە جەنگێكی ساردی لەگەڵ ئەمریكا یاخود بلۆكی سەرمایەداری بەتەواوی بەڕێوەبردو دەیانجار دنیا دەچووە لێواری شەڕێكی ترسناك و دواتر خاودەبۆوە. لەساڵی(١٩٨٩) واتا پێنج ساڵ دوای ئەو مێژووەی ئۆروێل بۆ رۆمانەكەی داناو كردوێتییە پێشبینی بۆ رووخانی كۆمۆنیزم، (دیواری بەلین) رووخا كە لەدوای رووخانی هێتلەرو بەشكردنی میراتی جەنگ لەنێوان ئەمریكاو بەریتانیا لەلایەك وەك بلۆكی سەرمایەداری و سۆڤێتیش لەلایەك وەك بلۆكی كۆمۆنیستی و ئەو دیوارە لەناوەڕاستی ئەڵمانیادا

دروستکراو ئەو وڵاتەی کرد بەدوو کەرتەوە، دوو حکومەت هەبوو یەکیان سەر بەسۆڤێت واتا بلۆکی کۆمۆنیستیو ئەویتریشیان سەر بە بلۆکی سەرمایەداری واتا ئەمریکاو بەریتانیابوو.

دیواری بەرلین خەڵکی هەردوو ئەڵمانیا روخاندیان، بەمەش کۆتاییان بەسەردەمانێکی تاریك هێناو پەیوەندییەکی ئینسانیان لەنێوان نەوە تازەکانی ئەڵمانیادا دروستکردەوە کەچەندین ساڵبوو کۆمۆنیستیو سەرمایەداری بەو دیوارە ئەو پەیوەندیانەی نەهێشتبوو. روخانی ئەم دیوارە سەرەتایەکی سەر سوڕهێنەر بوو بۆ روخانی بلۆکی کۆمۆنیستیو دۆڕاندنی جەنگی ساردو ئاوابوونی خۆری کۆمۆنیزم بەیەکجاری. چونکە دواتر لەساڵی نەوەتو یەکدا بەتەواوی یەکێتی سۆڤێتو چیکۆ سلۆڤاکیاو یۆگۆسلافیاش لەبەریەك هەڵوەشانەوەو کۆمۆنیزم جێگەی بۆ فرە دەوڵەتیو سەربەخۆیی نەتەوەکانو سەرمایەداریو دیموکراتی چۆڵکردو بەهاری تەمەنی بووە پازو ئاوابوو. ئیتر لێرەوە ئەم رۆمانەی ئۆروێلْ جارێکیتر رەواجی پەیدا کردەوەو وەك ئەدەبیاتی دژە کۆمۆنیستی لێی روانراو خاوەنەکەیش بووەناوێکی درەوشاوەتری دنیای رۆمانو خەڵك لەتەواوی جیهاندا دووبارە گەڕانەوە سەرخوێندنەوەی کارەکانی پێشووتری کەسەرەتا وتمان مەزرای ئاژەڵان یەکێك لە رۆمانەکانییەتی.

*لەژمارە (٧١)ی گۆڤاری ئاینده لەئازاری ٢٠٠٧ بڵاوبۆتەوە.

# تاوان و سزا بەکوردی

دواجار بەزمانی کوردی ڕۆمانی (تاوانو سزا)ی (فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی) گەورە ڕۆماننوسی روسم خوێندەوە، ئەم ڕۆمانە تائێستاش یەکێکە لەڕۆمانە گەورەکانی دنیاو نوسەرەکەیشی گەورە نوسەرێکی دنیایە. لەوەتەی بوومەتە خوێنەرێکی جدیو وێل بەشوێن ڕۆمانی باشدا ناوی ئەم ڕۆمانەم ژنەوتوەو بۆی گەڕاوم، تەنانەت لەڕۆژگارێکدا یەك دێڕ عەرەبیشم نەزانیوە هەر ویستومە هەرنەبێ بیبینم، هەر چەند دان بەوەشدا دەنێم ئێستاش ڕەنگە بەتەواوی لەوەرگێڕانە عەرەبییەکەی ئەم ڕۆمانە نەگەم، بۆیە لێرەوە سوپاسی (ڕەوف بێگەرد) دەکەم کەمنو سەدان خوێنەری تریشی بەم ڕۆمانە ئاشناکرد، ڕەنگە لێرەدا نەکرێ باس لەجوانی وەرگێڕانەکە بکرێ، تەنیا هێندە هەیە کە بەدرێژایی ڕۆمانەکە من وەك





خوێنەرێك دوو وشە یاخود وشەیەكو ئیدیۆمێك سەرنجیان ڕاکێشام، یەکەمیان ئەو ئیدیۆمە کوردییەی دەڵێ(جار بەجەهەنەم) کەلای بێگەرد بۆتە (جیر بەجەهەنەم) ئیتر نازانم هەڵەی چاپە یان بێگەرد ئەوەی بەڕاستتر زانیوە، چونکە (جیریش هەر دەبێو پێموایە لەقیرەوە هاتووە)دووەمیش وشەی (چەوەنەر) کراوەتە(چەنەوەر) هەڵبەت ئەمەیان زیاتر لەهەڵەی چاپ دەچێت، دیسان ئەمەش لەناو خەڵکدا بەهەردوو شێوەکە دەوترێ هەم چەنەوەر هەم چەوەنەر بەهەرحاڵ بۆ هەردوو حاڵەتەکە من بێگومانم لەزمان پاراویو سەلیقەی وەرگێڕانو کوردی زانی بێگەرد. ئەمە تەنیا سەرنجی خوێنەرێکی ڕۆمانەکەیەو هیچی تر.

ڕۆمانی تاوانو سزا ترسێکی لادروستکردم، ترس لەوەی دەبێت چەند ڕۆمانی تری واگەورەو سەنگین هەبێت لەدنیاداو ئێمەی کورد لێی بێبەشبین، ترس لەوەی ئێمەی کورد دوای زیاتر لەسەدو چل ساڵ ڕۆمانێك دەخوێنینەوە، کەدەبوو زۆر زووتر بمان خوێندایەتەوە، ئەمەش لەلایەك دەردی داگیرکاریو لەلایەکیتریش بێ دەربەستیو تەمبەڵی خۆمانە، لەدوای شۆڕشی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨) وە کۆمەڵێك خوێندکاری کورد بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا ڕویانکردە وڵاتی ڕوسیا، یاخود یەکێتی سۆڤێت، دوای چەند ساڵێك هەموویان بڕوانامەکەیان وەرگرت، وەلێ هیچیان بەدەستی پڕەوە نەهاتنەوەو نەیانتوانی لانیکەم ڕۆمانەکانی (لیو تۆڵستۆیو فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی) بکەنە کوردی کە(تاوانو سزا) یەکێکیانە، چونکە من بڕوام وایە کە وەرگێڕان دەبێت لەزمانە ڕەسەنەکەوە وەربگێڕدرێت، نەك لەزمانی دووەمەوە، کەلەئێستادا زیاتر بەرهەمی وەرگێڕانەکانی ئێمە لەزمانی دووەمەوەیە، ئەمەش دیارە بۆ هەژاری

ئەدەب و ڕۆشنبیری ئێمە دەگەڕێتەوە. جگەلەوەش شەرمەزارییە ئەدەبی نەتەوەیەك كارەكانی یاخود ڕۆمانەكانی (دۆستۆیۆڤسكی و لیو تۆلۆستۆی و جیمس جویس) و زۆری تریش تێدانەبێت.

ئەوەندەی سەرنجمدابێ گەورەیی و گرنگی ئەم ڕۆمانە لەوەدایە کە زۆر سادەیەو هاوکات کاری لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی ئینسان کردووە، پێش ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی تر نییە بەو جۆرە باروودۆخی دەروونی ئینسان شیکاتەوەو هەڵیسەنگێنێ، سەرباری ئەوەش باس لەقۆناغێکی گرنگ و هەستیاری کۆمەڵگەی ڕوس دەکات، ئەو قۆناغەی کەلە ڕوسیادا ئیدۆلۆژیای مارکسیستی و هەژار دۆستی وردە وردە سەر هەڵدەدات. (راسکۆڵنیکۆف) پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، تەواوی ڕۆمانەکە لەدەوری ئەو کارەکتەرە سەرەکییە دەخولێتەوەو تا کۆتایی ڕۆمانەکەی بەدەگمەن بەشێك یاخود پاژێك هەیە ناوی راسکۆڵنیکۆڤ تێدا نەبێت و ڕۆڵی لەڕووداوەکاندا نەبێت، یەك ڕووداوی سەرەکی و چەند روداوێکی تری لاوەکی لەم ڕۆمانەدا هەن، بەڵام دیسان ڕووداوە لاوەکییەکانیش خراونەتە خزمەتی ڕووداوە سەرەکییەکەوە. راسکۆڵنیکۆف لەیەکێ لەشارەکانی ڕوسیاوە بەمەبەستی خوێندن لەزانکۆ ڕوودەکاتە شاری (پترس بۆرگ) کەئەو دەمە پایتەختی حکومەتی قەراڵی ڕوسیابووەو شارێکی پڕ ئاپۆراو گەورە بووە. بەلام لەوێ جگەلەوەی بێ پارە دەبێ و حەزی کارو کاسبیش تێیدا دەمرێ واز لەخوێندن دەهێنێ، هەر بۆ دەستخستنی پارەش توشی تاوان دەبێ، تاوانەکەی راسکۆڵنیکۆف لەشەوێکدا ڕوودەدات و تێیدا پیرەژنێك و خوشکێکی پرەژنەکە دەکوژێت بەناوی (لێزاڤیتا) ئەو تاوانەی ناوبراو بۆ دەستخستنی پارەیە تاهەم خوێندنی پێ تەواو کات و هەم یارمەتی دایکی و (دۆنیا)ی خوشکی پێبدات





کەلەشارێکی ترن، بەڵام سەرئەنجام راسکۆڵنیکۆف لەو تاوانەو لەماڵی پیرەژن ئەوەندە شپرزە دەبێت تەنیا جانتایەکی بچوکی دەستدەکەوێت دواتر دەردەکەوێت ئەویش هیچی تێدانییەو بڕیاردەدات بیخاتە ژێر بەردێکەو بەکورتی ئەم پاڵەوانە دوو ژن دەکوژێت بۆ پارە واتا بەمەبەستی دزینی سەروەتەکەیان، کەچی یەك ڕۆبڵ لەسەروەتی پیرەژنەکە هەڵناگرێ، هەڵبەت ئەو پیرەژنە خاوەن ئاپارتمانەو راسکۆڵنیکۆف کرێچی ئەوەو دواتر لەڕەوتی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت کەزۆر پارەپیس و ڕەزیلەو راسکۆڵنیکۆف پێیوایە کوشتنی پیرەژنەکەو ئەسپێیەك وەکو یەك وایە چونکە ئەو پیرەژنە ئەسپێ بوو نەك بەشەر.

لەڕوانگەیەکی سایکۆلۆژییەوە کەسێك دەبێتە بکوژ، کە پێش هەرشتێك یاخود پێش کوشتنی هەر کەسێك دەبێت سایکۆلۆژییەتی خۆی کوشتبێت، واتا خۆی لەهەموو بەهاو موراڵێکی مرۆیی پاککردبێتەوە، چونکە کوشتنی کەسێك مانای کوشتنی خۆت. تۆ سوور دەزانی کوشتنی ئەو مرۆڤەی بەنیازی بیکوژی، ژیانیش لەتۆ حەرام دەکات، ئەو خوێنەی لەو دەڕژی دێتە گیانی تۆوەو دەبێتە تارمایی و لێت نابێتەوە. سەندنەوەی ژیان لەئینسانێك تەنیا لەدەستی هێزێکی بان سروشتی و بان دەسەڵاتی ئینسان دایە کەلای زۆرینەی بەشەرییەت ئەو کەسە خالقێکەو قودرەتی لەناوبردنی هەر مەخلوقێکی هەیە، بۆیە بەبۆچوونی فەیلەسوفێك کەئێستا ناوەکەیم لەیاد نییە کوشتنی ئینسانێك واتا کوشتنی خودا، تۆ لەکوشتنی ئیسنانەکەدا ئەو مافە بەخۆت دەدەیت کە گیان لەکەسێك بسەنیتەوە، کەمافی خودایە تۆ بۆت نییە ئەو کارە بکەیت، تۆ دەتوانی هەر کەرەسەو ئامێرێك بشکێنی کەخۆت واتا ئینسان دروستیکردووە، بەڵام بۆت نییە ئیسنان بکوژی،

کەکوشتیشت، کەدەستت چووە خوێنی خەڵك ئیتر یان وەك راسکۆلنیکۆف بەدەم ئازاری ویژدانەوە دەتلێیتەوەو دواتر خۆت دەدەی بەدەستەوە، یان وەك هێتلەرو سەدام‌و زۆر بەشەریتر دەبیتە خوێن ڕێژێکی بێ وێنە.

وەك وتمان تەوەری سەرەکی‌و ئامانجی سەرەکی لەڕۆمانی (تاوان‌و سزا)دا دەرخستنی باری سایکۆلۆژی خەڵکی تاوانبارە، بەتایبەت تاوانی کوشتنی مرۆڤ، لەم ڕۆمانەدا ئەوە خراوەتەڕوو کەئینسان دوای ئەنجامدانی تاوانێك چی لێدێت‌و چۆن ژیانی لێدەگوزەرێ، بەڵام ئەمەش بۆ ئینسانی بەویژدان کە (دۆستۆیۆڤسکی) بەجۆرێك کاری تێداکردووە، خوێنەر دەخاتە حاڵەتێکی زۆر شڵۆقەوە، والە ئینسان دەکات کەبڵێ هیچ تاوانبارێك نییە دوای کوشتنی کەسێك بەدرێژایی ژیانی ئارامی‌و دڵنیایی بەخۆوە ببینێ‌و خاوەنی سایکۆلۆژییەتێکی شێواو نەبێت، هەست بەئازارێکی ویژدانی قوڵ نەکات. ئەمەش دیارە یەکەم بۆ شارەزایی ڕۆماننوس لەسایکۆلۆژییەتی مرۆڤداو، دووەم بۆ خودی کەسێتی ئەو دەگەڕێتەوە کەقومارچی‌و مەشروب خۆرێکی مودمین بووە. بەپێی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ڕووداوەکە دوای هەفتەیەك ئاشکرا دەبێت، واتا دەتوانین بڵێین زەمەنی ڕۆمانەکە زۆر ناخایەنێت، هەر دوای تاوانی کوشتنەکەش راسکۆڵنیکۆف هەستێك بەپەشیمانی دایدەگرێت‌و ناشییەوێ خۆی بداتە دەست پۆلیس، چونکە وەك خۆی دەڵێ هێشتا ژیان خۆشەو نایەوێ بچێتە زیندان، بەڵام دواتر بکوژ دەیەوێ کەسێکی دەست کەوێ ببێتە هاوبەشی ئەو خەمو ئازارەی دوای کوشتنی ئەو دوو ژنە تووشی بووە، تالەو ڕێگەیەوە ئەوشارە جێبێڵێ‌و ئیتر بۆهەتاهەتایە ئەو تاوانە دیزە بەدەرخۆنە بکرێت، بەڵام دیسانەوە ئەم بیرەش فەرامۆش دەکات. ئەمەش سیفەتێکی دیاری راسکۆڵنیکۆفە کە لەتەواوی ڕۆمانەکەدا بەدیاردەکەوێت، هەمیشە ڕاڕاو





دوودڵ‌و دەمدەمییە، لەسەر هیچ کارێك نامێنی‌و تاسەر شوێن هیچ بیرێك ناکەوێت‌و لەگەڵ هیچ هاوڕێیەکیشیدا تەنانەت (رازومیخین)یش ناتوانێ هەڵکات، کەیەکێکە لەکارەکتەرەکان‌و هاوڕێ دڵسۆزەکانی راسکۆڵنیکۆف‌و لەکۆتایی ڕۆمانەکەشدا دەبێتە زاوای، واتا هاوسەری دۆنیای خوشکی. ماوەیەکیش دوای تاوانەکە کەدایك‌و خوشکیشی دەگەنە لای، لەگەڵ ئەوانیش هەڵناکات‌و جێیان دێڵێ‌و بەڕازومییخین دەڵێ ئاگات لێیان بێت.

بێ موبالاتی راسکۆڵنیکۆف لەبەرامبەر ژیان‌و دواتر دایك‌و خوشکیدا، زەنگی هاتنی سەردەمێکی مەترسیدارە لەژیانی ئینساندا، کەئیتر لەو سەردەمە نوێیەدا شتێك نامێنێ بەناوی سۆزو ڕەحم‌و بەزەیی لەنێوان ئینساندا، تەنانەت لەنێوان ئەو ئینسانانەشدا کە سیلەی روحم‌و خوێن پێکیەوە بەستوون، وەك دایك‌و باوك‌و خوشك‌و براو پەیوەندی ئەوانە پێکەوە. ئەوەبوو بینیمان‌و بەردەوامیش دەیبینین کە لەسەر زەمینی دۆستۆیۆڤسکی‌و تەواوی دنیاشدا ئەو مەسەلانە کاڵبوونەتەوەو بەرەو پوکانەوە دەچن. قسەی دۆستۆیۆڤسکی لەم ڕۆمانەو تەواوی ڕۆمانەکانی تریشیدا قسەیەکە لەسەر تەنیابوونی ئینسان لەلایەنی ڕۆحییەوە، ئەو پێیوایە ئینسان هەر چەند خۆی فریوبدات‌و هەوڵی تێکەڵاوبوونی خەڵکی دەوروبەری بدات هێشتا هەر ڕۆحی تەنیایەو وەك ئەوەوایە لەدەشتێکی کاکی بەکاکیدا جێمابێت‌و هاواری نەگاتە کەس. بۆیە لەم ڕۆمانەدا پاڵەوانەکەی بەوشێوەیە پێشانی خوێنەر دەدات. بەر لەدۆستۆیۆڤسکی هیچ ڕۆماننوسێکی تر جورئەتی ئەوەی نەبووە لایەنی سایکۆلۆژی ئینسان بەو شێوەیە بخاتە چوارچێوەی ڕۆمانێکەوە. چونکە لەلایەك دەرخستنی ئەم دۆخەی ئینسان لێدانە لەدین وەك نەمانی سۆزو روحم‌و خۆشەویستی لەنێوان دایك‌و کوڕو خوشك‌و براو دواتر لێدانە لە سیستمی سەرمایەداری‌و

ئافاتەکانی، بەوەی ئینسان دەگەیەنێتە قۆناغێك کەباوەڕی بەهیچ بەهایەك نامێنێ. بەڵام ناکرێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە پاڵەوانەکەی دۆستۆیۆڤسکی لەگەڵ ئەوەی کەپیاو کوژەو تاوانی ئەنجامداوە، کەچی هێشتا لایەنی ئینسانی بەسەردا زاڵە بەوەی کەپارەی گیرفانی خۆی دەدات بەخەڵکی هەژارو بەرگری لەژیانی هەژاران دەکات، وەك دۆستایەتییەکەی لەگەڵ سۆنیای لەشفرۆش و یارمەتی دانی لەناشتنی تەرمی باوکیداو دواتر هەوڵدان بۆئەوی بیکاتە هاوبەشی ژیانی.

لەم رۆمانەدا ململانێی نێوان هەژارو دەوڵەمەند بەزەقی بەرجەستەکراوەو، ئەوە دەردەخات کە هەمیشە دەوڵەمەند لایەنی مورالی دۆڕاندووەو هەژاریش ئەو لایەنەی بردۆتەوە، (لۆژین) دەوڵەمەندێکەو خۆی بەکەسێکی نزیك لەدەسەڵات دەزانێت و دەیەوێ بەهۆی دەوڵەمەندییەکەی و ئەو دەسەڵاتەی کەهەیەتی خوشکی راسکۆڵنیکۆف (دۆنیا) بکاتە هاوسەری و هەمیشەش باسی ئەوە دەکات کە بەهۆی هەژارییەکەیەوە ئەوی قبوڵە، دواتر کە دەزانێ سۆنیای لەشفرۆش دۆستی راسکۆڵنیکۆفە دیسان هەوڵدەدات وەك کچێکی لەشفرۆش بەدناویکات و بەهۆی هەژارییەکەیەوە لەبەر چاوی دایك و خوشکی راسکۆڵنیکۆف سوکیکات، بەڵام وەك دەبینین دواتر هەموو هەژارەکان یەکدەگرن و لۆژین دەخەنە پەراوێزەوەو لەڕۆمانەکە دەیکەنە دەرەوە، کەلێرەدا رۆمانەکە واتا ژیان، ئەمەش دەگەڕێتە بۆ قوڵبوونەوەی ململانێ چینایەتییەکان لەو سەردەمەی روسیادا، کەنیوسەدە دواتر دەگاتە ترۆپك و بەهۆی شۆڕشی پڕۆلیتاریاوە قەراڵەکانی روسیا دەڕوخێن. لەلایەکی ترەوە وشیاری هەژاران لەم رۆمانەدا بەرجەستەکراوە سۆنیای لەشفرۆش هەست بەپۆخڵی خۆیدەکات، بەڵام بەناچاری و بۆ





بەخێوکردنی باوکی و منالی باوەژنەکەی ئەو کارەدەکات. یان دۆنیاو دایکی هەست بەوەدەکەن کەلۆژین بۆیە ئەمانی وەك هەژارێك قبوڵە تا دواتر ئیستغلالیان کات و هەرچی بەسەر هێنان قبوڵیکەن بەخاتری ئەوەی کە لۆژین دەوڵەمەندەو ئەمانیش هەژار. بەڵام لێرەدا هەژارەکان ناچنە ژێر باری دەوڵەمەندان و دژایەتیان دەکەن، لەلایەك وەك دەوڵەمەند لەلایەکیش وەك کەسانێکی سەر بەدەسەڵاتی قەیسەر.

بەهەرحاڵ ئەم رۆمانە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی زۆر هەڵدەگرێ و سەدەو نیوێك زیاترە فکری سەدان سایکۆلۆژیست و خەڵکی خوێندەوارو ئەکادیمیستی بەلای خۆیدا راکێشاوەو بۆ داهاتووش هەر وادەبێت، چونکە ئەم رۆمانە بەر لەهەر دکتۆرێکی سایکلۆژی و دەروونناسێکیتر باسی لەحاڵەتی سایکۆلۆژی ئینسان کردووەو بەتایبەت سایکۆلۆژییەتی خەڵکی تاوانبار، وەك لەسەرەتاوە وتمان بەر لەم رۆمانە نە لەڕۆمانی تردا نە وەك لێکۆڵینەوەو بابەتی سەربەخۆ مەسەلەی سایکۆلۆژییەتی ئینسان قسەی لەسەر نەکراوەو ئەسڵەن بایەخیشی پێنەدراوە. ئەم کارەی من تەنیا هەندێك قسەیەو مەرجیش نییە ئەو سەرنجانەی دەرمبڕیوە وەك ئەوە بێت کە خوێنەرێکیتر هەیەتی، لەبەر ئەوەی دەق خاوەنی خوێندنەوەی فرە رەهەندەو هەر خوێنەرێك و لەگۆشەنیگایەکەوە بۆی دەڕوانێت.

دەکرێ وەرگێڕانی ئەم رۆمانە کەگەورە شاکارێکی جیهانییە بکرێتە سەرەتایەك بۆ وەرگێڕانی تەواوی شاکارەکانی دنیا بەتایبەت لەبواری رۆماندا، ئەمەش لەوێوە دەڵێین کە عەیبەیە بۆ ئەدەبیاتی کوردی تائێستا رۆمانێیکی وەك تاوان و سزاو شەڕو ئاشتی و برایانی کارامازۆف و ئانا کارنیناو زۆریتریشی تێدانەبێت.

# ئاڵتینای سلێمانوناو یەکەمین مامۆستا

ئێمەی کورد قەرزاری پیاوێکین، وەك چۆن خۆمان فەرامۆشکردووە ئەوپیاوەو تەواوی مێژوویەکی دوورو نزیکمان فەرامۆشکردووە، پیاوێك سەراپای تەمەنی بۆ ئێمەو فێربوونی ئێمە تەرخانکرد، پیاوێك ئامادەبوو سوکایەتی منداڵو گەورەی ئەم شارە قبوڵکات بۆ ئامانجێکی پیرۆز، ئامانجێك کەئێمە تائەمڕۆش هەستی پێناکەین کەچی ئەو هەشتا ساڵ بەرلەئەمڕۆ هەستی پێکرد، ئێمە یادەوەریمان نییەو ئەویش دوورترین بەرزایی دەبینیو دەیویست ئێمەشو خۆیشی بەسەرا هەڵگەڕێنێ. ئەوپیاوە توێکڵە شوتیو تەماتە رزیویان تێدەگرتو ئەویش بەوشەی کوردی پەتی وەڵامی دەدانەوە، ئەو پیاوە دەیوست ئێمە فێربین یەکترمان خۆشبووێت.! کەچی رقمان لێی دەبۆوەو بەرد بارانمان دەکرد، ئەو پیاوە فێری خۆشەویستی دەکردینو ئێمەش تاهێزمان تێدابوو بەسەروو چاویدا





دەڕشاینەوە. ئەو پیاوە (نەجمەدینی مەلا) بوو، خاوەنی کەشتی نووح. نوح کەزانی دنیا لەلافاوەکەدا غەرق دەبێتو کەس رزگاری نابێت، کەشتییەکی دروستکردوو ئەوەندەی بۆی کرا نێرو مێی هەموو بوونەوەرێکی خستە ناوکەشتییەکەوەو بەرەو بەرزاییەکانی چیایی جوودی هەڵکشاو دواتر خۆیشیو زۆر بوونەوەری تری رزگار کرد. نەجمەدینی مەلاش کەشتی نوحی دامەزراندو دەیوست هەموومان لەلافاوی جەهل رزگارکات، بەڵام ئێمە ئێستاش نەچوویتە ژێر باری ئەو بڕوایەی کەخوێندن رزگارمان دەکات. تاکۆتایی ساڵانی پەنجای سەدەی بیست لەشاری سلێمانی شەش هەزارو پێنج سەد کەسی فێری نوسینو خویندەواری کردووە، هەر ئەمەشە ئەوی وەك مامۆستای گەل ناساندووە.

بەدرێژایی سەردەمەکان ژنان زوڵملێکراوترین مەخلوقێك بوون کەس پشتی نەگرتوونو خۆشیان نەبوونەتە پاڵپشتی یەکتری، ئەمە بۆهەر کۆمەڵگەو سەردەمێك وابووەو گەر لێرەو لەوێ جیاوازییەك هەبووبێ مانای ئەوە نەبووە کەژنان تەواو بارودۆخیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەر لەوکاتەوەی کەمرۆڤ هەستی بەمافخوراوی خۆیکردووەو هەوڵی گۆڕینی بارودۆخی خۆییو کۆمەڵگەکەیداوەو ئامادەکاری بۆ شۆڕش هەڵگیرساندن کردووە، بەشێکی زۆری خەمەکانی لەبێ مافی ژناندا کۆکردۆتەوەو مافدانی بەژن کردۆتە دروشمێکی سەرەکی شۆڕشەکەی، دوورو نزیکیش شۆڕشەکان مافیان بۆ ژنان دەستەبەرکردووەو زۆرجاریش ئەو شۆڕشانە لەوەختی سەرکەوتنیاندا لەبەڵێنەکانیان پەشیمان بوونەتەوە.

تاپێش هەڵکشانی میدیاو دەزگاکانی تری راگەیاندن تاکە دەروازە بۆ پەردەلادان لەسەر خەموو مەینەتییەکانی ژن ئەدەبو کاری ئەدەبی بووەو

لەم ناوەشدا ئەوەندەی پیاوان لەمەڕ ژنیان نووسیوە کەمتر ژنان خۆیان هەستاون بەو کارەو لەئەمڕۆشدا ژنان توانیویانە ئەو بارە نالەبارە بگۆڕن و بێنە مەیدانی نوسین و هونەرەوەو خۆیان بدوێن و باس لەئازارو مەینەتییەکانی خۆیان بکەن و ئازارەکانیان بێننەقسە.

جەنگیز ئایتماتۆف لەڕۆمانی (یەکەمین مامۆستا)دا دەبێتە مێژوونووس و مێژووی گرنگترین قۆناغی قیرغیزستانمان بۆدەگێڕێتەوە، بەڵام تەنیا وەك مێژوویەکی وشك و بارگاوی بەلایەنگیری نا، بەڵکو وەك شاکارێکی ئەدەبی باڵاو پڕ لەوێنەی ئەفسوناوی. یەکەمین مامۆستا مێژووی یەکەمین وەرچەرخانی کۆمەڵگەی قیرغیزییە لەفیوداڵییەوە بۆسەرمایەداری و دواتر بۆسۆسیالیستی، لێرەدا بۆیەکەمجار خوێندنگە دەکرێتەوە، بۆیەکەمجار کچ دەچێتە پۆلی خوێندنەوە، بۆیەکەمجاریش گوند ملکەچی بڕیارەکانی شاردەبێت.

کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی هەموویان لەیەك دەچن و تەنیا کات و شوێن دەبێتە تاکە جیاوازی رووداو گۆڕانکارییەکان، ئەو قۆناغە تاڵ و شیرین و خۆش و ناخۆش و چارەنووسسازانەی کۆمەڵگەیەك پێیدا تێدەپەڕێت بۆکۆمەڵگەیەکی تریش وایە، زۆرجار کارەکتەری رۆمانێك کەسێکت بیر دەخاتەوە کەلەکۆمەڵگەکەی خۆشت هەبووەو رەنگە ئەو کەسە نزیکیشت بووبێ، پێت سەیرە بۆچی ئەمەی لای خۆمان نەبۆتە پاڵەوانی رووداوێك و ئەوەی ئەوانیش بووەتە پاڵەوان و چووەتە مێژووەوە، یاخود دەڵێی دەبوو ئەو رۆمانە کوردی بووایە نەك بەو زمانەی پێی نوسراوە.

زۆرجار کەسایەتییە مێژووییەکان بەپاسپۆرتی ئەدەبەوە بەرەو مەرزەکانی مێژوو رۆیشتوون، زۆریش هەبون کەئەدەبیات بایەخی





پێنەداون و ئیتر ونبوون و مێژووش فەرامۆشی کردوون، وەك لای خۆمان سەدان پاڵەوانی نەتەوەییمان بیرچوونەوەو ناویشیان لەیادەوەریماندا کاڵبوونەوەو تەواو، (مەهدی حسێنزادە)ی پاڵەوانی رۆمانی دوورە وڵاتی عەین قاسمۆف کتومت لەوپێشمەرگانەی خۆمان دەچێت کەلە سەنگەرەکانی خەباتدا قارەمانانە شەهید بوون، بەڵام مەهدی بووە رەمزی نەتەوەیەك بەهۆی رۆمانێکەوەو ئەوانەی ئێمەیش لەیادەوەریدا کاڵبوونەوە. ئەوەشە تاقە جیاوازی گەورەی ئێمەو ئەوان، نەتەوە بەوشتە بچوکانە گەورە دەبێت و دەبێتە نەتەوە کەئێمە بەو گەورەییە نایانبینین.

(دوێشن) کارەکتەری سەرەکی رۆمانی یەکەمین مامۆستایە، بەڵام کلیلی روداوو تەواوی رۆمانەکە بەدەستی (ئاڵتینای سلێمانونا)وەیە. ئاڵتینای پرۆفیسۆرێکەو خەڵکی گوندی (ئایۆڵە) منالّی لەئایۆڵ بەسەر بردووەو لەسەرەتای تەمەنیدا بەهۆی رووداوێکەوە ئەوێی جێهێشتووەو رووی لەمۆسکۆ کردووە، ئەم رۆمانەش هەوڵی گێڕانەوەی ئەو روداوەمان بۆدەدات و دواتر لەدەرگای کۆمەڵێك قۆناغی مێژوویی دەدات. کۆمەڵگەی قیرغیزی کۆمەڵگەیەکی فیوداڵێ و پاشکەوتوو بووەو بەبەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا ئەویش بەهرەمەند دەبێت و بۆیەکەمجار بڕیار دەدرێت خوێندنگەی لێبکرێتەوە، دوێشن تاقە پیاوێکە کەلەگوندی ئایۆڵدا سەوادی هەبێت و خوێندەوارییەکی کەمی هەبێت، بۆیە کردنەوەی خوێندنگە بەدوێشن دەسپێرن، دوێشن رۆژێك بەگونددا دەگەڕێ و داوا لەخەڵکی گوندەکە دەکات منالەکانیان بنێرنە بەرخوێندن. دوای چەند رۆژێك خوێندنگە دەکرێتەوەو کۆمەڵێك کچ و کوڕی گوند دەبنە خوێندکار، (ئاڵتینای سلێمانونا) یەکێك لەو کچە خوێندکارانە دەبێت. کارکردنی

ئایتماتۆۋ لەم ڕۆمانەدا لەسەر دووشتە یەکیان مەسەلەی ئافرەتو ئەویتریان دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو لینینە.

خەڵکی گوند دژایەتی دوێشن دەکەنو هاوکاری ناکەن بۆ کردنەوەی خوێندنگەکەو بەرەوپێشچوونی، وەك چۆن ئێمە هاوکاری نەجمەدینی مەلامان نەکرد بۆ کردنەوەی کەشتی نوحو خوێندنگەکانی لەسالآنی پێشووتردا. ڕۆمانەکە پێکهاتووە لەنامەیەك کەئاڵتینای بۆدۆستە شێوەکارەکەی دەنێری لەگوندی ئایۆڵ کەزێدی سلێمانوناو زێدی شێوەکارەکەیشە. ئاڵتینای سلێمانونا داوەتی کردنەوەی پێشانگەیەکی شێوەکاریو خوێندنگەیەکی گەورە کراوە لەگوندی ئایۆڵ، کەپێشتر چەند جارێك هەوڵیان لەگەڵداوە چەند شەوێك لەلایان بمێنێتەوە، ئەوان شانازی بەئاڵتینایەوە دەکەن بەلآم ئاڵتینای دڵی لەوێ هەڵکەندراوەو ناتوتانێ شەوی تێدا ڕۆژکاتەوە. (پۆشکین) لەڕۆمانی (کیژی سەرۆك)دا لەڕێگەی تابلۆیەك کەبەدیوارێکدا هەڵواسراوە مێژووی قۆناغێکی خوێناوی رووسیای قەیسەریمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەم ڕۆمانەش مێژووی قۆناغێکی قیرغیزستانی کردۆتە شاکارێك بۆئێمەو لەڕێگەی نامەیەکەوە ڕووداوەکان باسدەکات.

سالآنێکی زۆر بەسەر کردنەوەی یەکەمین خوێندنگەو دەستبەکاربوونی یەکەمین مامۆستادا تێپەڕیوە ئەو کچەی یەکەمجار مامۆستاکەی بینیو حەزیکرد ببێتە خوێندکاری ئێستا بەهۆی ئەو مامۆستایەوە کەبووە گاڵتەجاڕی گوند، ئەم بۆتە پرۆفیسۆرو داوەتکراوە بۆ گوندەکەیان.. ئاڵتینای پرۆفیسۆر لەو بڕوایەدا نییە کە(دوێشن) ئەو مامۆستاو باوکەی ئەمی پێگەیاند لەژیاندا مابێتو لەم گوندە شوێنەوارێکی مابێت. خەڵکی گوندو خودی ئەو شێوەکارەیش کەداوەتی سلێمانونایانکردووە لەئاڵتیانی کۆبوونەتەوەو باسی پێشکەوتنی گوندەکەیانی بۆدەکەن، ئاڵتینای بەنیازەو





بەڵێنیداوە شەو لەلایان بمێنێتەوە، بەلآم لەناکاو پیاوێکی پیر لەپێش دەرگا دەردەکەوێتو پۆستێکی پێیەو دوای ئەوەی لێیوەردەگرن ئەو لەچاو وندەبێت.! ئاڵتینای بەبینینی ئەو چاوی پڕ دەبێت لەئاوو بێدەنگی دایدەگرێت، ئەوان نازانن دوێشن کێیەو چیکردووە، ئاڵتینای ئەو چرکەیە هەموو مێژوویی ژیانی خۆی دێتەبەر چاوو بڕیاری گەڕانەوە دەدات بۆمۆسکۆ.!

دوای مشتومڕێکی زۆری خەڵکی گوندو ئاڵتینای، ئاڵتینای دەگەڕێتەوە بۆمۆسکۆو دوای چەند ڕۆژێك نامەیەك بۆدۆستەکەی دەنێریو ئیتر لێرەوە ڕۆمانەکە دەست پێدەکات، دوێشن منالآن فێری خوێندن دەکاتو کەس هاوکاری ناکاو بەگاڵتەجاڕیشی دەزانن، ئاڵتینای یەکێکە لەو کچە خوێنکارانەی کەدوێشن هەست بەزیرەکیو بلیمەتی دەکات، ئاڵتینای لای پورێکی پەروەردە بووەو ئەو سەرپەرشتی بەخێوکردنی دەکات، مامۆستاو خوێندکار بەردەوام دەبن تاڕۆژێك پوری ئاڵتینای بڕیاری بەشوودانی ئاڵتینای دەدات، ئەو سەردەمە خوێندن بۆ ئافرەت یاساغبووەو تەنیا دەبوو شووبکەن، ئاڵتینای حەزی لەحوێندنەو پوریشی بڕیاری خۆیداوەو لەپیاوێکی دڕندەی خاوەن ژنی مارەکردووە، ڕۆژێك پیاوەکان خۆیان دەکەن بەخوێندنگەکەی دوێشن داو هەر ئەوەندەی دوێشن ناڕەزایی دەردەبڕێ ئیتر ئەوان هەموو گیانی دەشکێننو ئاڵتینای لەگەڵ خۆیان دەبەنو لەگوندێکی تر بەزۆر دەیکەن بەژن.

لێرەدا دۆخی ژن لەکۆمەڵگەی قیرغیزی ئەو سەردەمەدا خراوەتە ڕوو، ژن داماوو بێکەس وەك کالآیەك بەدەستی پیاوانەوە هەڵسووڕاوەو بەکارهاتووە، ئاڵتینای لەگەڵ ژنی یەکەمی ئەو پیاوەدا دوو ڕۆژێك بەسەر دەباو دواتر دوێشن بەخۆییو دووپۆلیسی شورەوییەوە دەگاتە سەریانو کابرای

سورەی مێردی ئاڵتینای بەزەبری تفەنگ پێشخۆیان دەدەن و هەم ژنەکەی پێشووی رزگاری دەبێت هەم ئاڵتینای، ئیتر لێرەوە بەخت یاوەری ئاڵتینای دەبێت و بەرەو مۆسکۆ دەکەونەڕێ و کابراش تەواوی ژیانی لەگرتووخانەکاندا بەسەر دەبات و ناوی لەناواندا نامێنێ. ئەو رووداوە بۆ ئاڵتینای دەبێتە سەرەتایەکی گەش و ئیتر جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ گوندی ئایۆڵ، تائەو رۆژەی رووداوی رۆمانەکەی تێدا دەست پێدەکات. ئاڵتینای لەمۆسکۆ پلەکانی خوێندن بەسەر کەوتوویی دەبڕێت و لەکۆتاییدا دەبێتە پرۆفیسۆر، دویێشنیش دەچێتەوە گوندو خۆی بەخوێندنگەکەیەوە خەریك دەکات، ئەو دوو کارەکتەرە سەرەکییەی رۆمانەکە تائەو چرکەیە بێئاگان لەیەکترو یەکتر نابیننەوە. ئاڵتینای چەند جارێك هەوڵی بینینی مامۆستاکەی دەدات بەڵام بێسوود دەبێت، هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی مامۆستاکەی لەو نامەیەدا خستۆتە روو کەبۆ دۆستەکەی ناردووەو بریتییە لەم رۆمانە.

ئەم رۆمانە هەرچەند بەقەبارە بچووکە بەڵام بەناوەڕۆك و تەکنیکی رۆمان شاکارێکە بۆخۆی، ئەوەمان پێدەڵێت کەنەتەوەی بچوکیش رۆماننوسی گەورەی تێدا هەڵدەکەوێت و مێژووی نەتەوەکەی سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامییەتی بۆنووسینی رۆمان، ئەوەمان پێدەڵێت کەئێمەش پێویستسیمان بە پیاوێکی وەك ئایتماتۆفە تابێت و مێژووی دوورو نزیکمان بکاتە سەرچاوەی ئیلهامی خۆی.

*تێبینی ئەم رۆمانە لەچاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە فایەق سەعید وەری گێڕاوە

# کۆڕاڵی مردن... لەسەمفۆنیای مردووەکاندا.

بەرلەوەی دەست بەخوێندنەوەی ڕۆمانێك بكەم كەپێشتر كاری ئەو ڕۆماننوسەم نەخوێندبێتەوە، بەومانایەی ڕۆمانێكیتری ئەو ڕۆماننوسەم نەخوێندبێتەوە، ترسێك دامدەگرێت، ترسی ئەوەی كەڕۆمانەكە ئەوەنەهێنێت چەند كاژێرێكی بۆتەرخانكەمو كاتم لێبگرێت. ئاخرهەموو ڕۆمانە نەمرو زیندووەكانی دنیا بەرەنجامی هزری بەشەرینو حیكایەتی ڕەنجو ئازاروو كوێرەوەری بەشەرمان بۆدەگێڕنەوە بۆیەنەمرنو هەربەنەمریش دەمێننەوە.

هەربۆیە منیش ئەوترسەم لادروستدەبێت كەئەو ڕۆمانە تاكە ڕستەیەكم لاجێنەهێڵێت.! ئاخر من لەكێوی پێنجەمی پاولۆكۆئیلۆوە فێربوومو تێگەیشتم كەمرۆڤ بۆئەوەدێتە دنیاوە تاناپاكی لەچارەنوسی خۆیبكات (١). هەمووئەو ڕۆمانە نەمرانەی بوونەتە میراتی مرۆڤایەتیو دەكرێ جێگەی





شانازی بن بۆخۆیان خاوەن ڕستەی لەوجۆرەی كۆئیلۆن، سێرڤانتس لەدۆنكیشۆتدا(٢) فێرمان دەكاتو ڕاماندەچڵەكێنێت كاتێك دەڵێت: پاڵەوان مەرجنییە هەرسەركەوتن بەدەستبێنێت، ئەوەتا دۆنكیشۆتەكەی من هەمیشە دووچاری نوشوستو دۆڕاندەبێتەوە.

تۆبڵێی ڕۆمانی سەمفۆنیای مردووەكانی عەبباسی مەعروفی چیمان پێبڵێو چیمان فێركات .؟ تۆبڵێی ئەو ڕستەیەی ئەم ڕۆمانە دەیەوێت پێمان بڵێت چیبێت، لەڕۆمانی سەمفۆنیای مردووەكاندا: گوێمان لەگێڕانەوەیەك دەبێت لەشێوەی سەمفۆنیاو كۆڕاڵدا، گێڕانەوەیەكی دەستەجەمعیو پڕترسو قیژەوهاوار. هاوارێك لەوپەڕی نائومێدییەوە، هاوارێك كەئینسان تاسەرئێسقان سڕو ڕەشبین دەكات، ئاخرلەڕۆمانێكدا مرۆڤێكی زیندووت دەست ناكەوێت گوێ لەحیكایەتەكانی بگریتو ئەوەی قسەت بۆدەكاتو پەلكێشی ناو ڕووداوو دەهلیزەكانی ڕۆمانەكەت دەكات تێكڕامردوونو تۆش لەگەڵ خوێندنەوەی ڕۆمانەكەدا نیوە مردو دەبیتو ناچاری شوێن ئەوسەمفۆنیای مردنە كەوی تائەودەمەی تەواوی گێڕەرەوەو كارەكتەرەكان دەمرنو تەنیا گوریسێكی خۆخنكاندن بەسەر ڕووی ئاوی حەوزەكەوە دەبینی.

سەمفۆنیای مردووەكان گێڕانەوەیەكی لەسەرخۆو تیكچڕژاوی بەسەرهاتی ژیانی خێزانێكە لەناوچەی ئەردەبێڵی وڵاتی ئێران، كەدواتر پەلوپۆبۆ زۆر بابەتی هەستیارو گرنگی ئەوسەردەمە دەهاوێ وەك جەنگی دووەمی جیهانیو داگیركردنی بەشێكی ئێران لەلایەن لەشكری سووری یەكێتی سۆڤییەتی جارانەوە. ئەم خێزانە خێزانێكی دەوڵەمەندن بەڵام خاوەن بیركردنەوەیەكی كۆنزەرڤاتیڤنو ڕوانینیان بۆدنیا تەنیا لەگۆشەنیگای سەروەتو سامانەوەیە. ڕۆماننوس لەهەوڵێكی زۆردایە

بۆناساندنی ناسنامەی خۆی ئەویش بەوەی زوو زوو بیرماندەخاتەوە کەشوێن لەڕۆمانەکەدا تەنیا سەرزەمینی ئەردەبێڵە بەتایبەتی و ئێرانە بەگشتی، کەدیارە ئەمەش یەکێکە لەئەرکەگرنگەکانی ڕۆمان، ڕۆمان لای گابریێل گارسیا مارکیز تەنیا بۆناساندنی ناسنامەیە بەجیهانی دەرەوەی خۆت ئەودەڵێ: هەوڵی سەرەکی من لەتەواوی ڕۆمانەکانمدا ناساندنی ماکۆندۆیە بەجیهان کەسەرزەمینی لەدایك بوون و زێدی خۆمە.

تەکنیکی ڕۆمانەکە تەکنیکێکی نوێیەو زۆرئاڵۆزو تێکچڕژاوە، تەواوی گێڕانەوەکە فلاشباکەو زەمەنێکی زۆر بەسەر ڕووداوەکاندا تێپەڕیوەوهەرجارەو دەنگێك لەدەنگانەی لەمێژە مردووە بۆئێمە دەدوێت و بەسەرهاتەکەمان لەزاری خۆیەوە بۆدەگێڕێتەوە. لەتەواوی ڕۆمانەکەدا چوارکەس بۆئێمە دەدوێن، واتا چوارگێڕەرەوە هەیە لەم ڕۆمانەداو هەریەکەو سەرێکی ئەو خورییەی لایە کەفەرشی ڕۆمانەکەی لێدەچنرێ. بەکۆی هەرچوار گێڕەرەوەکە تان و پۆی ڕووداوەکان دەچنن و ئیتر ئێمە گوێ بیستی سەمفۆنیایەك دەبین کەعەبباسی مەعروفی ناوینیاوە سەمفۆنیای مردووەکان.

سەمفۆنیای مردووەکان: ململانییەکی پڕ لەسەرکێشی و گیانبازی دوونەوەیە، لەسەردەمێکدا کەکونجێکی ئارام لەسەرزەویدا نییە بۆپشوو حەوانەوەی بەشەر ئەویش سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییە، کەپریشکی ئەوجەنگە تەواوی جیهانی گرتۆتەوەو ئێرانیش ئەوشوێنەیە کەڕاستەوخۆ دەبێتە تەوەرێکی شەڕ لەناوچەکەدا، کەلەم ڕۆمانەدا زۆرو کەم ئاماژە بەکاریگەرییەکانی ئەو شەڕە کراوە، ئالەو دەمەدا کەتێزەکانی فرۆیدو فەلسەفەی ئیگزیستالیزم و وڵاتی شورەوی قەڵای مارکسیزم لاوانی دنیای هێنابووە جۆشوخرۆش و کەڵکەڵەی یاخیبوون و لادان لەعورفە





کۆمەڵایەتییەکان لەسەریدابوون. نەوەی نوێ و نەوەی کۆن لەململانێدابوون، نەوەی نوێ لەم ڕۆمانەدا پڕلەژیان و هیواو گۆڕانی خێراو شارستانین، نەوەکەی تریش پڕلەمردن و نائومێدی و پاشکەوتووی، کەدوایی و لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا نووسەر مەرگی نەوەکان ڕادەگەیەنێ و نەوەی نوێش وەك دۆنکیشۆت دووچاری نوشتی دەبێتەوە، نووسەر وەڵامی پرسیارەکان بۆئێمە جێدەهێڵێت کەبەلای باختینەوە ترسناکترین شت بەلای مرۆڤەوە نەبوونی وەڵامە.

سەنتەری دەستپێکردنی ڕۆمانەکە دوکانی چەرەسفرۆشی ئۆرخانییە، کەپیاوێکی دەوڵەمەندەو لەدەمی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لەژیاندا نەماوەو میراتەکەی بۆدووکوڕەکەی جێماوە ( ئۆرهان و ئایدین ) ئایدین کوڕە گەورەیەو نوێنەرایەتی نەوەی نوێ دەکات و تێکەڵاوی دنیای ئەدەبیات دەبێت و دەبێتە شاعیر، ئۆرهانیش نوێنەرایەتی نەوەی کۆن دەکات و بچووککراوەی باوکییەتی و وەك ئەویش جگەلە پارە بیرلەشتێکی تر ناکاتەوەو ئەمەش وایلێدەکات کەئۆرخانی باوکیان دڵی بەئۆرهان خۆشبێت و ئایدین کە سمبوڵی دنیایەکی نوێیە فەرامۆشکات.

ئایدین دەبێتە شاعیرو لای مامۆستا ناسری دڵخوێن کەجوانترین دەرکەوتووی ناوڕۆمانەکەیە لەڕووی جەوهەرەوە، وانەفێردەبێت تائەودەمەی ئایدین دەبێتە شاعیرێکی ناودارو ڕۆژانە شیعرەکانی لەڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە. شیعر بۆئەم دەبێتە خۆراك و دەیەوێ لەوێوە دنیا بگۆڕێ، یۆتۆپیای شیعر لای ئایدین دەبێتە هەوێنی گۆڕینی ئەودنیایەی باوکی و براکەی کردۆتە کۆیلەی پارە، بەپێچەوانەشەوە شیعر لای باوکی نەگبەتییەو باوکی پۆلیس بۆئایدین دەنێرێ و بەبیانوی کۆمۆنیست و تێکدەر تالەشیعر دووری خاتەوەو بیکاتە بنیادەمێك

بەخواستی خۆی واتاباوکی. باوکی وایدەبینێ شیعر دنیایان بەسەردا دەڕوخێنێ و سەرەوەتەکەیان فەنا دەکات.

ئەودەمانە مارکسیەت هێشتا ئەوفریادڕەسەیە بۆباشترکردنی دنیاو ڕزگارکردنی بەشەرییەت، مارکسییەت لەڕێگەی ئامۆژگارییەکانی ناسری دڵخوێن و ئایدینی شاعیرو قوتابیەوە خۆی نمایشدەکات. نمایشێك دەبێتە جوانترین دیوی ڕۆمانەکە، تەنیاتروسکەیەك لەکارەکتەرەکاندا کەهیوایان بەدنیاو ژیان هەبێت ئەوکارەکتەرانەن کەفکرەیەکی چەپیان هەیەو بەچاوێکی کراوەترەوە لەمەسەلەکان دەڕوانن.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدا کافکا لەڕێگەی ڕۆمانی مەسخەوە فۆبیاکانی جیهانی سەرمایەداری و سەدەی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندو لەڕێگەی گریگۆری سامسای پاڵەوانی ڕۆمانی مەسخەوە، ئەوەی بەگوێدادا ین کەئیتر لەم جیهانەدا تەکنۆلۆژیا مرۆۋ توشی بەدگۆڕان دەکات و لەتەواوی سیماکانی مرۆڤایەتی تەجریدی دەکات.

لەسەمفۆنیای مردوەکانیشدا یوسف ڕەمزی ئەو جیهانەیە، یوسف وەك دنیای سەرمایەداری لەڕێگەی لاساییکردنەوەی چەتر بازەکانی ڕووسەوە وەك گریگۆری سامسای کافکا تووشی بەدگۆڕان دەبێت. تاکەجیاوازی گریگۆری سامساو یوسف ئەوەیە یوسف خۆی ناشارێتەوە، بەڵکو دەیشارنەوەو یوسف پەلوپۆی شکاوە نەك سیماو جەستەی گۆڕابێت..

لەم ڕۆمانەدا گێڕانەوە ڕێتمێکی خێرای هەیەو سەربەڕێبازی ڕیالیزمی ئەفسوناوییەو لەگەڵ تەوژمی هۆشدا دەتبات.

وردەکاری سایکۆلۆژییەتی کارەکتەرەکانت لەڕێگەی هەڵسووکەوتەکانیەوە دەداتێ کەهەندێکیان زۆرعەفەوین و هەندێکیشیان زۆربەبەرنامەو پیلانن..





لەپشت هەر ڕستەوپەڕەگراف و گێڕانەوەی کەسەکانەوە دنیایەك چڕەدووکەڵی نائومێدی و مژێکی پڕتراژیدی هەیە، خوێنەر واهەست دەکات بەجەستەی ڕووت و پێی پەتی بەبیابانێکی گەرم و بەسەر وردە شووشەدا ڕادەکات. هەمووشتەکان لەم ڕۆمانەدا بۆنی مەرگی لێدێت، نائومێدی و هەناسەتەنگی مرۆۋ لەم ڕۆمانەدا بەسیمای خوێنەرەوە هەست پێدەکرێت. تەنانەت هەمووئەوشتانەی کەلەم ڕۆمانەدا دەردەکەون دووکان و، ئۆتۆمبێل و، دەرگاو پەنجەرەو ماڵ و...... هتد، بۆنی مەرگی لێدێت. تاکەشتێك کەبۆنی ژیانی لێبێت و دەکرێ کلاوڕۆژنەیەك بێت بۆژیان ئەویش سورمەلیناو خێزانەکەیەتی کەبەڕەچەڵەك ئەرمەنین و هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا هەستەکەیت باسی کچێك دەکرێت کاتێك ئۆرهان و ئۆرخانی باوکیان بەئایدین دەڵێن: ئەوە ئەرمەنییەو ئێمە موسوڵمان ئەوکچە لەسەری خۆت دەرکە... لێرەدا دیسان ڕۆمان نووس دەیەوێ پێمان بڵێت عەشق و ئەوین سنوورو تخوبی نێوان نەتەوەو دیانەت دەبەزێنێ وەك ئاو لەڕۆیشتن و بڕینی بەربەستەکاندا سڵ لەهیچ ناکاتەوە.! سورمەلینا لەفەسڵەکانی دواییداو دوای دەرکردنی ئایدین و گیرسانەوەی لەکارگەی دارتاشی ماڵی سورمەلینا دێتەناو ڕووداوەکانەوەو ئەویش دەبێتە ڕاوی و لایەنێکی ڕووداوەکان ڕۆشن دەکاتەوە، ئەولایەنەی کەقسەی ژیانی تێدایەو، سورمەلینا لەڕێگەی قسە پڕئومێدەکانییەوەو لەو ژێرزەمینە شێداروو کپەی کارگەکەی باوکییەوە کەلەکلێسەکەدایە مانیفێستی ژیانێکی تر بۆئایدین ڕادەگەیەنێت و ژیان دەکاتەوە بەری ئایدین، کەدەمێکە داڕووخاوەو توشی نامۆیی و خەمۆکی بووە.

سورمەلینا جارێکی تر ترس لەناخی ئایدیندا دەکوژێ و دەیکاتەوە بەمرۆڤێکی خاوەن ئیرادەو متمانە بەخودی خۆی، لەم ڕۆمانەدا تاکە ژنێك

یان کچێك وەك مرۆڤ سەیربکرێت سورمەلینایە کەهەر ئەویش خاوەن جوانترینو پڕهیواترین قسەکانی ژیانە.!

جگە لەکارەکتەرە سەرەکییەکانی کەهەرجارەو یەکێکیان ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، گێڕەرەوەیەکیش جارناجار دێتەناو ڕۆمانەکەوەو دەمانباتە سەر ڕووداوەکان کەنازانی کێیە، کەئەمەش خاڵێکی جوانو جێگەسەرنجی خوێنەرەلەکاتی خوێندنەوەدا.

کۆتاییەکان هەمیشە ترس هاوەرن، بەتایبەت لەڕۆمانی نوێدا کەسەمفۆنیای مردووەکانیش دەچێتە خانەی ڕۆمانی نوێوە. کۆتایی هەمووگێڕانەوەکانو کۆتایی ڕۆمانەکە بەگشتی ڕاگەیاندنی مەرگە، هەرجارەوکەسێکی ناوڕۆمانەکە لەدەمی گێڕانەوەدا دەمرێت.

هەموو ئەومردنانەش زەمەنێکی زۆر تێپەڕیوە بەسەر مردنیان، تادواجار دەگەیتە ئەوشوێنەی کە ئەوگوریسەی ئایدین خۆی پێخنکاندووەو بەسەر ڕووی ئاوەکەوە جوڵە جوڵیەتیو تەنیا دەنگێکی هێمن دەمێنێ کۆتایی بەڕۆمانەکەو ژیانی هەمووکارەکتەرەکان دەهێنێتودەبێتە ئەوکۆڕاڵی مردنە لای ئێمە فۆبیایەك دروست دەکات کەمایەی لێڕامانو بێدەنگییەکی درێژخایەنە...!

١. کێوی پێنجەم پاوڵۆکۆئیلۆ وەرگێڕانی: یاسین عومەر
٢. دۆنکیشۆتی سێرڤانتێس وەرگێڕانی: حەکیم کاکەوەیس
٣. مەسخ کافکا
٤. گفتوگۆیەکی مارکیز

# کاتێك ڕۆمانێك دەکوژرێ

بەهۆی زۆریو بۆری ڕۆژنامەو گۆڤارو دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەوە، نوسەرو وەرگێڕیش زۆروو بۆربوون. هەر هێندە دەزانی شاکاری گەورە نوسەرانو ڕۆماننوسان دەکرێنە کوردیو کتێبخانەکانیان لێپڕ دەکرێ. بەبێ گوێدانە پێشینەی کاکی وەرگێڕ، چونکە وەرگێڕان وەك نوسین نییە تەنیا هەر بەهرە بێت، بەڵکو شارەزاییو ئاگاداری تەواوی دەوێت لەهەردوو زمانی دایكو ئەو زمانەش کە بەنیازی بابەتەکەی لێوە وەرگێڕیت، دواتر دەبێ خودی ئەو نووسەرەش بەتەواوی بناسیو ئاگاداری وردودرشتی ژیانی خۆیو کارەکانی بیت. پاشان دەبێت ئەوەش روونبێتەوە ئەمە عەشقە بۆ وەرگێڕان یاخود پارە پەیداکردنە.؟ چونکە ساڵی پار کتێبێك لەیەك کاتدا لەهەردوو (دەزگای چاپو پەخشی سەردەمو خانەی وەرگێڕان)یش بلاوبۆوەو یەك وەرگێڕیش وەریگێڕابوو. ئەم دەزگایانە





هەریەکەیان چەند نوسەرێکی خاوەن قەڵەمی لەخۆی کۆکردۆتەوەو ناوی لێناون پسپۆڕو مانگانەیەکی زۆریشیان پێئەداتو ئیتر ئەوانیش بەباشو خراپ کتێب ڕەفزو پەسەند ئەکەنو کاتێکیش دەزانیێ یەك کتێبی قەبارە گەورەیان بەسەردا تێپەڕدەبێ، کەدەبینن وەرگێڕانەکەی خراپە، زمانەکەی باش نییە، زۆر شتیتریش. سەرباری ئەوەش چەند کەسێکیش وەك هەڵەبڕ دانراونو لەملایشەوە کتێب دەبینی نزیکەی حەفسەد لاپەڕەیەو هەڵەبڕی نەکراوە، لاپەڕە هەیە پازدە تابیست هەڵەی تێدایەو ئەوەشی زۆر سەرسوڕهێنەرە کەس خەمی ئەمە ناخواتو بەسەر هەمووان‌دا تێپەڕدەبێو زۆرجار فرۆشییشی زۆردەبێت. بۆیە من ئەمجارە لەسەر یەکێك لەو کتێبانە دێمەدەنگو دەمەوێ قسە لەسەر هەردوو لایەنی زمانەوانیو هەڵەی چاپەکەیشی بکەم.

ئەو کتێبەی دەمەوێ قسەی لەسەر بکەمو خەفەتێکی زۆری دامێو زۆریش ماندووی کردم لەکاتی خوێندنەوەیدا، ڕۆمانی(ناوم سوورە)ی ڕۆماننوسی تورك(ئۆرهان پامۆك)ە کەلەلایەن (زریان ڕۆژهەڵاتی)یەوە لەزمانە ئەسڵییەکەوە واتا لەتورکییەوە کراوەتە کوردیو، خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری لەکۆتایی (٢٠٠٦)دا چاپیکردووە. ئەم ڕۆمانە یەکێکە لەکارە هەرەباشەکانی ئۆرهان پامۆكو ساڵی(١٩٩٨)بڵاوبۆتەوە. پامۆك خۆی لەیەکێك لەچاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ: گەر یەکێك بییەوێ دەست بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکانی من بکات دەبێ لە(ناوم سوورە)وە دەست پێبکات واتا یەکەمجار ڕۆمانی (ناوم سوورە) بخوێنێتەوە. پامۆك خۆی ئەم ڕۆمانەی لەهەموو ڕۆمانەکانی زیاتر خۆشدەوێتو خەڵاتی نۆبڵەکەیشی هەر بۆ ئەم ڕۆمانە پێدرا، هەر لەبەر هێندەشە ئامۆژگاری خوێنەرە تازەکانی

دەکات کە ئەم ڕۆمانەی یەکەمجار بخوێننەوە. ئەمە جگلەوەی کە ڕۆمانەکە باس لەسەر دەمی خەلافەت دەکات لەتورکیاداو مێژوویەکی زۆر دوورمان بۆ نزیك دەکاتەوە. ڕەنگە لێرەدا بواری ئەوەمان نەبێت کە لەڕۆمانەکە بدوێین.

بۆیە لێرەوە دەکرێ لەناوەکەوە دەست پێبکەین کە وەرگێڕ کردوێتییە (ناوی من سوورەیە) لەڕووی زمانەوانییەوەو بەپێی گرامەری کوردی دەبوو بنوسرایە (سوورەم ناوە) ئەمە لەکاتێکدا گەر پاڵەوانی ڕۆمانەکە کابرایەکی سوور فل بوایە، بەڵام خۆ سەرلەبەری ڕۆمانەکە کارەکتەرێکی لەو شێوەیەی تێدانییەو دواتر ناونیشانی ڕۆمانەکە(ناوم سوور) ئەمەش ناوە نەك ئاوەڵناوو یاخود وەسفی کەسێك. لەدرێژەی ڕۆمانەکەشدا تێدەگەین کەئەوە خوێنە بەخۆی دەڵێ (ناوم سوورە) نەك کەسێك، لەوێدا خوێن باسی خۆی دەکات و مەبەستی لەڕەنگی سوورە نەك ئاماژە بێت بۆ قژی سوور یان پێستی سووری کەسێك. بەڵام وەرگێڕ کردوێتیە (ناوی من سوورەیە) نازانم مەبەستی لەمە چییەو بۆچی وای لێکردووە.؟ سەرەتای خوێندنەوەکەم تەنیا یەك ناو بەلامەوە کێشەبوو ئەو ناوەش(وێنەکێشخانە)بوو کەلەبەرامبەر ستۆدیۆ یاخود گەلەری یان شوێنێك کەکاری وێنە کێشانی تێدادەکرێ دانراوە، ئەمەش لەسەر ئیقاعی چایخانەو چاپخانەو سەروپێخانەو کەبابخانەو زۆر خانەی تریش دانراوە. بەڵام ئەو (خانە)یە بۆ هەموویبێ بۆ (وێنەکێش) نابێ و دەکرا هەر (ستۆدیۆ) یاخود (مەرسەم) یان گەلەری دانرایاتەوە زۆر باشتربوو، لەو وشە زبرە کەیەکەم جارە لەنوسینی کوردیا دەرکەوێت. بۆیە من تا لاپەڕە(١٠٠) بەسەر هەموو هەڵەو پەڵەکاندا بازمداو ئیتر لەوێوە لەحەوسەڵەمدا نەماو بڕیارمدا هێل بەژێر هەر





هەڵەیەکدا بێنم و دواتر ئەم نوسینەی لەسەر بنوسم. ئەمەش وەك خۆشەویستییەك بۆ ڕۆمانەکەو خودی زریان ڕۆژهەڵاتی وەرگێڕیش.

لەلاپەڕە (١٠٢)داو لەدێڕی پیش کۆتاییدا ئەم ڕستەیە نوسراوە(ئەمە باسی تیپێکی سەربازی دەکات شەڕدا دەکات) ڕەنگە ڕستەکە بەم شیوەیە بێت(ئەمە باسی تیپێکی سەربازی دەکات لەکاتی شەڕدا) بەڵام ئایا دەکرێ خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا تەرکیزی خۆی بپچڕێنێ و خەریکی ڕاستکردنەوەو ساغکردنەوەی ڕستەکان بێت.؟ هەڵبەت نەخێر. لەلاپەڕەی(١١٠)دا لەڕستەیەکی تردا دەنوسێ(کوڕ لەترسی ئەم خەیانەتەی کەبەرامبەر باوکی کردوویەتی زاوری دەتۆقیٌ و لەم عەشقە قەدەخەکراوەی خۆی) ڕەنگە ڕستەکە بەم شێوەیە بێت(کوڕە لەترسی ئەم ناپاکییەی بەرامبەر باوکی کردوێتی زراوی دەچێ و لەو عەشقە یاساغکراوەی خۆی شەرم دەیگرێ) سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە(زراوە) نەك (زاور) زراو دەچێ یا دەڕژێ نەك (دەتوقیٌ) وەك وەرگێڕ نوسیوێتی. دواتر خیانەتە نەك (خەیانەت) قەدەغەیە نەك (قەدەخە) وەك کاکی وەرگێڕ نوسیوێتی. ڕەنگە لەهەندێك ناوچەو هەندێك زاری کوردیدا (خ وغ) شوێن گۆڕکێیان پێبکرێ، بەڵام لەنوسیندا کەمتر بواری ئەوە هەیە یا هەر نییە. لەلاپەڕە(١٢٣)دا ئەم ڕستەیە هەیە(بەخێڵی بردنەوەو خانووگمانیکردن لەکێشانی وێنەی ژنەکەی لەگەڵ مێردەکەی)کورد هەر بەخیلی یاخود ئیرەیی و حەسوودی بەکارهێناوە کە بەخیلی زیاتر بۆبوونی شتێك بەکاردێت کەلەبەرامبەرەکەتدا هەبێ لەتۆدا نەبێ، ئێمە ناچینە ئەو وردەکارییانەوە کەڕەنگە هەرسێکیان بۆیەك مانا بەکاربێن بەڵام ئەوەندەی دەزانین هەر(بەغیلیبردن)بووە نەك

(بەخێڵیبردنەوە)و خانەگومان بووە نەك(خانووگمانیكرد) كەبرای وەرگێڕ بەكاری بردووە.

لەلاپەڕە(١٢٩)شدا لەدێڕی كۆتاییدا ئەم دەربڕینە هەیە(ئەو وێنەیە ئەوەمان پێنیشاندەدات كەئەگەر بێ كەموو كوڕییەكان لەژیان‌و وێنەكێشان جودابینەوە، ئەواكاتی بەسەر دەچێ‌و دەمرێ.) من لەكاكی وەرگێڕ دەپرسم گەر رستە یاخود دێڕێكی وای لەنوسینێكدا بێتە بەرچاو چی بەنوسەرەكەی دەڵێی.؟ جگەلەوەش لەلاپەڕەكانی پێشووتردا لەچەند شوێنێكدا لەبری(جەستە)لاشەی بەكارهێناوە كەمن پێموایە جەستە دروستترە، چونكە لاشە وەختێك بەكاردێت كەمرۆڤ مردبێت، بەزیندویی هەر جەستە بەكاردێت. لەلاپەڕە(١٦٤) نوسراوە (یەك سەر دەكەومە پەڵمەی گریان) لەبری ئەوەی بنوسێ (یەكسەر دەدەمە پرمەی گریان) لەبەرامبەر هەمان لاپەڕەش نوسراوە(لەنێو چووكە چووكی پەلەوەرەكاندا) سەرەتا (جووكە جووك)ە نەك (چووكە چووك) كەوەرگێڕ دایناوە، دواتر (باڵندە) نەك (پەلەوەر)ی چونكە زیاتر باڵندە جووكە جووك دەكات كەدیارە باڵندە چۆلەكەو تەیرو ئەوانە دەگرێتەوە كەدەتوانن بەباڵەكانیان بفڕن. مریشك باڵندەیە بەڵام ناتوانێ سوود لەباڵی وەرگرێ بۆفڕین، بۆیە پێی دەڵێن پەلەوەر، ئەوەش دەزانین مریشك گارەگار دەكات نەك جووكە جووك، كەكاكی وەرگێڕ نوسیویەتی چووكە چووك. رەنگە هەبێت گاڵتەی بەم وردەكارییەی من بێت لەو مەسەلە زۆر سادەو ساكارانەدا بەڵام ناكرێ كەسێك جیاوازی نێوان باڵندەو پەلەوەر نەزانێ‌و جووكە جووكی لێببێتە چووكە چووك‌و رۆمانێك وەرگێڕێ كەخەڵاتی نۆبڵی دراوەتێ.





لەلاپەڕە(١٩١)دا ئەم رستەیە هەیە(لەجێگایەكی زۆر دوورەوە سەگێك دەیواڕاند) كەدەكرا بنوسرایە (حەپەی سەگێك لەشوێنێكی زۆر دوورەوە دەهات) ئێمە دەزانین چەند دەربربڕینێك هەیە بۆ ناوی ئەو دەنگەی لەسەگەوە دەردەچێت، وەك( وەڕین، قروسكە، حەپەحەپ) ئیتر نازانم وەرگێڕ(دەیواڕاند)ی لەكوێوە هێناوە.؟ لەلاپەڕە(٢٠٢)دا ئیدیۆمێكی بەكارهێناوە بەڵام چۆن بەكارهێنانێك(هەردوو جاشی كەرێكن) وەرگێڕ پێمان ناڵێ ئەو كەرە ماكەرە یاخود نێرەكەر.؟ ئاخر خۆ ئیدیۆم لەخۆڕا دروستنەكراوە، ئیدیۆمەكە ئاوایە(هەردووكیان جاشی ماكەرێكن) ئێمە دەزانین ماكەر واتا مێیەی ئەو ئاژەڵەی ناوی كەرە، بۆیە لەكاتی بەكار هێناندا جیا دەكرێتەوە، ماكەرو نێرەكەر، لێرەدا وەرگێڕ كەوتۆتە ئەو هەڵەیەوە كە(بەجاشكەكە واتا بەچكەی كەرەكە دەڵێن جاشەكەر)ئەمەش لەوە هاتووە كە بەچكەكە هێشتا پشتی نەگرتووەو ناتوانێ وەك دایكەكەی باری قورس هەڵگرێ‌و باش بڕوات بەڕێوە. لەلاپەڕە(٢٢٣)دا لەدێڕی یەكەمدا نوسراوە(خەریكی خستنە ناو دۆڵابی ئەو جەلانە بووم وا دوێنێ شتبوم.) باشە ئەمە قیرخیزیە، ئەرمەنییەن چەركەسییە.؟ ئەمە چ دەربڕینێكە.؟ خەڵكی كوردیزان رستەی لەم شێوەیە دروستدەكات.؟ لەلاپەڕە(٢٣١)یشدا نوسراوە (لەبێخی گوێیدا وتم) ئەمە رەنگە لەبری چرپاندم بەگوێیدا دانرابێ. لەلاپەڕە(٢٣٥)یشدا نوسراوە(بەفرە رۆیشتە خوارەوە) ئەمە ئەگەر مەبەستی بەفركان چووە خوارەوە بێت هەڵەیەو گەر مەبەستی بەپەلە چووەو خوارەوەش بێت هەروەتر. یەكسەر چووە خوارەوە. رەنگە دەربڕینی تریش هەبێت. لەلاپەڕەی(٢٧٤) رستەیەكی دروستكردووە( وەكوو كچە عازەڵەیەك دەلەرزی‌و گوتی) باشە كچە عازەبە هەیە ئیتر (عازەڵە)چییە.؟

ئەوەی لەمێژوو فێربووین و دەزانین ئەوەیە کەتورکەکان سەرەتا بەهۆی یەکگرتنی هەر دوو هۆزی(ئاق قۆنیلۆو قەرە قۆنیلۆ)وە توانیان دەست بەسەر ناوچەکانی ئاسیادا بگرن و ئەوەبوو دواتر لەساڵی(١٤٥١) بەسەرکردایەتی (سوڵتان محەمەد فاتح) توانیان شاری ئەستەنبوڵ(قوستنتینییە)ی ئەو کات لەبێزەنتەکان وەرگرنەوەو خەلافەتی عوسمانی یاخود ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دامەزرێنن و تاساڵی(١٩٢٣) دەسەڵاتیان هەبێ و نیوەی ئەوروپای رۆژهەڵاتیشیان لەگەڵ تەواوی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت وڵاتە ئیسلامییەکانیان بەدەستەوە بێت. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ناوی هەردوو هۆزی(ئاق قۆنیلۆو قەرە قۆنیلۆیە) کەمانای(مەڕی رەش و مەڕی سپی) کەکاکی وەرگێڕ کردویێتییە (بزنە رەش و بزنە سپی) هەڵبەت لەتورکیدا قۆنیلۆ مانای مەڕ نەك بزنە، دیارە قەرە رەشەو ئاقیش سپی.

لەلاپەڕە(٤٧١)دا (گوستیلەکانی دەستەکانیان) لەبری ئەوەی بنوسێ (ئەنگوستیلەکانی پەنجەکانیان) چونکە دەزانین گوستیلە نییە، ئەنگوستیلەیە، چونکە ئەنگوست مانای پەنجەو ئەو شتەش پێیدەڵێن (مستیلە)لەکاتی یەکگرتندا دەبێتە (ئەنگوستیلە) دواتر ئەوشتە دەکرێتە (پەنجە نەك دەست) کەکاکی وەرگێڕ دایناوە. چونکە بازن دەکرێتە دەست و ئەنوستیلە بۆپەنجەو پاوانەش بۆ قاچ یاخود پوزە. لەلاپەڕە(٥١١)شدا (سوڵتان سەلیم یاوز)ی کردۆتە (سوڵتان یاوز سەلیم.) ئەم سوڵتانەی عوسمانییەکان یەکێك بووە لەخوێنڕێژترین سوڵتانەکانی عوسمانی، هەر ئەویش لەساڵی(١٥١٤) سەفەوییەکانی لەشەڕی چاڵدێران بەزاند. (یاوز) مانای خوێن رێژو لەدوای ئەم شەڕەیشەوە ئەو نازناوەیان داوەتە سوڵتان





سەلیم. کاکی وەرگێڕیش بێئاگا ئەو نازناوەی پێش ناوەکە خستووە. لەلاپەڕە(٥٥٢)دا نوسیوێتی(ئاردەکەی ئەڵەك کردبێ و ئەڵەکەکەی هەڵواسیبێ) سەرەتا دەبێت بزانین هێڵەکە نەك(ئەڵەك) دواتر ئارد دەبێژرێتەوە نەك هێڵەك کرێ. واتا ئاردەکەی بێژایەوە، یاخود لەهێڵەکیدا.

لەزمانی کوردی و لەئاخافتنی خەڵکی کوردیشدا بەخوێندەوارو عەوامییەوە وادەوترێ(ئەترسم ئەم بەزمەش بەسەر ئێمەدا بشکێتەوە، یاخود رەنگە فلانە کەسیشس بگلێتە ئەو رووداوەو زۆر گوزارشت و دەربڕینی تریش) بەڵام کاکی وەرگێڕ هاتووە رستەیەکی لەم شێوەیەی چۆن وەرگێڕاوەو کورداندویەتی. لەلاپەڕە(٦٢٥)دا نوسیوێتی(چونکە نیوەی رووداوەکە دەتلێتەوە بەسەر ئێمەی شێوەکاردا) ئەمە لەبری ئەوەی بنوسێ(چونکە نیوەی رووداوەکە بەسەر ئێەی شێوەکار یاخود وێنەکێشدا دەشکێتەوە) تلانەوە بۆ حاڵەتی نەخۆشی و ئێشو ئازارەو وەك دەڵێن فلانە کەس تامرد بەدەم ئازارەوە تلایەوە. دیسانەوە لەلاپەڕە(٦٦١)دا دەربڕینێکی تری نوسیوە(ئۆرهانە بەعەقڵەکەی کوڕم) واتا ئۆرهانی کوڕی لەشەوکەت ئاقڵترە. ئەم دەربڕینە لەبری (ئۆرهانە ئاقڵەکەی کوڕم) بەکارهاتووە یاخود دانراوە، لەزمانی کوردیدا ئاقڵ و بێ ئەقڵ هەیە، واتا کەسێك ئەقڵی بەمەسەلەیەك دەشکێ دەڵێن ئاقڵەو کەسێکیش ئەقڵی پێی ناشکێ دەڵێن بێ ئەقڵە. ئیتر بەئەقڵ ماناکە دەگۆڕیت و شوێنی وشەکەش دەگۆڕێت، (بەئەقڵم ئەم رۆمانە زۆرجوانە) کەدیسان لەئاخافتندا دەگۆڕێ و بەم جۆرە دەدەبڕدرێ واتا گۆ دەکرێ(باقڵم) بەدرێژایی رۆمانەکە چەند دەربڕینێکی تری هەڵەش بەکارهاتووە کەناکرێ هەموویان ریزکەین و لێی بدوێین، بەڵام ئەوە هەیە کە لەزۆر شوێندا دەڵێ (سەری مەمك) کەئەمە

دەربڕینێکی ئەدەبی نییەو عەوامیش بەکاری ناهێنێ چونکە مەمك (گۆ)ی هەیە نەك سەر.

ئەم رۆمانە سەرباری ئەو غەدرەی وەرگێڕەکە بەهۆی شارەزایی کەمی لەزمانی کوردیدا لێی کردووەو لای خۆیەوە خانەی وەرگێڕانیش غەدرێکی زۆری لێکردووە بەوەی کەهەڵەبڕی نەکردووەو هەموو لاپەڕەیەك چەند هەڵەیەکی زۆری تێدایەو ئەمەش خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا رادەگرێ، بەوەی کە ئەبێ هەڵەکان راستکاتەوە. جگەلەوەش وەك لایەنی تایپ‌و کارکردنی کۆمپیوتەریش دیسانەوە گورزی داوە لەڕۆمانەکە بەوەی کە لەدوای هەر وشەو رستەیەك کە خاڵبەندی هەیە ئیتر وێرگول یاخود نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمان هەیە، لەپێش‌و لەدوای دانانی خاڵبەندی (سپەیس) دانراوە، لەڕاستیدا ئەوەی تۆزێك لەکۆمپیوتەر بزانێ هەڵبەت ئەوەش دەزانێ کەخاڵبەندی پێش سپەیس دادەنرێت، واتا لەدوای فاریزەو نیشانەی پرسیارو سەرسوڕمان‌و نوقتەوە ئینجا سپەیس یاخود بۆشایی دروستدەکەیت‌و دەست بەوشەو رستەی تر دەکەیت. دوای هەموو ئەم هەڵەو پەڵانەی لەم رۆمانەدا هەیە کەچی خوێندنەوەی رۆمانەکە ئەوەندەت چێژ پێدەبەخشێ زەحمەتە تاماوەیەکی زۆر یادەوەریت سیخناخ نەکات.

# کۆمەڵێك وتاری ئەدەبی

# ئاوڕێك لەسەرەتاكانی ڕۆمانی كوردی

تائێستاش شارەزایانی بواری ئەدەب بەگشتیو رۆمان(Romanیاnovel) بەتایبەتی لەسەر پێناسەیەکی ورد بۆ رۆمان کۆك نین، بەڵام بەگشتی هەندێك پێوەر هەیە کەڕۆمان لەچیرۆكو چیرۆکی درێژ جوودا دەکاتەوە، لای هەندێك دەبێت رۆمان زەمەنێکی زۆر بگرێتە خۆیی و ژمارەی کەسێتییەکانی زۆرتربنو رووداو گەلێك لەخۆی بگرێت، نەك وەك چیرۆکی کورتو درێژ زەمەن تیایدا زۆر کورت بێتو یەك کەسێتی یاخود چەند کەسێتییەکی تێدابێتو رووداویش زۆرکەم بێت. بەڵام ئەم پێناسانە زۆر کۆکنین لەگەڵ رۆماندا چونکە رۆمانی (خامۆشی دەریا)ی (ڤێرکور) هەم وەك رووداو هەم وەك زەمەن هەم وەك پاڵەوان زۆر لەکورتە چیرۆك دەچێت بەڵام رۆمانیشە، رۆمانی (نەورەس)ی (ریچارد باخ)و (ژیان کورتە)ی (یۆستاین گاردەر) هەردووکیان کورتنو پاڵەوانیان کەمەو زەمەن





تیایاندا زۆر درێژنییە، کەچی دیسانەوە رۆماننو رۆمانی زۆر گەورەشن. ئالێرەوە تێدەگەین کە ئەوەی ناوی دەنرێ رۆمان توانای داهێنەرانەی نوسەرەکەیو جیهانبینی ئەوە نەك کورتیو درێژی چیرۆكو زەمەنو زۆری پاڵەوانو کەسێتیو رووداوەکانی. بەهەر حاڵ رەخنەگران پێیان وایە دەقی (پامێلا)ی (سامۆیل ریچارد سۆن (١٦٨٩_١٧٦١) بەیەکەمین رۆمان دەژمێرێ.

یەکەمین رۆمان کەخوێندمەوە پێموایە (براکوژی) (نیکۆس کازانتزاکیس)ی یۆنانی بوو خاوەنی رۆمانی (زۆربا)هەر کەناوەکەیم بینی وامزانی باسی شەڕی براکوژی لای خۆمان دەکات یەکسەر سەرنجی راکێشامو هەوڵی خوێندنەوەیمدا، بەڵام دوای خوێندنەوەی هیچ حاڵی نەبووم. ئەو کاتی ساڵی(١٩٩٢)بوو، دواتر رۆمانی(کاریتە یا ئەودیوی چیا)ی (یەشار کەمال)ی رۆماننوسم دەست کەوت ئەویش هەمان شێوە ماوەیەکی زۆر کاتی گرتمو دوای خوێندنەوەی بەخشیم بەکتێبخانەیەك. دواتر لەم ساڵانەی دواییدا بەهەناسەیەکی جدیترەوە کەوتمەوە خوێندنەوەی هەر دوو رۆمانەکە. بەڵام ئەوکات پرسیارێکی سەیرم بەخەیاڵدا هات بۆچی کورد رۆمان یاخود رۆماننوسی نییە.؟ هەر لەو ساڵانەشدا هەر دوو رۆمانی(ژانی گەلو پێشمەرگەم) خوێندەوەو ئەوەی کەسەرنجی رادەکێشام زۆرینەی رووداوو کارەکتەرەکانی هەردوو رۆمانەکەی یەشار کەمالو کازانتزاکیسو شوێنی رووداوەکانیان بوو، لەچاو دوو رۆمانە خۆماڵییەکەی خۆماندا شایانی بەراورد کردن نەبوون.

لێرەوە بەسانایی ئەوەم بۆ دەرکەوت کە رۆمان هەڵقوڵاوی ژینگەی شارو زادەی قۆناغی سەرمایەدارییە، کوردیش نەشاری هەبووە نەچۆتە قۆناغی سەرمارییەوە، توێژێکی شارنشینمان نەبووە بۆیە وەك نەتەوە یاخود

کۆمەڵگەکانی تر رۆمانمان نییە. کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتو پارچە پارچەو پەڕاگەندەبووە، ئەم بارودۆخەش وایکردووە کە هەر رۆژەو لەشوێنێك بێتو نەتوانێ لەیەك شوێن کۆببێتەوەو شار دروستکات، نەبوونی شاریش زیانێکی زۆری لەکورد داوەو نەیهێشتووە ببێتە خاوەنی شارستانییەتێکی زیندوو کاریگەر بەسەر دەوەروبەری خۆیدا. زیانی یەکەمی ئەم بێ شاریو شارستانییەتەی کورد بەر ئەدەبو هونەرەکەی کەوتووە، هەموو هونەرو ئەدەبی کورد تانیوەی دووەمی سەدەی بیستیش هەر شیعر بووەو هێندەی هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە شیعرو شاعیرمان هەیەو ئەوانەیشی کە بەنەمری ماونەتەوەو زۆر کەمن. بەڵام لای خەڵکی دەمارگیرو نەتەوەپەرست واباوە کەکورد هەموو شتێکی هەیەو هیچی لەنەتەوەکانی تر کەمتر نییە، کەئەمە بەبۆچوونی من ئەوەندەی زیانمان پێدەگەیەنێ ئەوەندە خزمەتمان ناکات، پەنجە خستنە سەر کەموکورییەکان مانای بەسوك روانین لەنەتەوە ناگەیەنێ بەڵکو هەوڵێکە بۆ بەرەوپێشبردنی نەتەوە لەڕووی فەرهەنگو رۆشنبیرییەوە، نەبوونی بابەتێکی وەك رۆمان لای کورد بەشێکی کەمی پەیوەندی بەدوژمنانمانەوە هەیەو بەشێکی زۆری پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە کەهەر خۆمان بەشیعرەوە سەرقاڵکردووەو تائێستاش درێژەی ئەو هەوڵە تەممەڵانەیەی ئێمەی کورد دەبینرێ وەك بابەتێکی خۆش دەست لێمان روانیوە لەکاتێکدا شیعر سەخترین ژانری ئەدەبییە.

ئەوەی ئاشکرایەو لای زۆربەمان زانراوە ئەوەیە کەیەکەمین رۆمانی کوردی لەسەر دەستی(عەرەبی شەمۆ)یاخود شامیلۆفەوە لەیەکێتی سۆڤێتی جارانو لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو نوسراوە بەناوی (قەڵای دمدم)ەوە، ئەم رۆمانەی شامیلۆف بەقەبارە گەورەیە، بەڵام وەك ناوەرۆك





دەکرێ بڵێین چیرۆکێکی درێژە، چونکە رۆمان تەنیا قەبارەی لاپەڕەکان نییە ئەوەندەی پەیوەستە بەمەتنو رووداوو کاتو شوێنەوە، دەکرێ بڵێین بۆخۆی رۆمان پێکهاتەیەکە لەکاتو شوێن، لەکاتێکدا چیرۆك ئەو گرفتەی کەمترە چونکە جار هەیە چیرۆك یەك خولەك یاخود یەك رۆژ یان یەك هەفتە دەبێت.........هتد. جگەلەوەش رۆمان لەشاردا دروست دەبێتو شوێنی رووداوەکانو جوڵەی کەسێتییەکان لەشاردان، بەپێی خاوەن بۆچوونانی رۆمانیش خودی رۆمان زادەی شارو قۆناغی سەرمایەدارییە. لێرەیشەوە گەر بگەڕێینەوە بۆ قەڵای دمدم دەبینین رووداوو شوێنو جوڵەی کەسێتییەکان لەگوندو کەژوو کێوەکانن نەك لەشارو کوچەو شەقامە پڕ ئاپۆراکانی.

عەرەبی شەمۆ خوێندەوارێکی باشی سەردەمەکەی خۆیبووەو بەهۆی زانینی زمانی روسییەوە شارەزای نوسینی چیرۆكو رۆمان بووە بەو هۆیەشەوە لەقەڵای دمدمدا هەوڵیداوە تەکنیك بەکاربێنێو گیانی رۆمان بکاتە بەری چیرۆکەکەی بەڵام ئەوەش نەیتوانیوە بەرهەمەکەی بکاتە رۆمان، چونکە مەرجی یەکەمی رۆمان جوڵەی کەسێتییەکانە لەشارداو دواتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەسێتییەکانە کەدەبێت پەیوەندی سەردەمی سەرمایەداری بێت نەك فیوداڵی یاخود کشتوکاڵی. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ناوبراو بێ ئاگابوبێت لەوەی کە شار رەگەزی سەرەکی بنیاتنانی رۆمانە، بەڵام ئەو مەبەستی بووە خزمەتێکی بەرچاوی کورد بکات وەك زیندو هێشتنەوەی داستانی قەڵای دمدمو دروستبوونی رۆمان لەناو کورددا. گەرفتی گەورەی قەڵای دمدم ئەوەیە کەمێژوو بەموجەڕەدی تەوزیفکراوەتەوەو تەنیا هێندە هەیە کە مۆرکێکی ئەدەبیو درامی دراوەتێو رووداوەکان بەدوای یەکدا ریزکراون، لەکاتێکدا تەنیا مێژوو وەك

بابەتی ڕۆمان بەسنییەو دەبێت خەیاڵو موبالەغەش ڕۆڵی خۆیان هەبێت وەك چۆن لە ریالیزمی سحریدا موبالەغە ڕۆڵی گەورەی هەیەو لای ساراماگۆ لەرۆمانی (كوێری)دا یەك شار تووشی كوێری دەبن‌و لای ماركیزیش كەسێتی ریمیدسی جوانكیلە لەرۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)و لەكاتی هەڵخستنی چەرچەفێكدا بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتەوە.

دوا بەدوای هەوڵەكەی عەرەبی شەمۆ (جەمیل صائیب)یش چیرۆكێكی بەناوی (لەخەوما) نوسیوە كە زۆر كەس بەیەكەمین رۆمانی كوردی ناودێری دەكەن، چیرۆكەكەی صائیب باسی پیاوێك دەكات كە بۆ كاسبی روودەكاتە شارو لەلایەن پیاوانی شێخ مەحمودی نەمرەوە وەك جاسوسی ئینگلیزو لەلای ئینگلیزەكانیش وەك پیاوی شێخ مەحمود لێی دەڕوانریْو بەكورتی لەمیانی ئەو چیرۆكەوە باسی كەساسی خەڵكی هەژار دەكات‌و دەیەوێ رەخنە لەدەسەڵاتە لۆكاڵییەكەی ئەو دەمی شێخی نەمر بگرێت بەوەی زوڵمی لەخەڵك كردووە. هەر بەدوای ئەواندا (ئەحمەد موختار بەگی جاف)یش وەك شاعیرێك هەوڵی نوسینی رۆمانی داوەو چیرۆكێكی بەناوی (مەسەلەی ویژدان) نوسیوە، چیرۆكی مەسەلەی ویژدان لەكەسێك دەدوێ كەدەبێتە شاگردی چەند دوكاندارێكی باوەڕدارو كەچی زۆر بێویژدانانە مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەكەن‌و ئەمیش وەك شاگردێك ئەوەی پێ قبوڵناكرێت‌و دواجار بێكار دەمێنێتەوە.

بەپێچەوانەی (قەڵای دمدم)ەوە (لەخەوماو مەسەلەی ویژدان) لەشاردا نوسراون‌و رووداوەكان‌و شوێنی جوڵەی كەسێتییەكانیش لەشاردان، بەڵام هەردوو چیرۆكەكە هەناسە كورتن‌و وەك قەڵای دمدم بایەخیان بەوردەكای نەداوەو چەند كەسێتییەك بەشدارن لەكاتێكدا قەڵای دمدم سەدان كەسێتی تێدایەو زۆر وردەكارانە تانوپۆكەی چنراوە. سەرباری ئەوانەش لەهەرسێ





چیرۆكەكەدا خەیاڵو فەنتازیا وەك رەگەزێكی سەرەكی چنینی رۆمان فەرامۆشكراون‌و نەیانتوانیوە خزمەتێكی چیرۆكەكەو بابەتەكەیشی بكەن.

دواتر ئەم رەوتە خاو دەبێتەوەو لەسەردەمی گۆڤاری (گەلاوێژ)دا(١٩٣٩تا١٩٤٩) چیرۆك دێتە ئەدەبی كوردییەوەو پاش چەند ساڵێك لەسەرەتای ساڵانی پەنجای سەدەی بیستدا (ئیبراهیم ئەحمەد) كەسەرنوسەری گۆڤاری گەلاوێژو چیرۆكنوسێكی بەتواناش بوو رۆمانێك دەنوسێ بەناوی (ژانی گەل) كەدەكرێ وەك رۆمان لێی بڕوانرێ، بەڵام درەنگ بڵاوبونەوەی لەبایەخی كەمدەكاتەوە، چونكە ژانی گەل لەساڵی(١٩٦٨) بڵاودەبێتەوە. ژانی گەل پاڵەوانەكەی پیاوێكە ژنەكەی لەسەرەوەختی مناڵبووندایەو ئەمیش بەنیازی ئەوەی مامانێك بدۆزێتەوەو بیهێنێت ئاگای لەژنەكەی بێت دەڕواتە دەرەوەو دەگیرێ، ئیتر رووداوەكان دەست پێدەكەن‌و پیاوو ژنەكە لەیەكتر دادەبڕێن. رووداوو شوێنی جوڵەی كەسێتییەكان لەناو شاردان‌و شێوازی رۆمانەكەش وەك رۆمانی نویْو لەژێر كاریگەری ئەدەبی رووسیدا نوسراوە. بەكورتی رۆمانەكە باس لەئازارو ژانەكانی ئینسان دەكات لەكۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیدا، بەبۆچوونی شارەزایانی ئەدەبی كوردی ژانی گەل تاسەرەتای نەوەدەكانیش وەك یەكەمین رۆمانی كوردی لێی دەڕوانرێت.

هەر لەدەیەی پەنجاكانی سەدەی رابردوودا پێموایە لەساڵی (١٩٥٩)دایە (رەحیمی قازی) چیرۆكێك بەناوی(پێشمەرگە) بڵاودەكاتەوە كەزۆر كەس پێیان وایە لەپاڵ ئەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەددا وەك رۆمان دەخەملێنرێت. ئەم چیرۆكەی رەحیمی قازی هەم كەسێتییەكانی گوندنشینن هەم جوڵەو شوێنی رووداوەكانی چیاوچۆڵو گوندەكانی ناوچەی موكریانن، لەم رۆمانەدا پەیوەندییەكان پەیوەندییەكی خێڵەكین‌و

بیرۆکـەی ڕۆمانەکـەش باسـی چـەند کەسـێك دەکـات کەدەیانـەوێ ببنـە پێـشمەرگە. لێـرەدا دەکـرێ بـەراوردێك لـەنێوان ئـەم چـوار چـیرۆك یـاخود بـابڵێین ڕۆمانـەی دواییـدا واتـا (لەخـەوما)ی جـەمیل صـائیبو (مەسـەلەی ویـژدان)ی ئەحمـەد موختـار جـافو (ژانـی گـەل)ی ئیـبراهیم ئەحمـەدو (پێشمەرگە)ی ڕەحیمی قازیدا بکەین. لەخـەوماو مەسـەلەی ویـژدان ڕەخنـەن لەکۆمەڵگەو ئەو دەسەڵاتەی کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کردووە، لەکاتێکدا ژانـی گـەلو پێـشمەرگە وەك ئـەدەبی بـەرگری لێیـان دەڕوانرێـتو دەیـان کەسـیان لەسەر گیراو زۆریش لەسەریان بووە قوربانی.

گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای باسەکەمان کـەکورد بۆچی ڕۆمانـی نـەبووە لەڕابردوودا، ئەوەمان گێڕایـەوە بۆ نـەبوونی شار، لێرەدا نـەبوونی شاریش مانـای نەگەیـشتن بـە قۆنـاغی بـۆرژوازی یـاخود سـەرمایەداری دەگەڕێتـەوە، (هیگـڵو جـۆرج لۆکـاش) وەك دوو فەیلەسـووف ڕۆمـان بـەداهێنراوی سەرمایەداری دەزانن‌و پێیان وایە سەرمایەداری بۆ سـەرقاڵی خـۆی ڕۆمـانی داهێناوە. بەڵام ئەوانن بایەخیان بەلایەنی هونەری ڕۆمـان نـەداوە، بەتایبـەت (لۆکاش) کەوایدەبینی جیاوازی لەنێوان ڕۆمان‌و ڕۆمانسدا نییە کەیەکەمیان فۆڕمێکی هونەری جوانی هەیەو دووەمیشیان شتێکە وەك (شیرین‌و فـەرهاد یان خەج‌و سیامەند) ڕۆمان بەهێندەی خێرایی گەشەسەندنی خۆی لـەڕووی هونەرییـەوە خوێنـەری لـەدەوری خـۆی کـۆکردەوەو تائێـستاش خوێنـەری ڕۆمان هـەر روو لەزیادییـە ئەمـەش بۆ کاریگـەری ڕۆمـان دەگەڕێتـەوە لەسـەر خـەڵك‌و گۆڕینی جیهـانبینی خـەڵك لەبەرامبـەر دنیـاو شتەکان، دەبێت ئـەوە بزانین کەوەك کۆندێرا دەڵێت (سێرڤانتس) بەنوسینی (دۆنکیخۆت)ە هـەمان شێوەی دیکـارت بەشـداری لـەبنیاتنانی سـەردەمی نوێـدا کـردووە. (لیـنین) لەسەرەوەختی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی(دایك)ی مەکسیم گۆرکیدا وتبووی ئەم





ڕۆمانە دە(١٠) ساڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری پێشخستووە، ئـەم قسەیەی لیـنین لەوەوە هاتووە کەبەهۆی خوێندنەوەی ڕۆمانی دایکەوە خەڵکی روسیا زیاتر لەماهییـەتی ڕژێمـی تـزاری‌و هێـزو تواناکـانی خۆیـان تێگەیـشتوون‌و ئـەو ڕژێمەیان لەگۆڕناوە.

هەر بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێت دەبێت ئەوە بڵێین کـەڕۆمان بەپێچەوانەی شـیعرو چـیرۆکەوە خـۆی جـەماوەری تـر دەردەخـات، لەشـیعرو چـیرۆکدا شـتەکان زاتـین‌و نوسـەر هـەردەتوانێ باسـی خـۆی بکـات، بـەڵام لەڕۆمانـدا گرفتی کۆمەڵگەیەك یاخود ملیۆنان کەس ڕەنگ دەداتەوەو ئازارەکانی ئەوان دەبنە هەوێی نوسینی ڕۆمانێك.

سەرچاوەکان
(قەڵای دمدم) عەرەبی شەمۆ
(لەخەوما) جەمیل صائیب
(مەسەلەی ویژدان) ئەحمەد موختار جاف
(ژانی گەل) ئیبراهیم ئەحمەد
(ثێشمةرطة) رةحیمي قازي
(میَذووي سةرهةلَداني رؤمان) سیامةند هادي
(دایك) مەکسیم گۆرکی
*لەژمارە(٩)ی گۆڤاری هەنار لەنۆڤەمبەری ٢٠٠٦ بڵاوبۆتەوە.

# نامەکەی کافکاو هەندێك قسەیتر

گەرچیرۆك جۆرێك دەربڕین بێت لەسەرجیهان و دەوروبەری مرۆڤ ئەوا ئەمە تەواو لای(کافکا) رەنگیداوەتەوە ئەسڵەن کافکا بەوجۆرە دەربڕینە لەسەر جیهان ناسراوەو ئەو هەرزوو قسەی خۆی لەسەر باوکسالاری و سیستەمی سەرمایەداری کردو لەدووتوێی کارەکانیدا باس لەداڕزین و کرمێبوونی ئینسان دەکات لەسایەی سیستمی سەرمایەداریدا. چرۆکنوسان هەمیشە پێشنیازی جۆرێك لەئینسانیانکردووە کەخۆڕاگرو سەختبێت لەبەردەم ژیاندا، بەڵام کافکا ئەم تەقلیدەی تێشکاندو ئینسانی وەك ئەوە پیشاندا کەهەیە نەك وەك ئەوەی کەدەبێت هەبێت، کافکا پێچەوانەی (سێرڤانتس) کەکۆمیدیانە ئینسانی نمایشکردبوو، هات بەشێوەیەکی تراژیدی کتومت ئەوەی کەهەیە لەژیانی ئینساندا پێشانیدا.





دوورناڕۆین گەربڵێین کافکا ئینسانی رووتکردەوە لەهەر زیاد پێوەنان و خۆهەڵنانێك.

رەنگە هەوڵدانی ئینسان بۆنوسینی چیرۆك و رۆمان جۆرێك بێت لەنوسینەوەی ترس و بیم و هەموو ئەو تاڵی و سوێرییانەی لەژیانیدا چەشتوویەتی، گەر ئەمەوابێت ئەوا بۆکافکا تەواو راستە، چونکە کافکا ئەوەی نوسیوێتی لەچوارچێوەی ترس لەدامەزراوەی خێزان بەتایبەت باوك و ترس لەدەرەوەی دامەزراوەی خێزان واتا ئەوجیهانەی کافکای تێداژیاوە کەسیستەمێك کۆنترۆڵیکردووە هەموو شتێك لەچاوی بەرژەوەندییەوە دەبینێت و لێرەوە بەبۆچوونی کافکا ئینسان و سیسرك جیاوازییەکیان نامێت، چونکە ئەو سیستەمە ئینسان دەکاتە ئامێرێك و لەهەموو هەست و سۆزێکی دادەبڕێت، چۆنی بوێت بەو جۆرە هەڵیدەسوڕێنێت. کافکا هەرزوو هەستی بەو ترسەکرد کەسەرمایەداری توشی ئینسانی دەکات، ئەو لەچیرۆکی (مەسخ)دا تەواو ئەو فۆبیایە رادەگەیەنێت.

تەمەنی کافکا لەچاو داهێنانییەوە تەمەنێکی کورت و کەمبووەو دەکرا دواتر شاکاری گەورەتر پێشەکشی مرۆڤایەتی بکات، ئەو تەنیا (٤١)ساڵ ژیا، ژیانێکی پڕ چەرمەسەری و دڵەڕاوکێ، تائەودەمەی مەرگیش بێ شەرمانە بردییەوە ترس لەباوکی وەك تارماییەکی زەبەلاحی رەش باڵی بەسەردا کێشابوو، ترسی کافکا لەباوکی بەڕادەیەك بووە کەهەندێکجار نەیتوانیوە لەسیمای باوکیشی بڕوانێت یاخود بەئیسراحەت نانێك لەبەردەم باوکیدا بخوات. بەهەموو تەمەنی خۆی یەکجار ویستی بەتەواوی جورئەتی خۆیەوە لەگەڵ باوکیدا بدوێت و ئەودیواری ترسە بشکێنێت کەلەنێوان خۆیی و باوکیدا دروستبووەو باوکیشی تاوانبارە، ئەو تەنیا یەکجار ویستی

باوکی وەك ئینسان ببینێت نەك دڕندەو تارماییەکی ترسناك، بەڵام ئەوجارەش نەیتوانی و هات لەدووتوێی نامەیەکدا دەردەدڵی خۆیکردو ویستی بیداتە دەست باوکی و جورئەتی ئەوەیشی نەبوو دواجار پەنابۆ دایکی دەبات تائەونامەیەی پێبگەیەنێت بەڵام دایکیشی هەمان شێوەی کافکا مێردەکەی لێبۆتە دێوەزمەو ئامۆژگاری کافکا دەکات کەواز لەوفکرەیە بێنێت، لەکۆتاییدا ئەونامەیە هەرلای خودی کافکا دەمێنێتەوە وەك تەواوی نوسینەکانی (ماکس برۆد)ی هاوڕێی بڵاویدەکاتەوە.

لەتەواوی نوسینەکانی کافکادا هەست بەسایکۆلۆژییەتێکی شێواوو نائارام دەکرێت ئەمەش لەخۆوە نییەو لەونامەیەدا کەبۆباوکی نوسیوە بەدرێژی لەوبارەیەوە دواوە، کەباوکی وشك‌و توندە تەبیعەتبووە وەك زۆرباوکی کۆمەڵگەی خۆمان کەخاڵییە لەهەرسۆزو بەزەیی و میهرەبانییەك تەنانەت بەرامبەر کچ‌و کوڕو ژنی خۆیشی. ئەوترسەی کەتەواوی تەمەنی داگرتووەو وەك تەم ئاسمانی ژیانی داپۆشیوە لەشەوێکدا دروستدەبێت کەتینویەتی و باوکی لەبری ئەوەی ئاوی بۆبێنێ فڕێی دەداتە دەرەوەی ژوورەکەی(تەنیا شتێکم لەو ساڵانەی سەرەتای منالێم لەبیرە کەدەبێ لەبیری تۆشدا مابێت، نیوەشەوێك بیانوی ئاوی خواردنەوەم دەگرت، بەبێ ئەوەی تینوشم بێت، بەڵکو هەردەمویست سەری خۆمی پێگەرم کەم‌و تارادەیەکیش بەمەبەستی ئەزیەتدانی ئێوەبوو، تۆش هەر هەڕەشەت لێدەکردم‌و کاتێکیش زانیت هەڕەشەکانت سودیان نییە، بەتوڕیی لەناو پێخەفەکەمدا دەرت هێنام‌و هەر بەژێر کراسەکەمەوە فڕێتدامە هەیوانەکەو لەو تاریکی و تەنیاییەدا دەرگەت لێداخستم. ئێستە نالێم کەئەو کارەت زاڵمانەبوو، لەوانەیە ئالەو کاتەدا بەوجۆرە نەبوایە، بەهیچ شێوەیەکی دیکە





بەر بەشێواندنی خەوی نیوە شەوانەی تۆ نەدەگیرا. مەبەستم لەگێڕانەوەی ئەم بیرەوەرییە لێرەدا تەنیا ئەوەیە کەبتوانم شێوەو چۆنیەتی کارتێکردنی تۆ لەسەرخۆم پیشانبدەم. من لەو شەوە بەدواوە ببوومە منالێکی ژیرو گوێڕایەڵ، بەڵام هەر لەم کارەشدا زەرەرو زیانێکی زۆرم لەباری دەروونییەوە بینی.)

لێرەدا سەرباری ئەو ترسەی لەگیانی کافکادا چێنراوە ئەوەش پیشاندەدات کەکافکا لەوشەوەدا ویستویەتی تۆڵەی ژیانی لەدەستچووی منالی لەباوکی بکاتەوە بەوەی لەخەوی خۆش بەبیانوی ئاوخواردنەوە رایپەڕێنێت، بەڵام باوکی زیاتر درەختی ترسەکەی لەگیانیدا شینکردووە، ئەو (ریئاکشن)ەی پەرچەکردارەی کافکا پەرچەکرداری رەفتاری باوکییەتی لەگەڵیدا، وەك چۆن ئەو ژیانی واقعی لێشێواندووە ئەمیش ویستوویەتی ژیانی ناو خەونەکانی لێبشێوێنێت. ئەم منالێکی دڵشکاوو ئینسانێکی داڕووخاو بووەو پێویستی بەکەسێك بووە دروستیکاتەوەو سۆزی پێببەخشێ ئەوەشی هەرلەباوکی چاوەڕێکردووە، بەڵام باوکی هەمیشە ئەو دەلاقەیەی نێوان خوی‌و کوڕەکەی گەورەکردووە، بەوەی کەپێچەوانەی خواستی کافکا باوکێکی سەرکوتکەرو بەزەبرو زەنگ بووەو نەیهێشتووە کوڕەکەی بۆساتێکیش چییە هەست بەوە بکات باوکی پشت‌و پەنایەتی و هەمیشە باوکی وەك دوژمنێکی هەرە گەورە بینیوە. (من پێویستم بەتۆزقاڵێك دڵدانەوەو بەزەیی و خۆشەویستی‌و هەرواش تۆزێك سەربەستی بوو کەچی تۆ بەپێچەوانەوە.) کافکا سەربەست نەبووە لەهەڵبژاردنی جۆری ژیانی و هەڵسوکەوتیدا تەنانەت باوکی هەمیشە گاڵتەی بەهاوڕێی هەرە خۆشەویستەکانیکردووە، لێنەگەڕاوە ژیانی منالی خۆی بژی‌و ویستویەتی

**پیاوێکی لێدەرچێت کتومت کۆپی خۆیبێت. ئەمەش بەلای کافکای منداڵەوە نامۆبووەو سەرکێشی بەژیانی خۆیەوە کردووەو لەنیوە شەواندا بەبیانوی تینوێتی لەخەوی خۆش بێداریکردۆتەوە.**

**کافکا تەمەنی (٣٦)ساڵەو تازەش باوکی دەیەوێ پشتیبگرێو خۆشەویستی خۆی بۆکوڕەکەی دەربڕێت بەڵام وەك خۆی دەڵێ تازە چ سوودێکی هەیە، ئەم وەختێك ئەو پشتگیریو سۆزەی باوکی ویستووە کەمناڵ بووە ئێستا کەگەورەبووە خۆی دەتوانێ ژیانی خۆی هەڵبژێرێ یاخود ئەیەوێت بڵێت تۆهەموو هیواو ئارەزووکانی منت لەمناڵیدا تاساند تازە بۆچی پشتم دەگرێ، لەحاڵێکیتردا رەنگە لەوێوە هاتبێت کەباوکی زانیوێتی کوڕەکەی ناوێکی پەیدا کردووە لەڕێگەی نوسینەکانییەوە بۆیە دەیەوێ ئاشتیبکاتەوە. (بەڵام ئەمە لەحاڵێکدایە کەئەم پشتگیرییەی تۆ لەم تەمەنەدا هیچ سوودێکی بۆمن نییەو سەرەڕای ئەوەش چ سوودێکی دەبێت ئەگەر تەنیا بۆئەو کاتانە بێت کەهیچ پەیوەندییەکیشیان بەخۆمەوە نییە! ئەو کاتو زەمانەی کەنیازم بەهاندانو پشتگیری تۆهەبوو بۆ کارەکانم، لەبەرامبەر هەیکەلو ترسی تۆدا زەبوونو تەنیاو بێپەنابووم.) بیرو بۆچوونەکانی کافکا لەمەڕ جیهانو پیاوسالاری هەموو هەڵهێنجراوی ژیانی خۆیەتی لەگەڵ باوکی، لەباوکییەوە دنیا دەبینێو هەرلەوێشەوە بڕیاری خۆی بەسەر دنیادا دەدات، ئەوپێیوایە دیکتاتۆرەکانی دنیا لەماڵیشەوە هەمان رەفتاریان لەگەڵ منداڵەکانی خۆیاندا کردووە. (تۆلەچاوی مندا هەر هەمان تایبەتمەندیت هەبوو کەهەموو ستەمکارانی دنیا هەیانە. من واتێدەگەیشتم کەتۆش هەر وەك ئەوان داوای مافێك دەکەیت کەلەراستیدا هیخۆت نییەو هەر تەنیا بەزۆرەملێ بەدەستی دێنی.) دیکتاتۆرەکانی دنیا لەبنەماوە خاوەنی هیچ نینو دەشیانەوێ ببنە خاوەنی هەموو شتێك، ئەمە**





**سیفەتێکە لەهەموو دیکتاتۆرەکانی دنیادا هەیەو هەبووەو کاتو شوێنیش هیچ لەمەسەلەکان ناگۆڕێت. هەموو ئەو دیکتاتۆرانەش وەك باوکی کافکا سەرەتا لەماڵەکەی خۆیاندا دیکتاتۆرێکی بچوك بوونو دواتریش لەسەر ئاستی وڵاتو پاشان جیهان بوونەتە دیکتاتۆرێکی گەورە.**

**کافکا باس لەوەدەکات کەتەنانەت باوکی لەشتە هەرەسادەکانی وەك نان خواردنیشدا رەقیب بووە بەسەرییەوەو نەیهێشتووە بەئازادی نانەکەی بخواتو هەمیشە پەلەپەلی لێکردووەو قبولّی نەبووە جگەلەخۆی کەس ئێسقان بکرێنێتەوەو ئەوە شتێکبوە تایبەت بەخۆی، ئەمجۆرە وێنەکردنەی کافکا لەوێنەی کۆلێژێکی سەربازی دەچێت کەهەموو شتێك رێسایەکی نەگۆڕەو تێیدا باوکی راگری ئەو کۆلێژەیە. بەڵام ئەوەی لای کافکا هەست پێدەکرێت ئەوەیە کەباوکی باوەڕی بەو رێسایە نییە کەبۆ ئەمانی داناوەو رەفتاری لەگەڵ گوفتاری زۆر لەیەکەوە دوورن(باوکە دڵم لێ پیس مەکە، ئەمانە هەموویان لەخۆیاندا شتی سووكو بێ بایی بوون بەڵام کاتێك لەلای من گەورەو زەق دەبوونەوە کەدەمدیت تۆی باوك کەبەلامەوە زۆر مەزن بوویت خۆت بڕوات نییە بەوشتەی کەدەیڵێیتو قسەت لەگەڵ کردەوەکانت زۆر لێکدوورو جیاوازن) ئەمەش وای لەکافکا کردووە جیهان بکاتە دوو بەشەوە، بەشێکیان رێساو یاسایەکی وشكو سەختەو هەر بۆئەم دانراوەو روونیش نییە بۆچیو لەبەر چی وایە، بەشەکەی تریش ئەو دنیایەیە کەباوکی تێداژیاوەو هەر خەریکی بڕیارو فەرمان دەرکردن بووە تیایدا. سەرباری ئەوش ترس لەباوکیو نامیهرەبانی ئەو وایکردووە کافکا زۆرتر بنوسێتو زۆرتر دوربێت لەچاوی باوکیو بۆخۆی ئازاد بێت( تۆ هەمیشە بابەتی نوسینەکانم بویت، ئەم گلەییانەی نەمدەتوانی روبەڕوو لێتی بکەم لەنوسینەکانمدا بەئازادی دەمکردن. نوسینەکانمماڵئاواییەك بوون لەگەڵ**

تۆدا کەهەر بەئەنقەست درێژەیان کێشابوو، ماڵئاواییەك کەگەرچی لەلایەن تۆوە داسەپێنرابوو، بەڵام درێژە کێشانەکەی کەوتە ئاسۆیەکەوە کەمن دیاریم کردبوو.)

گرفتێکی تری کافکا مەسەلەی پێکەوەنانی ماڵو خستنەوەی منداڵو دروستکردنی پرۆسەی هاوسەرگیریبووە، ئەو درەنگ بەوەیزانی کەنەخۆشی سیلی ریخۆڵەی هەیە کاتێکیش ئەوەیزانی جاری دووەم بوو لەگەڵ (فێلیس باوێر)یدا ببووە دەزگیرانو دواتر پەشیمان بۆوە، ئەمە ساڵی(١٩١٦)بوو کەناوبانگی دەرکردبوو لەلوتکەی خۆشییەکانیدا بوو بەڵام زانین بەو نەخۆشییە ئەوەی لێتاڵکردو هەر لەوساڵەشدا(ژولی ڤۆری چێك) دەناسێو دواتر لەساڵی (١٩١٩)دا بۆجاری سێهەم دەزگیران دەگرێو دیسان دوای ساڵێك واز لەویش دێنێ. گرفتی کافکاش لەمەڕ پرۆسەی ژن هێنان هەمان گرفتی (سۆرین کیرکەگۆر)ە ئەویش (رێژین ئۆڵسنی) مارەکردوو دواتر پەشیمانبۆوە، کافکاش وەك کیرکەگۆر دەیزانی ناتوانێ لەگەڵ دۆخێکی نوێدا بگونجێتو کەسێك بێتە ژیانییەوە کەنەتوانێ وەك پێویست بەختەوەری بکات، سۆرین پێیوایە مەیلی ژن هێنان دەبێت دووربێت لەهەر مەیلێکی ئارەزووبازیو لامسەرلایی، ئینسان دەبێت تەواو خۆی ساغکاتەوە دواتر هاوسەربگرێت، چونکە ناکرێت حەزێکی کاتیو لەزەتێك ئینسان راپێچی پرۆسەی هاوسەر گیریبکات. هەردوو لایان کۆکن لەسەر ئەوەی سەختە ئینسان بتوانێ لەم جیهانە بێ سەرو بەرەدا ژنو منداڵی هەبێتو بەختەوەربێت. کافکا بەوجۆرە دەدوێت( بەڕای من ژن هێنانو پێکەوە نانی ماڵو خێزانو راهاتن لەگەڵ منداڵە ورکەو پەروەردەکردنیان لەم جیهانە بێسەرو بەرەدا گەورەترین سەرکەوتنە بۆ هەموو کەسێك.)





کافکا بۆ ژیانێك دەگریا کەئیتر ئیمکانی بەدەست هاتنەوەی نەبوو، ئەو گۆرانی دەچڕی بۆئەوەی کەمرۆڤایەتی دۆڕاندبووی لەبەختەوەریو موراڵو روویکردبوە بەرژەوەند پەرستی، لەرۆمانی(مەسخ)دا ترسێك دەبینی کەترسی جیهانو تەواوی مرۆڤایەتییە لەهەژموونی سیستەمی سەرمایەداریو کافکا گوزارشتی لێدەکات. (گریگۆری سامسا) رۆحی تەزیوی مرۆڤایەتی نیشاندەدات کەلەبەر شەختەی سەرمایەداریدا خۆی بۆ ناگیرێتو دەبێتە سیسرك، سامسا وەك ئینسانەکانی تر تەنیا لەخەمی کۆکردنەوەی سەروەتو ساماندایەو دەبێتە ئامێرێكو دواتر وەك سیسرك دەژی کەپێی وایە سەرزەمین بەس خۆی تێدادەژی. ئەوەی کافکا لەوێدا دەیڵێ راگەیاندنی فۆبیایەکە لەجیهانێکدا کەئیتر سەختە مرۆڤ تیایدا بژیو ئینسانییەتی خۆی لەدەست نەدات. هەربۆیە کافکا زۆر بەحەزینی بۆ باوکی نوسیوە( باڵگرتنەوە بۆ ناوشەپۆلە زێڕینەکانی هەتاو پێویست نییە، بەڵام لانیکەم پێویستە کەمرۆڤ خۆی بکێشێتە شوێنێکی پاك لەم تۆپی زەوییەدا کەجاروو بار خۆری لێبکەوێت تا بەو جۆرە گەرمی ببێتەوە.) ئەمەی بۆ باوکی نوسیوە لەکاتێکدا پێیوایبووە باوکی هەموو جیهانەو، هەموو جیهانیش لەباوکیدا کۆبۆتەوە، چونکە ئەو وای بینیوە کەجیهانیش هێندەی باوکی رەقو توندو تیژە. ئەو لەساڵی (١٩٢٤)دا مەرگ دەیباتەوە بەرلەمەرگیشی بە(ماکس برۆد)ی هاوڕێی دەڵی هەرچی نوسینمە بیسووتێنە، بەڵام برۆد نایسووتێنێو بڵاویدەکاتەوەو دەنگی ئەو هەموو سەردەمەکان دەبڕێتو لەتیژڕەوی خۆی ناکەوێت.

*نوسینی ناوکەوانەکان قسەی کافکانو لە(نامەیەك بۆ باوکم )وەرگیراوە کە(جەلیل عەباسی) لەفارسییەوە وەریگێڕاوە.

سود لەرۆمانی مەسخو چەند نوسینێك لەسەر سۆرین کیرکەگۆر وەرگیراوە.

# مەرگی خامۆشی یان...
# هەڵفڕینی رۆحی کلاسیکی کوردی
## بۆ (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس)

ئەدەبو هونەر دەچنە خانەی سەرخانی کۆمەڵگەو زۆرجارو لەسەردەمی نوێدا هاوشانی سیاسەت دەڕۆن، نەبوونی ئەدەبو هونەر مانای نەبوونی کلتورو نەبوونی مێژوو، گرنگ نییە ئەركو کاری ئەدەب چییە، بەڵکو ئەدەبو هونەر پایەیەکی گرنگی هەر کۆمەڵگەو نەتەوەیەکنو بەبێ بوونی ئەوان ناکرێت شتێکت هەبێت ناوی نەتەوە یان کۆمەڵگەبێت. دەکرێ ژێرخانی ئابووریت سفربێتو وڵاتەکەت هەلا بەهەلابووبێت، بەڵام هەرگیز ناکرێت هیچ نەتەوەو کۆمەڵگەیەك لەهەرکوێی ئەم دنیایەدا بژینو هونەرو ئەدەبیان نەبێت. خێڵە کۆچەریو رەوەندەکانی جەنگەڵەکانی ئەفریقا موزیکی (جاز)ییان هەبوو وەك سەرگەرمی بۆ ئەو ژیانە سادەو ساکارو دوور لەدەستی تەکنۆلۆژیایە، کەچی بەوموزیکە خۆیان خزاندە هەرگۆشەیەکی ئەم دنیایەوە، ئێستا موزیکی (جاز) کۆنترۆڵی موزیکی





تەواوی وڵاتانی خۆرئاواو ئەمریکاشیکردووە، خۆڕەنگە ئەو خێڵە رەشپێستانە بەدرێژایی مێژوو کۆیلە کرابێتنو لێیان درابێتو وەك لەڕۆمانی (رەگەکان)دا دەیخوێنینەوە ژێرپێی رەشەکانیان بەچەقۆ داتاشیوە تانەتوانن راکەن لەدەستی سپی پێستەکان. بەڵام ئەوان هاتنو لەڕێگەی موزیکی (جاز)ەوە تۆڵەی هەموو ئەو دواکەوتنو کۆیلەکردنەیان لەبەشەرییەت کردەوە.

رەنگە ئەدەبو هونەری کوردی نەگاتە ئاستی ئەدەبو هونەری دەروو دراوسێکانمان وەك (فارسو عەرەب) بەڵام دەتوانین بەشانازییەوە باسی (مەحویو نالیو مەولەوی)و زۆریتریش بکەین، ئێمە هونەرمان تاسەرەتای سەدەی بیست زۆر دەگمەنە یاهەرنیمانە، بەڵام وەك ئەدەبو بەتایبەت شیعری کلاسیك ئەوەندەمان هەیە کەبهێنێ باسبکرێت. دەیان ناوی درەوشاوەمان هەیە لەشیعری کلاسیکداو رەنگە دەیانی تریش شوێنەواری ئەدەبیو ناوی خۆیشیان فەوتابێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی دەزگای چاپو کتێبخانەی گەورەو دەزگایەکی گەورەی تایبەت بەوبوارەو دواجار نەبوونی دەوڵەتێك کەبتوانێت ئەو شیعرانە بپارێزێت کەرۆژانە شاعیرانی ئەو سەردەمە نوسیویانەو دواتر ناونرا کلاسیك. (ناپلیۆن) کەئەڵمانیای داگیرکرد ناردی بەشوێن (گۆتە)ی شاعیرداو رێزێکی زۆری لێناو بەڵێنی هاوکاری تەواوی پێدا، (تەیموری لەنگ) لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت هەرشوێنێکم داگیرکردبێت رێزم لەزاناو شاعیرو روناکبیران گرتووەو هەمیشەش (سەعدی شیرازیم) لێوە نزیکبووەو گۆڕەکەی (خەییام)یش من هەڵمبەست بۆی ئەمە سەرباری ئەوەی زۆربەی شاعیرو عارفانی ئەو سەردەمەی من شیعەبونو منیش سوونە، (تەیمورو پۆناپارت) داگیرکەرو

دڕندە بوون، بەڵام لەوە گەیشتوون ئەوەی شاعیران و ڕووناکبیران دەینووسن موڵکی وڵاتی داگیرکراو نییە بەتەنیا، بەڵکو موڵکی کۆمەڵگەو مرۆڤایەتییە بەگشتی. ئەوەی کەماوەتەوە بۆمان، یان خەڵکی هاودەم و هاوسەردەمی شاعیرەکە ئەزبەریکردووەو سینەبەسینە هاتووە یاخود کەسێك لەوکاتەدا نوسیویەتییەوەو هەڵیگرتووە، یان زۆرجار شاعیرەکە خۆی خەتخۆشبووەو بەدەستوخەتی خۆی لەچەند پەڕەیەکی پێکەوە نووساودا نوسیونی و وەك کەشکۆڵ و بەیاز ماوەتەوەو زۆربەی شاعیرەکانیشمان مەلابوون و لەمزگەوتەکاندا شیعرەکانیان جێهێشتووە، لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی بیست بەدواوە کەهۆشیاری خەڵکی کورد بەرز دەبێتەوە بەرامبەر نیشتمان و نەتەوە کنەو لێکۆڵینەوەی زیاتری بۆکراو دەیان ناومان بۆزیندوبۆوەو بوینە خاوەنی ئەدەبیاتێکی کلاسیکی دەوڵەمەند (مەحوی و نالی و مەولەوی) موڵکی هەرنەتەوەیەکی تر بوونایە ئێستا باڵا بەرزترین پەیکەریان بۆدروستدەکرا.

بەڵام دەکرێ بپرسین کێ ئەوناوە درەوشاوانەی شیعری کلاسیکی گەیاند بەئێمە؟ لەوجەنجاڵییەی ژیاندا کێ ئەوەندە لەخۆ بوردووبووە ژیانی خۆی بەخشیوەتە ئەدەبی کلاسیکی کوردی؟ ئەوهەموو شیعرە چۆن کۆکرانەوەو چەند گوند بەشوێنیاندا گەڕاون؟ چونکە دەبێت باوەڕمان بەوەهەبێت کەئەدەبی ئێمە ئەدەبێکی گوندی بووەو لەگوندا نوسراوەتەوەو هەرلەوێش لەدایکبووە. بێگومان ئەو سەربازە ونانە (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی) بوون کەنەیانهێشت ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بفەتێت و پاراستیان و گەیاندیانە ئێمە.





لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودابوو کەشیعری کلاسیکی کوردیم ناسی و وردەوردە (نالی و مەولەوی)م دەخوێندەوە، نەمدەزانی ئەمانە ماون یامردوون، یاخود لەچ سەردەم و زەومانێکدا ژیاون. لەهەمووشی سەرنج راکێشتر بەلای منەوە ئەوەبوو ئەودێڕەی وشەی سەخت و نوێی تێدابوایە لەئاست زانین و تێگەیشتنی ئەو وەختەی مندا نەبووایە ئەو شەرحەی لەژێر دێڕەکاندا وەك پەراوێز نوسرابوون و مانای ئەو وشە قورسانەیان دەدابەدەستەوە. (بای دار ئاوس) یەکێك لەو وشانەبوو کەزۆر مەبەستم بوو ماناکەی بزانم لەژێرەوە ماناکەی نوسرابوو (واتا لەبەهاراندا لەسەرەوەختی چرۆکردنی دارودرەختدا (با)لەو چرۆیانە دەدات تابئاوسێن و بکرێنەوەو دواتر سەوزبن.) بەهەرحاڵ ئەوەی ئەو کارەی دەکرد (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)بوو، نامۆ بووبەلامەوە ئەم پیاوە (مەلا)بوو لەژێر ناوی هەر شاعیرێکی کلاسیکدا ناوی ئەو نووسرابوو، هەرئەوە نەبوو بەڵکو لەزۆربەی دیوانەکاندا ناوی دووکوڕەکەشی لەگەڵدا نووسرابوو(حەمەی مەلا کەریم و فاتح محەمەد کەریم) پێم سەیربوو ئەو دووکوڕو باوکە ژیانی خۆیان لەپێناوی پاراستنی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا تەرخانکردووە.

هەردوو برا (گیوو حسێن حوزنی موکریانی) لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ئەوەندەی بۆیانکرابێت هەوڵیانداوە ئەو کەشکۆڵ و بەیازوو دەستنووسانەی کەلەشاعیرانی کلاسێك جێمان چاپیکەن و بیکەنە کتێب تاخوێندەوارو ئەدەب دۆستی کورد لەڕابردووی خۆی شتێك بزانێت. کارەکانی (مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس) لەشیعری کوردی بێنەدەرێ شتێکت نامێنێ رووی کۆڕو کۆمەڵی هەبێت. ئێمە قەرزاری ئەوین، بەڵام ئەو بۆئەوەینەکرد ئێمە سوپاس و پاداشتی بدەینێ بەڵکو ئەو لەهەستێکی

خاوێن و بێگەردی نەتەوەییەوە ئەو کارەی کردووە، کەکاری دەزگایەکی زۆر گەورەی ئەرشیفسازییە کەهەستێت بەو کارەو رەنگە بەوجۆرە وردەکاری و سەلیقەیەی ناوبراویش نەیکات، (مودەڕیس) سەرباری ژیانی خۆی و ئەرکی رێبەرێکی ئاینی ئەو ئەرکە سەختەشی گرتۆتە ئەستۆو بەفەقێیەتی چووبێتە هەرشوێنێك ئەوەندەی بەشوێن شیعری کلاسیك و شوێنەواری شاعیرەکاندا گەڕاوە کەمتر کاتی بۆ مەسەلە ئایینییەکان تەرخانکردووەو ئەو گوێی بەوەنەداوە ئەوشیعرانە زۆرجار دژی دین و بنەما ئایینییەکانن، دوورن لەعورفی کۆمەڵگەو نەتەوەوە، لادانن لەژیانی کوردەواری... کۆیکردوونەتەوە، کەئەمە بۆمەلایەکی ئەوسەردەمە مایەی ئافەرینە، ئەو وەختەی ئەو سەرقاڵی کۆکردنەوەو لێکدانەوەی ئەوشیعرانە دەبێت زۆر لەمەلاکانی کورد یان لەخزمەتی داگیرکەرانی کورددان یاخود فتوای کوشتن و خوێن حەلاڵکردنی خەڵکانی رووناکبیری لەوێنەی (عەبدولخالق مەعروف) دەدەن.

(مودەڕیس) دوو ئەرکی سەخت و سەنگینی خستبووە سەرشانی خۆیی و هەردوو ئەرکەکەشی بەڕاستگۆیی و سەرکەوتوویی گەیاندە کۆتایی، ئەوەندەی بۆیکرا مەسەلە ئایینییەکانی بۆ خەڵکی باوەڕداری کورد شیکردەوەو وەك مەلایەکی مۆدرێن، هاوشێوەی (قەشە ئۆگستین) کاری بۆ کۆمەڵگەکەی دەکردو دەیویست جێنەمێنن لەکاروانی شارستانی؟ کەسێکی هێمن و گۆشەگیر کەبەدرێژایی ژیانی چەند لاپەڕەیەکی لەسەر خۆی و ژیانی خۆی نەنوسیوە، لەپای ئەو ئەرکە سەنگینەی بەجێی هێناوە چاوەڕێی پاداشت نەبووەو کەسیش هیچی نەداوەتێ و زۆرجاریش تووشی لێپرسینەوە بووە لەسەر ئەو کارە پیرۆزەی. زیاتر لە(٥٠) شوێنەواری





لەنوسینی ئاینی و کۆکردنەوەو لێکدانەوەی شیعری کلاسیك بەجێهێشتووەو ئەوماڵەی کتێبخانەی هەبێت و خوێندەواری تێدابێت حەتمەن کتێبێکی تێدایە ناوی (مودەڕیس)ی پێوەبێت. سەرەتای حەفتاکان تاکۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوو سەردەمی زێڕینی ناوبراو بوو ئەو کلاسیکی کوردی دۆزییەوەو کردییە ئەوەی کەئێستا هەیەو شانازی پێوەدەکەین. لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەوە ئیتر مۆمی تەمەنی بەرەو کزی و کوژانەوە چووو لەماڵەکی خۆی لەمزگەوتی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بەئارامییەك دەژیا هەروەك ئارامی سەردەمانی گەنجی و لەئەرکەکانی دوانەدەکەوت و لەکۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵدا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) دوای تەمەنێکی سەدو چوار(١٠٤)ساڵی کەزۆربەی بەخشییە کلاسیکی کوردی بەیەکجاری بارگەی پێچایەوەو شیعری کلاسیکی کوردی هەتیوخست، بەڵام مردنی ئەو وەك مردنی کەسێکی ئاسایی نییەو ناوی ئەو پاسپۆرتی هەموو سەردەمە نوێکانی هەڵگرتووەو هێزنییە دەرگاکانی چوونە ناومێژووی لێدابخات، لێ بەداخەوە مەرگی ناوبراو ئێمەی نەهەژاندو کەس جورئەتی ئەوەی نەبوو لێکۆڵینەوەیەکی دەوڵەمەند لەسەر ناوبراو بکات لەکاتێکدا هێندەی یەك زانکۆی گەورە خەڵکی پێگەیاندو کتێبی خستە کتێبخانەی کوردییەوە، مەرگی ئەو جگە لەکۆمەڵێك پەخشانی پڕ هەست و سۆز شتێکی تری نەکرد، لەکاتێکدا کارەکانی ئەو بوونەتە هەوێنی دەیان بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا لەزانکۆکانی کوردستان و عێراقدا. ئەو بەخامۆشیی لەم سەردەمە پڕ هەراو زەنایەدا ژیاو هەربەخامۆشیش دوای سالانێکی زۆر لەجێدا کەوتن ماڵئاوایی لێکردین.

# ئەریَ ئەو پیاوە تاقەتی نەچوو.؟

ئـەو تەفرەقـەو ململانـێ ناشـەریفانەیەی سیاسـەتی کـوردی لەسـەر هەڵچنراوەو مـاڵی کـوردی وێرانکـردووە دابەزیوەتـە سـەر ئاستەکانیتریش. بەداخەوە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی یەکێکە لـەو کایانـەی زۆرترین زەرەری بـەهۆی ئـەو ململانێـو حسابنەکردن بۆیەکترییـە بەرکـەوتووە، لـەو ناوەشـدا بەگـشتی کـورد زەرەرمەنـدبووە. چـەند سـاڵێکە دەبیـستین و دەبیـنین و دەخوێنینەوە کەهەندێك لەنوسەران و ئەدیبانی نـەوەی شەست و هـەفتاکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی دان بـەم نەوەیـەی هەشتاو نەوەدەکانـدا نانێن و تەنها بە دزو زماننـەزان باسیان دەکـەن و پێیان وایـە ئـەو ڕۆشنبیرییەی لای خۆیـان هەیـە گەنجینـەی قاروونـەو هـەرگیز دەسـت نـەوەی نـوێ ناکـەوێت، لەکاتێکدا کەئـەوان تـەنیا عـەرەبییان زانیـوەو کارێکی ئـەوتۆیان پێنـەکرد ئەگەر کەمووکووریشی هەبوایـە، ئێستاش زمانـەکانی فارسـی و ئینگلیـزی و





فەرەنسی و زۆرجار تـورکیش بەدەست نـەوەی نوێوەیـەو قسەی پێدەکـەن و کـاری جـوانی پێـوەردەگێڕن، ڕەنگـە نمونـە هێنانـەوەش پێویـست نـەبێت ئـەوەی بڕێـك ویـژدانی هـەبێت ئـەوە دەزانێـت کەنـەوەی نـوێ بەهـەموو دەردەسـەرییەك توانیویـەتی بەهێنـدەی سـەختی قۆناغەکـە کاربکـات و فێربێـت و بەرهـەم بێنێـت. ئـەوەی دەمـەوێت هەنـدێك قـسەی لەسـەربکەم و شـەن و کەویکـەم ئـەو وتـارە کورتـەی (غـەفور سـاڵح عەبـدوڵا)یـە کەلـەژمارە(٤٥١)ی ئـەدەب و هونـەری کوردسـتانی نوێـدا بڵاویکردۆتـەوەو هەوڵێکـە بۆلەکـەدارکردنی گـەورە چیرۆکنوسـی کـورد (عـەلی ئەشـرەف دەروێشیان) و هەموو هەوڵێکی تر کە لە دەرەوەی بۆچوونی ئەمدایە.

بەر لەهـەر شتێك دەمـەوێ ئـەوە بڵێم من نـەناوبراو دەناسم و هاوڕێیـەتیم لەگەڵیـدا هەیـە نەئـەو نوسـەرانەش کـەناوبراو بـەرۆکیان دەگرێـت و چـەند سـاڵێکە بـەردەوام لەهـەوڵی شـکاندن و ناوزڕاندنیاندایـە، بـەڵام بۆیـە ئـەم وەڵامـەم نوسـی، چـونکە چـەند سـاڵێکە ئەمـشەڕە دەمەبێمانایـە نێوەنـدی ئەدەب و ڕۆشنبیری گرتۆتەوەو کاك غەفوریش بەردەوام سەنگەری گرتـووەو پێـی وایـە ئـەوو مـوکری و چـەند نـاوێکی دڵخـوازی خـۆی سـەرقافڵەی ڕۆماننوسـانی کـوردن و ئـیتر کـورد بـێ ئـەوان نـانی بەسـاجا دەسـوتێ و ڕۆماننوسی نامێنێ.

ئـەو شـەڕەی کـاك غـەفورو برادەرەکـانی دژی ڕەهەندییـەکان و هەنـدێ قەڵـەمی بەبڕشـتی نـەوەی نـوێ هـەڵیان گیرسـاندووەو چـەند سـاڵێکە بەردەوامەو هیچی سەوزنەکردوەو پێشناچێت هیچ سەوزکات، تـەنیا لەبـەر هێندەیـە کەبـەختیار عـەلی و ڕەهەندییـەکان لەشـکرێك گـوێگرو خوێنـەریان دروستکردوەو، لەبەرامبەردا کەسیش ئامادەنییە چەند کاتژمێرێکی خۆی

بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێکی کاك غەفور یان هی هەندێك لەو برادەرانە تەرخانبکات کە ئەم ناوی هێناون، هیچ نەبێت خوێنەرێك هەیە کە بەدوای جیهانێکی تردا دەگەڕێت، لە ئێستادا کە ئەم ناتوانێت ئەندێشەی ئەم حاڵەتە بکات. ئەوەی کاك غەفوری تەنگەتاو کردووەو وایلێکردوە دوای چەندساڵێك بێدەنگی جارێکیتر بێتو نوسەرانی نوێو ڕەهەندییەکان ناڕاستەوخۆ ئیهانەکات، ئەوەیە دەروێشیان لەو پێشەکییەدا کەبۆکۆمەڵەچیرۆکێکی وەرگێڕدراوی نوسیوە کەهەر خۆیشی لەکوردییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسیو بەڕێز (تارا شێخ عوسمان) وەریگێڕاوە دوورو نزیك ناوی غەفور ساڵح عەبدوڵاو ئەوانیتری نەبردووە، ئیتر ئەمە بۆتە هەڵلاو ناوبراوی توڕەکردووەو ئەویش داخی دڵی خۆی هەڵڕشتووە. ئەو کۆمەڵە چیرۆکە لەکوردییەوە کراوەتە فارسیو دەروێشیان کردوێتیو، وەرگێڕی بەدبەخت (مەریوان هەڵەبجەیی) هاوکاریکردووە.

کاك غەفور هەرلەسەرەتای وتارەکەیەوە کەوتۆتە هەڵەیەکی کوشندەوە، کاتێك دەڵێ ئایا چیرۆکەکانی حسێن عارف روی ئەوەیان نییە بکرێنە فارسی کەیەکێکە لەزمانە مردووەکان.. ئەمەیە مەهزەلە کابرا لەخۆیەوە بۆتە چۆمسکیو تەڵقینو یاسینی زمانی فارسی دەدات، ئەو زمانەی هەموو ئەدەبیاتی کلاسیکی ئەورووپیو ئەدەبیاتی ئێستای ئەمریکای لاتینی دەرخواردی خوێندەوارانی داوە، ڕۆماننوس هەیە لەئەمریکای لاتین هێشتا تایپی ڕۆمانەکەی تەواو نەبووە فارسەکان کردویانەتە فارسی.. ئیتر زمانێك بەم هەموو چالاکییەوە مردبێت توبڵێی (کوژڕنی خوێن) کەڕۆمانێکی ناوبراوەو بەزمانی کوردیو بەزاری سۆرانی نوسراوە ئێسكو پروسکیشی مابێت.؟ (کۆمیدیای ئیلاهی) (دانتیّ) بەجۆرێك چاپکراوەو وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی ئیتالییەکانیش سەرسام وەستاون لەبەردەمیا، فەلسەفەی مارکسییەتو ئەدەبیاتی سۆڤێتی سەرباری یاساغیشیان لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە کتێبخانەی فارسییان سیخناخکردووە، زۆرینەی کتێبخانەکانی تاران لایەکی کتێبخانەکانیان بۆ (مارکیزو کۆئیلۆو ئەلندە)و ئەوانیتر تەرخانکردوە. دێر بەدێڕی نوسراوەکانی (نیچەو هیگڵو لۆکاچ)یان کردۆتە فارسیو کەچی ناوبراویش ڕمەکیانە ئەو زمانە بەمردوو دەزانیّ. ئەمە سەبارەت بە کارایی ئەو زمانە لە وەرگێڕاندا، کە بۆ خۆشی بەشدارییەکی گەورەی هەیە لە کلتووردا و ناتوانرێت ڕۆڵی ئەمان لە دەوڵەمەندکردنی ڕۆحی ڕۆژهەڵاتدا لەبەرچاو نەگیرێت. کاتی خۆی گۆتەی ئەڵمانی گوتبوی کاتێك حافزی شیرازیم خوێندەوە چۆکمداداو کڕنوشمبرد بۆی.

لەپەڕەگرافێکی تری نوسینەکەیدا ناوبراو دێت ناوی کۆمەڵێك چیرۆکنوسی مردوو زیندوی کوردو بەرهەمەکانیان دەنوسێت بەخاتری ئەوەی سەنگەری شەڕە دەمەکەی فراوانترو ئیقلیم گیرتربکات، بەڵام لەوەشدا زۆر دوژمنکارانە کاریکردوەو ئەوەی خۆی مەبەستی نەبوبێت ناوی نەبردووە، ناوی (ڕەزای سەید گوڵو عەزیزی مەلای ڕەش)و زۆریتریشی بردووە، بەڵام پێی زۆربووە ناوی (شێرزاد حەسەنو بەختیار عەلیو ڕێبوار حەمە ڕەحیمو عەتا محەمەدو کاروان کاکەسوورو یوسف عزەدین)و زۆری تریش لەنەوەی دوای هەشتاکان بێنێت. توبڵێی هەموو ئەوانەی کە ناوبراو ناوەکانی ریزکردوون بتوانن نوڤڵێتێکی هاوشانی ئەوەی ڕێبوار حەمە ڕەحیم بنووسن(بەهەشتی ئەوبەر پردەکە).؟ سەرباری ئەوەش لەناوی بەرهەمی نوسەرەکاندا کەبەڕێزی ریزی کردوون ئەمەندە

سایکۆلۆژییەتی شێواوە تەنانەت ناوی ڕۆمانەکەی عەزیزی مەلای ڕەشی بەهەڵەنوسیوە(کوێخا سێوێ)ی کردوەبە(سێوێ)..

دواتر لێمان دەبێتە ڕەچەڵەکناس و باسی ئەوەدەکات کەکوردو فارس ئارییەن و نزیکیشن لەیەك، بەڵام فارس ئاگای لەئەدەبی کوردی نییەو بەپێچەوانەشەوە، عەرەب کەنەژادیشیان لەگەڵ کورد جیاوازە ئاگاداری ئەدەبی کوردین بەبۆچوونی ناوبراو خۆی، دەنگدانەوەی ئەدەبی کوردی لەمسەر بۆئەوسەری نیشتمانی عەرەبی تەیکردووە.! ئای هەرەس بەماڵم ئەو قسەیە جگە لەدەنگدانەوەی دەنگی غەفورساڵح عەبدوڵڵا لەئەشکەوتی تاریکی بیری خۆیدا شتێکی ترنییە، من نازانم کامەیە دراسەو لێکۆڵینەوەی عەرەبێك لەسەر یەك شیعر یان چیرۆك و ڕۆمانی کوردی.؟ ئەرێ کاك غەفور جگە لەوەی لەچەند شوێنێکداو لەشوێنیتردا ئاماژەت پێداوە کەفلانە ڕۆماننوسی عەرەب وتوێتی کورد تەنیا سێ ڕۆماننوسی هەیە یەکێکیان (غەفور ساڵح)ە کامەیە دەنگدانەوەو بەجیهانیی عەرەبی بوونی ئەدەبی کوردی.؟ تۆ ئاگاداری کە محەمەدی قازی گەورە وەرگێڕی کورد کە بۆ فارسی وەردەگێڕێ بۆ پازدە ساڵ دەچێت ڕۆمانی (ژانی گەل) ئیبراهیم ئەحمەدی وەرگێڕاوە.؟ تۆ لەوە ئاگاداری لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوودا ئەحمەدی شاملۆ لەگۆڤارەکەی خۆیدا(سخن) شیعری بانگەوازی پەنجەرەی سواری ئیلخانیزادەی بڵاوکردۆتەوەو لەسەریشی نوسیوە.؟ هەڵبەت ئاگادارنین جائێوە ئەوەندەی خەریکی شکاندنی نەوەی نوێن کوا ئەوەندە خەریکی داهێنان و خوێندنەوەی بەرهەمی تازەبوون.

من دڵنیام گەر ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی (عەلی ئەشرەف دەروێشیان)ی گەورە چیرۆکنووس کردوێتی بەفارسی تاقە ڕستەیەکی سەبارەت بە ناوبراوی تێدا





بووایە، ئێستا دەیکردە هەڵڵاو دەیوت (دەروێشیان) شاکاری خوڵقاندووە. یان هاتووە ئامۆژگاری دەروێشیان و هاوکارەکانی دەکات بۆ ئەوەی گەرجارێکیتر کارێکی لەو شێوەیەیان کرد بانگەواز بڵاوبکەنەوەو داوای بەرهەم لەنوسەران بکەن، ئەزیزم ئەوەی لەدڵەوە کارێکی وادەکات نایات داوا لەبەڕێزت بکات و تۆش گورج ڕاکەی بابەتی خۆت و ئەوانەی بدەیتی کەبەدڵی خۆتن و ئیتر قەڵەمی نوێ و ڕەهەندییەکان و زۆریتریش بۆ جەهەنەمی بیری جەنابت، کاکی خۆم ئەو واتا (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی هەڵبژاردووە تا چەند نموونەیەکی جیاواز لە چیرۆکی کوردی بدات بە خوێنەری زمان فارس، کەسیش دەستی بەڕێزت و برادەرەکانیشتی نەگرتووە، خۆ ئێوە هیچتان نەهێشتۆتەوە لەزیرەکی و بەتوانایی لەبواری ڕۆماننوسیندا ئیتر بۆ دەست نادەنێ ئەوەی بەدڵتانە بیکەنە عەرەبی و فارسی و هەرزمانێکی تر کەتواناتان بەسەریدا دەشکێت. کێ دەستی گرتوون، بۆدەبێ هەمیشە لەسەنگەردا بن کەسێك کارێکی باشبکات و ئێوەش بەردبارانی کەن.؟ کاتێك ئەو عەرەبانەی لەسەر ئێوەیان نووسی، کەس لەم نەوانەی تۆ دژایەتی دەکەیت، هات ئاوا یەخەت بگرێت و بیکات بەهەلا.

لەشوێنێکی تردا دەڵێ گەر دەروێشیان داوای بکردایە هاوکاریمان دەکردو ناوو بەرهەمی زۆرترین ڕۆماننوسی کوردمان لەم پارچەیەدا دەدایە، چونکە ئەو تەنیا ناوی دوو ڕۆماننوس دەهێنێت و پێی وایە یان ئەوانەی کەزانیارییان داوەتێ پێیان وایە کەهەر ئەو دووە ڕۆماننوسن، لێرەدا دیسان ناوبراو لەغرووری خۆیدا ناوی ئەو دووەی نەهێناوە کە(بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن)ە.

دەبێت ئێمە تازە بەتازە بێین لە سەرەتاوە هەندێك شت بۆ كاك غەفور روون بكەینەوە تا لەم دوادواییەدا بەڵكو كەمێك بە خۆیدا بچێتەوە، ئەویش ئازادی تاكە كەسە لە چێژ كردنی دەقی ئەدەبیدا. چونكە ئەمە كاری حیزبایەتی نیە تا تۆ بێیت زەوقی خۆت بەسەر دەروێشیان یاخود كەسانی تردا بسەپێنیت. هەرچۆن تۆش ئازادیت لە دروست كردنی كۆمەڵە چیرۆكێكداو وەریبگێڕیتە سەر زمانی عەرەبی. بەڵام تۆ ئازاد نیت لەوەی كام زمان بەمردوو دەزانیت، لە كاتێكدا ئەگەر چیرۆكێكی بەڕێزتان وەرگێڕدرێتە سەر زمانی خێڵێكی ئەفریقایی كە چەند هەزار كەسێك قسەی پێدەكەن، ئەوا شاگەشكە دەبیت. پاشان بەدبەختی لەوەدایە كە بەڕێزتان بەردەوام بەدوای ناوبانگێكی وەهمیدا تەمەن بەسەر دەبەنو دڵشاد دەبیت ئەگەر هەركەسێك ناوت بهێنێت جا ئەگەر رۆژنامەنووسێكی نەناسراوی قووڕبەسەری داڵدەدراوی كوردستان بێت.

كێشەی ئەم پیاوە لەو عەقڵییەتە چەقبەستووەی كوردەوە هاتووە كەبەشێكی ریشەكەی لەكلتوردایەو بەشەكەی تری ریشەكەی لەپەروەردەی بەعسیزمدایە، ئاخر نەكلتوری كوردی توانای تەماسو تێكەڵبوونو ئەویتر قبوڵكردنی هەیە، نەپەروەردەی بەعسیزم لەخۆی زیاتر دان بەبوونی كەسیتردا دەنێت. لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبو رۆشنبیری كوردییەوە تائێستا هەرگیز هیچ قۆناغێك ئەوەندەی ئەم قۆناغەی ئێستاو هیچ نەوەیەك هێندەی ئەم نەوەیەی دوای راپەڕینو ئازادی كوردستان بەگوڕوتینو بەبڕشت نەبووە، كەچی قەڵەمێكی بێبەرهەمو لەخۆڕازی وەك كاك غەفور چەند ساڵێكە سەنگەری لێگرتوونو دەیەوێ بەزۆری زۆرداری ببنە دەروێشی ئەو، لەلای ئەم پیاوە ئەو لەشكرە خوێنەرو گوێگرەی لەدەوری





قەڵەمە نوێكان كۆبوونەتەوە جاهیلو نەزاننو قابیلی بەخۆدا چوونەوەن وەك چۆن ناوبراو پێیوایە دەبێت دەروێشیانیش بەخۆیدا بچێتەوە، وەك ئەوەی خۆی نیوئەوەندەی دەروێشیان خزمەتی ئەدەبو رۆشنبیری كوردی كردبێت. من لێرەدا هەر هێندە دەڵێمو دڵنیاشم لەوەی دەمێكە ئەو برادەرانەی كاك غەفور بەرۆكی گرتوونو بەنەزانیان دەزانێ وازیان لەوەڵامدانەوەی هێناوە، بەڵام ئەوەی من تەنیا بۆ ئەوەیە نەوەی دواتر مێژوو بەئاوەژوویی نەخوێننەوەو (عەتای نەهاییو بەختیارو شێرزادو رێبوار رەحیمو عەتا محەمەدو كاروان كاكەسوورو یوسف عزەدین)و زۆریتریش، ببیننو دواتر كاك (غەفور)و برادەرەكانیشی ببیننو بیخوێننەوەو پاشان سەرپشكبن لەوەی من هەقی خۆمە قسەبكەم یان كاك غەفور هەقییەتی بەرۆكی دەروێشیانو قەڵەمە نوێكان بگرێت.

# دزی ئەدەبی

**دیاردەیەك كەماوەی چەندساڵێكە بەرۆكی ئەدەبیاتی كوردی گرتووە، دیاردەی یەكتر تۆمەتبار كردنە بەدزینی دەقی تری جیهانیو جارێكیتر داڕشتنەوەو نوسینەوەیەتی بەزمانی كوردی، ئەم دیاردەیە زیاتر كاتێك پەرەیسەندو بووە بەشێك لەكلتوری رۆشنبیری ئێمە كە هەندێك قەڵەمی نوێ بەبیرو بۆچوونی نوێوە هاتنە بوارەكەوەو ویستیان كودەتایەكی رۆشنبیری بەرپاكەنو ئەو پڕوپاگەندەیەی چەندین ساڵ بوو بەناوی رۆشنبیری كوردییەوە قسەی دەكردوو جگەلە چەند قەڵەمێك كەسیتریان نەیانتوانی شتێك بخەنەسەر رۆشنبیری كوردی، بخەنە پەراوێزەوەو كاری جدی ئەنجام بدەن، ئەو كۆمەڵە قەڵەمە دواتر گروپی(رەهەند)یان پێكهێناو كودەتاكەیان سەری گرتو ئیتر خوێنەر لەو جیلەی پێشوو تەكییەوەو رویكردە خوێندنەوەی بەرهەمی رەهەندییەكان. بەلاّم دەبێت ئەوەبزانین كە یەكەم**





**دەركەوتنی ئەو نەخۆشییە درمەی هەموو بەرهەمێكی داهێنەرانە بەدزی دەزانێ لەو كاتەوەبوو كە(بەختیار عەلی) یەكەم رۆمانی خۆی(ئێوارەی پەروانە)ی بلاّوكردەوە، ئەو رۆمانە یەكەم ئاماژەبوو بۆ سەركەوتنی كودەتاكەی ئەو كۆمەڵە قەڵەمە نوێیەی دواتر بوونە رەهەندییەكان.**

**ئەوانەی كە هەر هەوڵێكی داهێنەرانە لەرۆشنبیری كوردیدا، جگەلە خۆیان بەكەسیتر رەوانابینن بوونەتە گروپێكو تەنیا ئەوەیان دەوێت كەهەر خۆیان پێیان بوترێت داهێنەرو لەڕاستیشدا وانییە، ئەوان هیچ كارێكی تریان نییە، پڕۆژەیەكی مەعریفییان نییە، بەژیانی نوسینیان نەیانتوانیوە یەك رۆمان یاهەر دەقێكی تری ئەدەبی بنوسنو بۆنی داهێنانی لێبێت، تەنیا كاریان ئەوەیە خۆیان لەبۆسەناوە تاڕۆمانێكی جوان دەنوسرێت لەلایەن ئەو گروپەوەو ئەمان پێی بڵێن ئەوە لەفلاّنە رۆمانی عەرەبی یاخود فارسییەوە دزراوە. بەدیاریكراویش ئەو گروپە گەڕیان لە(بەختیار عەلی)و كارەكانی ئەو ئالاّندووە، ئەم گروپە یا دروستتر بڵێین ئەم دیاردەیە تەنیا لەڕۆشنبیری كوردیدا نییەو لەتەواوی رۆشنبیرییەكانی دنیادا هەیە، بەلاّم ئەمەی ناو رۆشنبیری ئێمە لەهەموو ئەوانەی تر جیاوازترە.**

**گرفتی ئەو گروپە ئەوەیە كەتائێستاش ناتوانن بەویژدانەوە ئەوە بسەلمێنن كەهیچ دەقێكی ئەدەبی نییە كاریگەری دەقێكی تری لەسەر نەبێت، واتا ئەوان ناتوانن بەویژدانەوە ئەوە بڵێن كەكاریگەری ئەدەبی جیاوازە لەگەڵ دزی ئەدەبی، كەلێرەدا یەكەمیان زۆر ئاساییەو دووەمیشیان نائاسایی، (هێمن) دەڵێ: هاوینی ساڵی حەفتاو پێنج گەر (سروودی نەی)ەكی (مەولانا جەلالەدینی رۆمی)م لەبەر دەستدا بوایە هەرگیز نەمدەتوانی قەسیدەی(ناڵەی جودایی) بنوسم، واتا (هێمن) دەیەوێ بڵێت**

کاریگەری (سروودی نەی) بوو من توانیم ناڵەی جودایی بنوسم. هێمن (ناڵەی جودای)شی بڵاوکردەوەو بووە نەمرترین شیعرو کەسیش نەیوت (مام هێمن) تۆ ئەو شیعرەت لە(سروودی نەی) (جەلالەدینی رۆمی) دزیوە. بەڵام ئەو کاتیش گەر ئەو شیعرە لەلایەن گەنجێکەوە بنوسرایە رەنگە هەمان تۆمەتی ئاراستەبکرایە.

هەندێك رۆمانی جیهانی هەن کەناوبانگیان هەیەو بۆ زۆرێك لەزمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون و زۆر لەیەك دەچن، رەنگە خاوەنەکانیان یەکتر نەناسن، ئەو زمانە نەزانن کەڕۆمانەکەی تری پێ نووسراوەو لەهەمان رۆمانەکەی ئەو دەچێت، بۆ ناشێ بڵێین ئینسان لەهەر کوێیەك بێت هەندێك گرفت و موعانات هەیە بەدواوەیەتی و لێرەشەوە مرۆڤ لەهەرنەتەوەو کۆمەڵگەیەك بێت هاوبەشی هەیە لەگەڵ مرۆڤی نەتەوەو کۆمەڵگەیەکی تردا، بۆ ئاسایی نەبێت رۆماننوسێکی کورد باس لەپرۆسەی (ئەنفال) بکات و یەکێکی جولەکەش باس لەپرۆسەی (هۆڵۆکۆست) بکات کەهەردووکیان پرۆسەی لەناوبردنی فیزیکی ئینسانن و لەدوو سەردەمی جیاوازو بەسەر دوو نەتەوەی زۆر لەیەك جیاوازیشدا هاتوون. رەنگە ئەوساش هەر دوو رۆمانەکە نزیکبن لەیەکترەوەو خوێنەرێك کەڕۆمانەکەی کابرای جولەکەی خوێندەوەو دوای چەند ساڵێکی تریش کەکابرای کوردە رۆمانەکەی خۆی چاپکردو هەمان خوێنەر خوێندییەوە ئەوسا هاوارکات بڵێت کابرای کوردە ئەم رۆمانەی لەکابرای جولەکە دزیوە.

گەر ئەم رۆمانانەت نەخوێندۆتەوە دەکرێ بیخوێنیتەوە، ئەمانە هەمووی تاڕادەیەك ناوبانگێکی جیهانییان بۆ خۆیان مسۆگەرکردووە، بەتایبەت ئەوەی (ئەندرسن و مونیف و نەسین) رۆمانی (کەمانچە ژەن)ی (هانس





کریستیان ئەندرسن)ی دانمارکی کەپیرەمێردی نەمر وەریگێڕاوەو رۆمانی (گێلە پیاو)ی (عەزیز نەسین)ی تورك کە(عەبدوڵڵای حەسەن زادە) وەریگێڕاوەو رۆمانی(درەختەکان و تیرۆری مەزروق)ی (عەبولڕەحمان مونیف)ی عەرەب کە(دلاوەر قەرەداغی) وەریگێڕاوەو رۆمانی (ئافرەتێك لەخاڵی سفردا)ی (نەوال سەعداوی)عەرەب کە(جیڤارا کەمال) وەریگێڕاوە. هەر چواریان لەیەك دەچن تەنانەت روداوەکانیشیان هاوشێوەی یەکە، بەتایبەت ئەوەی (نەسین و مونیف) واتا (گێلە پیاوو درەختەکان و تیرۆری مەزروق) ئەسڵەن جیاوازیەکیان نییەو هەر دەڵێی تەرجەمەی یەکترن. کەچی تائێستاش کەسێك نەهات و بڵێ ئەم چوار رۆمانە لەیەکتر دزراون، ئەوساش دەبوو بیانوتایە ئەم سێ رۆمانەی دواییان لە(کەمانچە ژەن)ەکەی (ئەندرسن)ەوە وەرگیراون، چونکە زۆر لەپێش دووانەکەی ترەوە نوسراون، بەلام خۆ کەس وای نەگوت. ئەی بۆچی دەبێت رۆشنبیری کورد هەر خەریکی ئەو بەیت و بالۆرانەبێت؟ دیارە دەبێت وەڵامەکەی لای ئەو کەسانە بێت کەهەر خەریکی دروستکردنی ئەو تۆمەتانەن.

گرفتی سەرەکی بەردەوامی ئەم نەخۆشییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەرۆشنبیری کورد بەتایبەت نوسەران و شاعیرانی کورد ئەوەندە بەتاڵ و داخراون بەسەر دنیای دەرەوەداو ئەوەندە خەریکی وردبوونەوەن لەناوەندی رۆشنبیری کوردی بۆیە بێ ئاگاشن لەوەی کەئەم لێکچوونانە هەیەو ئاساییشە. رۆشنبیری ئێمە بێ سەرو بەرەو کەس دان بەوەی تردا نانێت و کەسیش بۆئەوە ناخوێنێتەوە تابزانێت فلانە چیرۆکنوسی لاو یاخود رۆماننوس تاچەند کارەکانی پێشتری خۆی یاخود هاوسەردەمەکانی خۆی تێپەڕاندووە، تەنیا لەکاتی خوێندنەوەدا خەیاڵی لای ئەوەیە کەتۆبڵێی ئەم

بەرهەمە تازەیە لەکام چیرۆك نوسی فارس یاخود عەرەب وەرگیرابێت یان بەقەولی ئەوان دزرابێت، ئەسڵەن پێشوەخت بڕیاری خۆیداوە کەئەم بەرهەمە دزراوە تەنیا لەبەرهێندە دەیخوێنێتەوە تابزانیٚ لەکێی دزیوەو راکات رۆمانەکەی پەیداکاتو بیخوێنێتەوەو دواتر بەراوردی کات. هەر ئەمەشە وایکردووە ئەدەبیاتی کوردی سنورەکان نەبەزێنیٚو هەر لەبازنەی بۆشی زمانی کوردیدا بمێنێتەوە، ئەوانەشی پێیانوایە کەدەتوانن لەڕێگەی ئەو جۆرە تۆمەتو ناو زڕاندنانەوە دەتوانن خوێنەری فلآنە نوسەر کەمکەنەوە ئەوەندەی زیان لەئەدەبی کوردی دەدەن زیان لەونوسەرە نادەن چونکە ئەو بۆخۆی کاری خۆیدەکات.

گەر زیاتر وردبینەوە بۆمان دەردەکەویٚ کەئەم نەخۆشییە زیاتر لەناو ئەدەبیاتدایەو کەمتر بوارە هونەرییەکەی گرتۆتەوە، وردتریش زیاتر بەرۆکی رۆمانی گرتووە، ئەمەش دیارە بۆ ئازایی ئەو رۆماننوسانە دەگەڕێتەوە کەماوەی چەند ساڵێکە رۆمان دەنوسن، چونکە ئەوان توانیویانە لەناو کورددا خۆێنەری رۆمانی خۆماڵی دروستکەن، پێشتر زۆر رۆمان هەبوو بەلآم جگەلە (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەدو (هەرەس)ی محەمەد موکریو هەندێکی تر کەناکرێت ناوەکانیان بەدوای یەکتردا ریزکەین شایانی خوێندنەوەبوون خوێنەری کورد خۆی پێوە خەریککردوون، ئەوانیتریان بەرلەوەی بێنە دنیاوە مردنو کەس کاتی خۆی لەخوێندنەوەیاندا بەفیڕۆنەدا.

*لەژمارە(٤٧٤)ی ئەدەبو هونەری کوردستانی نویٚ لەڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٦/٢/١٦بلآوبۆتەوە.

# کلتوری خوێندنەوە

دەکرێت بڵێین خوێندنەوە دیاردەیەکی کلتوری شارستانییەو دەبێتە ئەوەی کەپێی دەڵێن رۆشنبیری، رۆشنبیریش دەچێتە خانەی سەرخانی کۆمەڵگەوەو دواتر کۆنترۆڵی تەواوی بوارەکانی تردەکات چونکە هەموو ئەوانەی دەوڵەت یان وڵات بەڕێوەدەبەن هەردەم خوێنەرێکی باشبوون جگەلەو دیکتاتۆرە ملهوڕانەی زۆر وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. رۆژێك لەدانیشتنێکی ئەدەبیانەدا چیرۆکنوسی هاوڕێم(عەتا محەمەد) بابەتێکی جوانی باسکرد لەمەڕ ئەوەی ئایا خوێندنەوە پێش نوسین هەبووە یان نوسین پێش خوێندنەوە؟ لەوێدا (عەتا)ی هاوڕێم چەند نمونەیەکی هێنایەوە کەتیایدا ئەوەی باسکرد کەزۆر کۆمەڵگە کتێبیشیان نەبووەو خوێندنەوەشیان لەڕێگەی سروشتەوە بۆ دیاردە سروشتییەکانکردووە. لەکۆمەڵگەی کوردیشدا بەبێ ئەوەی حەرفێك لەبارەی کەش و هەواوە بزانن





لەسەرەتای پاییزی هەرساڵێکدا لەگەڵ باران باریندا چەخماخەو بروسکە هەبوو دەڵێن ساڵەکەی بێ باران دەبێت، ئەوان بەئەزمون بۆیان دەرکەوتووە کەبوونی چەخماخەو بروسکە لەسەرەتای پاییزدا مانای نەبوونی باران لەزستان و ئەو سەری بەهاردا. ئەمە ناچێتە خانەی مەبەستی ئێمەوە کەقسەکردنە لەسەر خوێندنەوەی کتێب.

خوێندنەوە دیاردەیەکە لەڕێگەی چاوەوە دەگاتە ئەو شوێنەی پێی دەڵێن مێشکی ئینسان، کەدەڵێین دیاردە مەبەستمان لەوەیە کەهیچ کۆمەڵگەیەك لەسەرەتاوە خوێندەوارو خوێنەر نەبووە بەڵکو بەپرۆسەیەکی شێنەیی خوێندنەوەی تێدا رسکاوە. هەڵبەت دەبێت کەسی خوێنەر خوێندەواری هەبێت وەگەرنا ناتوانێ بخوێنێتەوە، لەناوەندیدا مامۆستایەکمان هەبوو فێری ئەوەی دەکردین چۆن بتوانین بخوێنینەوەو دەم نەجوڵێنین واتا ورتەمان لێوەنەیات، ئەمەش خەسڵەتێکی دیاری خوێنەری باشە. کلتور مانای ئەتەکێتێك یان داب و نەریت و خوویەك ئیتر خراپ یان باش، وەك چۆن دەڵێین بەعس یان نازییەکانی ئەڵمانیا کلتورێکیان لەخوێنڕێژیدا هەبووە، یان بەپێچەوانەوە دەڵێین فەڕەنسییەکان کلتورێکیان لەئازادی و مافەکانی مرۆڤدا هەیەو یۆنانییەکان کلتورێکی دەوڵەمەندییان لەفکرو فەلسەفەدا هەیەو ئیتر بەم شێوەیە.

کۆمەڵگەی کوردی کلتورێکی لەخوێندنەوەی دیاردە سروشتییەکاندا هەیە، بەڵام کلتورێکی نییە لەخوێندنەوەی کتێبدا، باپیرانی ئێمە زانیویانە قوقاندنی کەڵەشێر کاتی سەر لەئێوارەو نیوە شەواندا مانای مردنی کەسێکی نزیك یان خۆشەویست دەگەیەنێت بۆیە دەستبەجێ کەڵەشێرەکەیان سەربڕیوە، گەرنا بۆبەیانی هەواڵی مردنی کەسەکە

گەیشتووە، منداڵ بووم چەند جارێك ئەنجامی راستی ئەو ئەزموونەم بۆدەرکەوتووەو بینیوە. ئەوان لەکاتی نەهاتنەوەی مەڕ یان بزنو مانگاو گوێرەکەدا لەگەڵ رانەکەیدا چوون بۆلای مەلا یان شارەزایەکی ئایینی چەقۆیەکیان بردووە، کابرا ئایەتێکی بەسەردا خوێندووەو دواتر دەمی چەقۆکەی تابەیانی بەداخراوی هێشتۆتەوەو بەمەشیان ووتووە دەم بەسەت لەگورگ، واتا ئەو بیروباوەڕەو خوێندنەوەی ئەو ئایەتە پیرۆزە وایکردووە گورگ بەهۆی داخستنی دەمی ئەو چەقۆیەوە دەمی لەئاستی ئەو ئاژەڵەدا بەستراو بێتو نەکرێتەوە، بەمەش کابرای خاوەنی بەسەلامەتی ئاژەڵەکەی دەست کەوتۆتەوە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ مەبەستی بابەتەکەمان دەکرێت لەوشوێنەوە دەست پێبکەین کەکورد بۆچی کلتورێکی لەخوێندنەوەی کتێبدا نییە؟ یاخود بۆچی لەناو کورددا تائێستاش کتێبو خوێندنەوەی کتێب نەبۆتە پێداویستیو هەست بەسوودەکانی نەکراوە؟ رەنگە بەرسڤی ئەم پرسیارە تەنیا ئەوەبێت کەکورد بەدرێژایی مێژوو داگیرکراوو حکومکراوبووەو تاکی کوردی لەلایەنی رۆحییەوە هەرگیز ئارامی بۆخۆوە نەدیوە، خوێندنەوە زیاتر کارێکی رۆحییەو وەك پێداویستی رۆحی وایە بۆ مرۆڤ، بەڵام ئەمە وەڵامێکی باوەڕپێکەرنییەو دەیان نەتەوەو کۆمەڵگەی تری هاوشێوەی کورد هەیە کەداگیرو حکومکراوبووەو کلتورێکی دەوڵەمەندی لەخوێندنەوەدا هەبووەو هەیە. جگەلەوەش وەك مێژوو پێمان دەڵێت مادەکان کەباپیرانی ئێمەن ماوەی دوو سەدوو پەنجا ساڵ ئیمپراتۆرییەتێکیان هەبووەو حوکمی هەموو ناوچەکانی ئێستای زاگرۆسو تۆرۆسیانکردووە تۆبڵێی ئەوان نەیانزانیبێت کتێبو خوێندەواری چەندە گرنگە لەبەرەوپێشچوونی





نەتەوەو کۆمەڵگەکانداو دواتر لەمانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەیاندا. کورد شارستانییەتو توێژێکی شارنشینی نەبووەو دۆخی شارنشینی یان قۆناغی دروستبوونو جێگیربوونی ئینسانی کورد لەشارەکاندا مێژوویەکی زۆر دێرینی نییەو هەمیشە کورد کۆڵبەکۆڵو سەرگەردان ژیاوەو لەسەر خاکی خۆی هەڵکەندراوە.

رەنگە خوێندنەوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەر لەهەر سەرچاوەیەك، لەسەرچاوە ئایینیو دروستتر لەناوجەرگەی مزگەوتەکانەوە بۆ ناو دیوەخانی ئاغاو سەرۆك هۆزەکانو دواتر بۆناو کۆمەڵگە هاتبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کلتوری عەرەبیو ئایینی ئیسلام کەهەر بەزمانی عەرەبی گەیشتۆتە ناوچەکە، سەرچاوەیەکی تری خوێندنەوە، دیوانە فارسییەکانە(حافزو سەعدیو فیردەوسی) کەمەلاو زانا ئاینییەکان هەر لەکۆنەوە گرنگییان پێداوەو بەوپێیەش کەشیعرەکانی ئەو شاعیرانە هەمووی ئامۆژگاریو پەندو قسەی حەکیمانەبووە زۆر بەزووی لەناو دڵی خەڵکدا جێگەی خۆیان کردۆتەوەو مەلاکانی ئەو دەمیش بۆزیاتر زمان پاراوی خۆیانو زیاتر خۆشەویستتربوون لەناو خەڵکدا تەواوی ئەو شیعرانەیان ئەزبەر کردووە. لێرەدا دەکرێت بپرسین خۆ ئەو سەرچاوانە هەموویان دوای داهاتنی ئایینی ئیسلام بوون بەڵام (پیر شالیار)ی ناوچەی هەورامان خوێندەوارو قسەزانێکی پێش داهاتنی ئایینی ئیسلامەو پێش ناچێت کەسێکی ئەوەندە قسەزانو دنیادیدە بووبێتو قسەی عارفانەی کردبێت خوێندەواری نەبووبێتو کتێبی نەخوێندبێتەوە.

(ئەمانوئێل کانت)ی گەورە فەیلەسوفی ئەڵمانی پێیوایە کتێبێك نییە لەدنیادا کاریگەری کتێبێکی پێشتری لەسەر نەبێت کەنوسەری ئەو کتێبە

خوێندبێتییەوە، لەم قسەیەی (کانت)ەوە دەگەینە ئەوەی کەتاکی کوردی چونکە کتێبی نەبووە یادەستی نەکەوتووە بیخوێنێتەوە، بۆیە نەکلتورێکی لەخوێندنەوەدا لەگەڵ خۆیهێناوە نەتوانیوێتی ببێتە نوسەرو بیریارو فەیلەسوف، بەمانایەکی تر کۆمەڵگەی کوردی لەبەر ئەوەی کتێبی تیانەبووە نەیتوانیوە فەیلەسوفیش بەرهەم بهێنێت. ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەمێژووی کردنەوەی خوێندنگە لەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا زۆرساوایەو تەمەنی ناگاتە سەدەیەك گەربەوردی لێیبکۆڵینەوە، لەکاتێکدا وڵاتێکی وەکو بەریتانیا شەش سەد ساڵ بەر لەئەمڕۆ زانکۆی ئۆکسفۆردی کردۆتەوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەوە کتێب و کتێب خوێندنەوە دێتە ناو کلتوری کوردەوە، ئەویش لەڕێگەی ئەو رۆشنبیرو خوێندەوارانەی ئەو وەختەوە کەهەندێکیان لەئەسەتەمبوڵ و تاران و هەندێك شاری تری وڵاتانی ناوچەکەوە گەڕابوونەوەو هەوای دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەریدابوون و دەیانویست لەڕێگەی خوێندەواری و رۆشنبیرییەوە شتێك بۆکورد بکەن. ئەو رۆشنبیرانە توانیان نەوەیەکی خوێندەوارو چاوکراوە دروستکەن و کتێب بکەنە بابەتێکی خۆشەویست و پێویست لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، (پیرەمێرد) یەك لەو کەسانەبوو کەبەپارەی خۆی لەئەستەمبوڵەوە چاپخانەیەك دێنێت و لەساڵی (١٩٢٥) تاکۆتای ژیانی (١٩٥٠) لەشاری سلێمانی هەردوو رۆژنامەی (ژین و ژیان)ی بەپارەی خۆی دەردەکردو هەندێك دەڵێن پارەشی بەخەڵك دەدا تابیخوێننەوەو شتێك سەریان لەدنیا دەرچێت. ئەو پیاوێکی دنیادیدەو رۆشنبیرێکی پڕ ئەزموونبوو زوو هەستی بەوە کردبوو کەنەتەوە وشیاری نەبێت هەرگیز لەدیلی دەرناچێت، هەر لەوسۆنگەیەشەوە هەرچی سامان و سەروەتێکی هەبوو بۆ رۆشنبیرکرن و





بێدارکردنەوەی نەتەوەی کورد لەخەوی غەفڵەت خەرجیکرد. نەوەکەی پیرەمێرد نەوەیەکی ماندوو مردووبوون و ئەوەندەی بۆیانکرا هەم خوێندنەوەیان وەك دیاردەیەکی نوێ هێنایە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی کوردەوە، هەم توانیان شیعری کورد بەرەو تازەگەری بەرن کەلە(گۆران)دا گەیشتە لوتکەی نوێبوونەوە. هەرئەمەش وایکردووە کەزۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە واتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیست زیاتر رۆڵی ریفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتی بگێڕن و کەمتر بتوانن خزمەتی شیعر بەکەن.

گەر (پیرەمێرد)و هاوسەردەمەکانی واتا (بێکەس و ئەحمەد موختار جاف و شێخ نوری شێخ ساڵح و ئەمین زەکی بەگ و عەلادین سجادو ئیبراهیم ئەحمەدو مەعروف چیاوگ)و زۆریتریش وەك یەکەمین نەوەی رۆشنبیر کورد سەیربکەین، ئەوا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستداو لەگەڵ زیاتر رسکانی هەستی نەتەوەیی لای خەڵکی کورد نەوەیەکی تری رۆشنبیران دروست دەبن. ئیتر کتێب زیاتر دەبێتە سەرچاوەی خۆ رۆشنبیرکردنی خەڵکی کورد کەڕەنگە لەوێدا رۆڵی دروستبوونی پارتەکان لەکوردستاندا بۆخۆی رۆڵێکی ئیجابی بووبێت بۆ ئەومەبەستە. (شاکیر فەتاح) نمونەیەکی تری هاوشێوەی (پیرەمێرد)ە کەلەهەر شوێنێکی کوردستان وەزیفەیەکی حکومی هەبووبێت هەوڵیداوە مانگی جارێکی یان ساڵی چەند جارێك نامیلەکە یان کتێبێکی بچۆلەی ئەدەبی و رۆشنبیری چاپکات و خەڵك بەرەو خوێندنەوەی کتێب راکێشێت، زۆرجاریش کتێبەکەی زیاتر وەرگێڕانبووە، کاتێك ئەو (ئیمیل)ی (جان جاك رۆسۆ)ی وەرگێڕاوە رەنگە تاك و تەرای خوێندەواری کورد ناوی (رۆسۆ)ی بیستبێت.

گەر بگەڕێینەوە بۆ مەبەستی سەرەکیمان کەخوێندنەوەی کتێبە، دەکرێت بڵێین ئیتر لەوێوە بوونی کتێبخانە لەماڵەکاندا دەبێتە دیاردەو رۆشنبیری کورد لەڕێگەیەوە توانیویێتی خەڵکی تریش راکێشیە بواری خوێندنەوەوە، گەر وردبینەوە لەدوای شۆڕشی گەلاوێژی (١٩٥٨)ەوە یەك نەوەی گەورەی خوێندەوارو نوسەر لەڕووی ژمارەو ئیمکانیاتی رۆشنبیرییەوە دەردەکەون، (کریس کۆچێرا) دەنوسێت کەچوومە لای (ئیبراهیم ئەحمەد) لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستدا لەئەشکەوتێکی قەدپاڵ چیایەکدا بینینیم ناوبراو کتێبخانەیەکی گەورەی هەیەو کتێبەکانی (دیستۆڤسکی و بەلزاك)و زۆر فەیلەسووف و رۆماننوسی دنیای تێدابوو. لەو کاتە بەدواوە ئیتر خوێندنەوەی کتێب و خودی کتێبیش دەبێتە شتێکی پێویست و خۆشەویست لەنێو خەڵکداو رێز لەخوێندەواران دەگیرێت، بەتایبەت لەو وەختەوە ئیتر زمانی کوردی جۆرێك لەئازادی وەردەگرێت و چاپکردنی کتێب بەزمانی کوردی دەست پێدەکات، چونکە پێشتر رۆشنبیری خەڵکی ئێمە (عەرەبی و تورکی و فارسی)بووە بەڵام ئازادبوونی زمانی کوردی لەم بەشەی کوردستان و زۆربوونی چاپخانە لەعێراقدا کۆمەکێکی زۆری خوێندەواری تازەی کوردیانکردووە لەوەی کەهەر نەبێت چاپکراوی شاعیرو نوسەرەکانی خۆی دەست کەوێت.

برادەرێك گێڕایەوە لەمۆسکۆوە بەشەمەندەفەر بۆ شارێکیتر دەچووم لەتەنیشت منەوە ژنێکی پیری چاویلکە لەچاو دانیشتبوو بەدرێژایی ئەو ماوە زۆرە هەر خەریکی خوێندنەوەبوو سەری لەسەر کتێبەکە هەڵنەدەبڕی، وتی کەکتێبەکەی کەمێك داخست لێمپرسی بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەیت، لەکەیەوە دەخوێنیتەوە.؟ ژنە وتبووی ماندوو نابم خوێندنەوە بۆ





ئێمە وەك جۆرێك لەخۆراکی لێهاتووە، خۆراکێکی رۆحییە. ئێمە لەتەمەنی چوار ساڵییەوە فێری ئەوەمان دەکەن کەلەگەڵ خوێندنەوەدا پشوو درێژبین و کلتورێکی دەوڵەمەندمان لەخوێندنەوەدا هەیە. برادەرەکە هەناسەیەکی هەڵکێشابوو بۆ حاڵی کورد، لای ئێمە نەك هەر نەبۆتە کلتورو نەریت خوێندنەوەی کتێب لەناو پاس و هۆکانی تری گواستنەوەدا، بەڵکو گاڵتەشت پێدەکەن، رۆژێك رۆژنامەیەکی (ئاسۆ)و رۆمانێکم بەدەستەوە بوو سواری پاسێك بووم و چوومە پێشەوە دانیشتم تا بەئارامی بیخوێنمەوە، رۆژنامەکەم کردەوەو کاکی شۆفێر وتی زەحمەت نەبێت ئەو رۆژنامەیە داخە بەرچاوی گرتووم و ناهێڵێ چاوم لەئاوێنەکە بێت، رۆژنامەکەم قەوکردەوەو ویستم رۆمانەکە بخوێنمەوە کابرا دەنگی تەسجیلەکەی بەرزکردەوەو تاگەیشتمەوە سەرچنار (گۆرانی ئینزیبات) هەرنەیدەبڕییەوە.

لەباخچەیەکدا دادەنیشی و دەتەوی بخوێنیتەوە لەتەنیشتتەوە دەبێتە هات و هاوارێك وادەزانی هائێستا هاتۆزێکی تر قیامەت رادەبێ، لەماڵەوە دەخوێنیتەوە لەپڕ کارەبات بەسەردا دەکوژێتەوەو چاوەڕێی کارەبا کەیت بەساڵێك کتێبێك ناخوێنیتەوە. سەرباری ئەوەش لێرە حساب بۆ بارودۆخی خوێنەر ناکرێت و کتێب دەردەچێت بەقەبارەی گەورەی چەند سەد لاپەڕەیی و ناتوانی بەدەستتەوە بیگریت ئیتر چۆن حەوسەڵەی خوێندنەوەیت دەبێت، رۆژنامە هەیە ئەوەندە گەورەیە دەبێت بەپاڵکەوتنەوە بیخوێنیتەوە. لەموحازەرەیەکی رۆژنامەگەریدا مامۆستایەك نمونەیەکی باسکردو وتی لەتەواوی ئەورووپادا رۆژنامەو کتێبی ناو پاس و شەمەندەفەرو کاتی خەوو شوێنی کارکردن جیاکراوەتەوەو قەبارەی کتێب یان رۆژنامەکە دەبێت بەجۆرێك بڕدرابێت کەلەگەڵ گەورەیی و بچوکی

**شوێنی کارکردن‌و تاقەتی ئەو خەڵکەدا بگونجێت. تابەهەر شێوەیەك بێت ئینسانی ئەوروپی بتوانێت لەگەڵ خوێندنەوەدا بەردەوام بێت‌و بۆی بڕەخسێت بخوێنێتەوە. لەکۆتاییدا دەکرێت بڵێین سەرباری هەموو ئەو کەموکوڕییانەش ئێستا خوێندنەوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا خەریکە دەبێتە کلتورو تەواو تێکەڵی ژیانی رۆژانەی خەڵك دەبێت ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەهەم باری ئابووری‌و ئاسایشی خەڵك بەرەو باشی‌و ئارامی رۆییوەو هەم کتێب‌و چاپخانەو دەزگای بلاوکردنەوەی کتێب‌و رۆژنامەو گۆڤارو دەزگا راگەیاندنەکانی بینراوو بیستراو زۆربوون‌و خودی ئەو کەناڵە رادیۆو تیڤی‌و دەزگا چاپەمەنییانەش لەناو شارەکانی کوردستاندان‌و خەڵك دەتوانێ رۆژانە ئاگاداری تازەترین بابەت‌و کتێب‌و رۆژنامەو گۆڤاربێت.**

*لەژمارە(١٨٧)ی رۆژنامەی ئاسۆ لەڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٥بلاوبۆتەوە.

## منداڵ ئەو مەخلوقەی

## هێندەی سادەیی ژیانی پرسیاری قوڵی هەیە.

منداڵێکی دراوسێمان هەبوو ناوی (لاوکۆ) بوو، ئەم منداڵە گەر لەرۆژئاوابوایە پێیان دەگوت فەیلەسوف، بەپرسیارە سەیرو سەمەرەکانی مرۆڤی سەرسام دەکرد، وایلێدەکردی رابمێنی، هەندێ شت هەبوو بەدرێژایی تەمەنی خۆم بەبیرمدا نەهاتبوو، لاوکۆ جارێکی تر بیری خستمەوەو ناچاریکردم بەسەریدا بچمەوەو، بەجۆرێکی تر لەشتەکان‌و لەدنیا رابمێنم. منداڵی ئێمە منداڵییەکی سەرکوتکراوو چەپێنراوەو هەمووشتێکی لێ یاساغکراوەو بۆی نەبووە پرسیار لەهیچ شتێك بکات، سەدان جاردەمانوت ئەو هەموو تروسکە رووناکییە چییە بەئاسمانەوە؟ لەنەزانی خۆیاندا دەیانووت ئەوە هەموو دەسکردی خودایەو بۆئەوەیە دنیا رووناك بێت. لەکاتێکدا ئەوە دیاردەیەکی فیزیکی سروشتەو تەنیا هەرپەیوەست نییە بەداهاتنی شەوو ئاوابوونی رۆژەوە، بەڵکو ئەستێرەکان





بەدرێژایی ملیارەها ساڵی تەمەنی کەون بوونیان هەبووەو هەریەکەیان لەلای خۆیەوە گەرهێندەی زەوی نەبێت ئەوا یالەزەوی زۆرگەورەترە، یاخود کەمێك بچووکتر. ئەوەش لەمێژە ئاشکرابووە کەئەم زەوییەی ئێمەشی لەسەر دەژین وەك هەموو ئەو ئەستێرانەی بەئاسمانەوەن ئەستێرەیەکەو هیچی تر، هاکا رۆژێ قلپبۆوەو ئێمەش هەپرون بەهەپرون دەبین.

منداڵ بیرێکی تیژوو زەینێکی روونی هەیە بەتایبەت لەتەمەنی پێنج تادوازدە ساڵی، یەك جار شتێك ببینێ ئیتر شێوەی لەیادەوەریدا تۆماردەکات‌و مەحاڵە بیری چێتەوە، شتێك روویدات وەك خۆی بێزیادو کەم دەیگێڕێتەوە، وەك حیکایەتی پاشا رووتەکە، پاشا رووت بوو داروودەستەکەی دەیانوت ئەو بەرگەجوانەت لەکوێ کڕیوە هەر لەخۆت دێت، کەچی منداڵێك چاوی بەپاشا کەوت‌و هاواریکرد پاشا رووتە.. ئەمەش لەسادەو ساکاری دنیای منداڵەوە هاتووە کەهێشتا چڵکی رۆژگارو بەرژەوەند پەرستی پیسی نەکردووە. رۆبرت دەڵێ: خوایە گیان من خەڵکی ئەمریکام ئەی تۆ خەڵکی کوێی.. ئەم پرسیارە راماندەکێشێتە مشتومڕێکی قوڵەوە لەگەڵ خودی خۆماندا.. کازانتزاکیس لەیادەوەرییەکانی منداڵیدا دەڵێ: هۆکاری گوزارشتکردن لەمنداڵیدا یان لەخەوندا زۆر ساکارە، هەربۆیە جوانترین لایەنی دەروونی بەبێ زۆرپێوەنان ئاڵوگۆڕدەکاو تەنها جەوهەرەکەی دەمێنێتەوە.. پرسیارەکەی رۆبرتیش لەخودا لەهەمان سادەو ساکارییەوە هاتووەو زۆریش بەجێیە ئەم بەشەر گەلەی کەهەمووی خۆی بەکۆیلەی خودا دەزانێت لەسەر ئەم شوێنەو ئەو شوێنە یەك ملیار ساڵە خوێنی یەکتر دەڕژن.. ئەی باشە بۆدەبێ ناسنامەی شوێنی خودا لەئینسان ونبێ تۆ بڵێی پرسیارەکەی رۆبرت کفر بێت؟

بەئێمەیان دەوت هەورە بروسکەو تەرزەبارین رقی خودان، خودا رقی لەئێمە هەستاوە بۆیە ئاوا ئاسمان ناڵە ناڵییەتی، ئێمە بەگوناهەکانمان زەویمان پیس و گڵاوکردووەو پێناچێت هیچ جۆرە خودا پەرستییەك ئەوئاشتکاتەوە، دەمانپرسی تۆبڵێی خودا بۆچی هێندە رقی لەئینسانگەلێك بێت کە دروستکراوی خۆیەتی؟ ئایا مەگەر ئەو نەیدەزانی ئینسان ئاوا پیس و گڵاوە؟ ئەی خودا عەلیم و غەفوور نییە... ئیتر بۆچی رقی لێمان هەڵدەستێ و بۆچی زەویمات بەسەردا دەڕوخێنێ. ئەمانەو دەیان و سەدان پرسیاری تر لەگەروومان‌دا دەتاسان و گەورەکان لێنەدەگەڕان بیان وروژێنین و هەندێك لەدنیا قوڵبینەوە. تەنیا هەرئێمە مەحکوم نەبوین بەو جۆرە تاساندن و سەرکوتکردن و چەپاندنە، بەڵکو ئەوانەی ئێمەشیان مەحکوم کردووە خۆشیان لەلایەن باوانیانە هەمان حاڵەتیان بەسەردا هاتووەو بەهەمان دۆخدا تێپەڕیون، واتا ئەم چەپاندنە هزرییە نەوەبۆنەوە گوازراوەتەوەو لەم ناوەشدا کاریکردۆتە سەر کۆمەڵگەو بەتەواوەتی لەنەزانی و بێئاگاییدا نغرۆیکردووە، کردویێتییە کۆمەڵگەیەکی بێ پرسیارو رازی و چەقیو لەزەلکاوی کاڵفامیدا، لێرەشدا دین و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لەم چەپاندنەدا پشکی شێری بەرکەوتووەو دین وایکردووە باوکان منالانیان بتاسێنن و پرسیارکردنیان لەبارەی بوون و گەردون و کەینونەی خۆیانەوە لێ یاساغ بکەن. تەنانەت تاتەمەنی بیست ساڵیش هیچ لەبارەی جەستەی خۆیەوە نازانێت و هەر گۆڕانێکی بایۆلۆژی دەیتاسێنێ و تووشی خەمۆکی دەکات، بەتایبەت بۆڕەگەزی مێ کەلەتەمەنی سیازدە ساڵییەوە توشی خوێن بەربوون دەبێ، مانگانە ئەو دەورەیە دووبارە دەبێتەوە کەچی ناویان ناوە بێنوێژی و هیچ روونکردنەوەیەکیان بەو کچە نەداوە کەتوشی





ئەو حاڵەتەبووە تەنیا هێندەیان پێووتوە کەئیتر منال نییەو دەبێ ئاگای لەخۆی و خوارکەمەری بێت.

منال لەتەمەنی سێ تاهەشت ساڵیش بەردەوام لەهەمبەر شتەکاندا سەرسامی خۆی پیشاندەدات و وەك ئەوەی بۆیەکەمجار ئەوشتەی ببینیبێ بەدیارییەوە کروشکەدەکات، کەیارییەکی منداڵانەی بۆدەکڕی لەبری یاری پێکردنی هەوڵی هەڵوەشاندنی ئامێری یاریکردنەکە دەدات و دەیەوێ بزانێ ئەوەی والەو ئامێرەدەکات (سەیارەبێت یان بووکەڵە) بەخێرایی بڕوات یاخود مۆسیقا لێبدات، یان دەهۆڵ بکوتێ و زۆری تریش چییە، دەیەوێ بزانێ چی لەناودایەو دەریبێنێ، جوچکێکی بخەرەبەردەست هەوڵی هەڵکێشانی ملی ئەدات تابزانێ دوای لێکردنەوەی ملیشی هەر جیکە جیك و جووڵە جوول دەکات. گەربەدیارییەوە دانیشی بەمیکانۆ فۆڕم و شێوەی زۆر شتی نوێت بۆ دروست دەکات، یاخود پەڕە کاغەزو قەڵەم بۆیەی بدەری و دواتر سەیرکە بزانە چیدروستدەکات. منال وەك ئامێری فۆتۆکۆپی هەرچی لەدەورو بەری بێت بەچاوو گوێ هەڵیدەلوشێ، دەیەوێ دنیایەك دروستکات بەوشێوەیەی خۆی دەیبینێ و خۆی ئارەزوی دەکات، ئەمەش مەیلێکە لەگەڵ منالدا گەورەدەبێت و سەربۆ زۆر جێگە دەکوتێ و پەلدەهاوێ بۆ تاقیکردنەوەی چەندین بوار تابوونی خۆی بسەلمێنێ، بۆیە گەروێنەبکێشێت حەتمەن ئەو وێنانە دەکێشێت کەپێشتر بینوینی، لەساڵانی هەشتادا هەموومنالێك حەزی دەکرد وێنەی فڕۆکەو کۆپتەرو تانك و تۆپ بکێشێت، ئەمەش بەرئەنجامی شەڕی عێراق - ئێران و داگیرکردنی کوردستان بوو لەلایەن بەعسەوە. منال لەسادەیی خۆیەوە

لەئاڵۆزی شتەکان دەڕوانیٚ، کەبۆیەکەمجار بەفر دەبینی وادەزانیٚ شەکرە، کەدەریا دەبینیٚ وادەزانیٚ ئاسمان هاتۆتە خواریٚو لەبەرپێی ئەمدا راخراوە.

لاوکۆ ئێوارەیەکیان هاتو وتی پرسیارێکم هەیە بەباوکم وتوە وەڵامی نەداوەمەتەوە بزانم تۆ وەڵامم ئەدەیەتەوە، لاوکۆ وتی باشە دەڵێن (ئەو پەڕی دنیا) یەعنی ئیتر لەوێدا دنیا تەواو دەبێت، باشە ئەو پەڕی دنیا موحاجەرەی هەیە تاڕێگە لەبەربوونەوەی مرۆڤ بگرێت؟ ئەوکات لاوکۆو هزری لاوکۆ لەوئاستەدا نەبوون تاخڕێتی زەوی بۆڕوونبکەمەوەو تێیبگەیەنم ئەم زەوییەی ئێمە وەك تۆپێك وایەو ئەم پەڕو ئەوپەڕی نییە، رەنگە هەندێك ناوچەو وڵات بکەونە ژێری تۆپەکەو هەندێکیش سەرەوەی تۆپەکە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە مرۆڤ هەست بەژێرو ژووری ناکاتو هەرهەست بەوەدەکەیت کەلەتەختاییدا بەپێوە وەستاویت. بەڵام بەلاوکۆم وت لەگەورەبووونداو لەڕەوتی بەرەوپێشچوونی تەمەنتا رۆژگار وەڵامی هەموو پرسیارەکانت ئەداتەوە. وەك ئێستا دەیبینین زانست بەجۆرێك کەوتۆتە خزمەتی مرۆڤ، منالّی لەوەقوتار کردووە چاوەڕوانی باوكو دایکی بێت وەڵامی بداتەوە، راستەخۆو لەڕێگەی فیلم کارتۆنەوە تەواوی شتەکانیان بۆڕووندەکەنەوەو ئیتر باوکانو دایکانیش ناچارن هەوڵی دۆزینەوەی وەڵام بدەن بۆپرسیاری رۆڵەکانیان گەر بیزانن، چونکە ئەوانیش بەهەمان قۆناغی گەورەبوونی رۆڵەکانیاندا تێپەڕیون.

لەم وڵاتانەی ئەم ناچەیەی ئێمەدا منالّ بایەخی پێنادرێتو تەنیا گەورەئەکرێت، ئیتر گویٚ بەشێوازی گەورەکردنو پەروەردەکردنی نادرێتو ئەو مەنهەجە دراسییەی لەخوێندنگەکانیشدا دەخوێندریٚ تادەگاتە زانکۆش شتێکی تێدانییە مرۆڤ تێرکات لەچۆنێتی دروستبوونی خودی خۆییو





گەردوونو دیاردەکانو بزووتنی دنیا، لەبارەی مرۆڤەوە هەرهێندە هەیە دەڵێن لەپشتی باوکتەوە دەچییە رەحمی دایکتو ئیتر دەبیتە سەربازی پاراستنی وڵات لەدوژمنان، لەبارەی دنیاوە دەڵێن: ئەم دنیایە تاقیکردنەوەیە بۆئەو دنیا.. دەڵێن: دنیا پێچی مێزەرەو ئیتر هەوڵبە نامەی ئەعمالت بەسپێتی بەریتە ئەودنیاو، دنیای فانی لەوێوە دەست پێدەکات، بەکوردیو بەکورتی والەمرۆڤ دەکەن رەشبینو بیٚ ئومێدو هیوابڕیو لەگەورە بووندا یەك گوللە ئاراستەی مێشکی خۆی بکات. تائەمڕۆش لەتەواوی ئەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا دامەزراوەیەك نییە تایبەت بێت بەومنالاّنەی ئاستی مێشكو زیرەکییان بەڕادەی سەراسیمەکەر لەپێشە، منالێك لەئەفغانستان تەواوی قورئانی پیرۆزی ئەزبەرکردبوو کەچی کردیانە میلیشیای تالیبان، یەکێکی تر لەئۆردن ناوی پایتەختی زۆربەی وڵاتانی جیهانی دەزانی.. بەپێچەوانەشەوە دامەزراوەیەك نەبووە منالاّنی بیرکولو ئاست نزم لەڕووی مێشکەوە لەخۆبگریٚو بتوانیٚ ئاستیان بەرزکاتەوە.. ئیتر لەم ناوەدا هەردوو لا واتا زیرەكو تەممەڵ لەپۆلێکدا دەخوێننو گەورەدەبنو دواتر یادەبنە دیکتاتۆرێکی هاوشێوەی سەدام یاخوود زەرقاوی خوێنڕێژو مرۆڤ سەربڕ.

لەم ماوەیەی پێشوودا دەزگای چاپو پەخشی سەردەم کتێبێکی منالاّنی چاپکرد بەناوی (نامەی منالاّن بۆخوا) کەبرای وەرگێڕ (ئازاد بەرزنجی) وەرێگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، جێگەی دەستخۆشییە. لەم کتێبەدا کۆمەڵە نوسینێکی کورت لەشێوازی نامەداو بەزمانێکی زۆر سادەو ساکاری منالاّنە کەهەمان ئەو زمانەیە شاعیران پێی دەنوسن، نوسراونەتەوەو لەدوو توێیاندا کۆمەڵێك رازو رەمزی بوونو کەینونەی ئینسان دەسی بۆبردراوەو

لەوێدا منالانی ڕۆژئاوا دوور لەهەر چاوسوور کردنەوەیەکی دایکان‌و باوکانیان‌و دوور لەسانسۆرو یاساغی دین‌و ترادسیۆن‌و کلتوور توانیویانە ڕاشکاوانە پرسیارو مەبەستەکانی خۆیان دەربڕن، کەپڕە لەسەراسیمەیی‌و رامان‌و قوڵبونەوە لەتەواوی شتەکان‌و دیاردەکان بەخودی مرۆڤیشەوە. پێدەچێت پەیمانگەیەك یان دامەزراوەیەك هەبێت بۆپێگەیاندنی ئەم مندالانە، چونکە لەهەندێ نامەدا گومان دەکەی لەوەی منالێك بتوانێ ئەو پرسیارە قورسە ئاراستەکات، بەلام کۆی گشتی نامەکان ئەوەت لاڕووندەکاتەوە کەئەم نامانە خودی مندالان نوسیویانەو هاوکات دامەزراوەیەك هەیە بۆپشتگیریکردنیان.

ڕەنگە هەمووومان هەرلەمنداڵییەوە تائەم چرکەیەش بەبیرماندا هاتبێت پرسیاری ئەوەبکەین ئایا ئێمە دایك‌و باوکمان دروستی کردووین ئەی خودا کێ دروستی کردووە؟ واتا تۆبڵێی کێ خودای دروستکردبێت؟ بەلام کەسمان زاتی پرسیارێکی وامان نەبووە، کەئەوەش دەمنباتەوە سەر شیکردنەوەی گەردوون‌و گەڕانەوە بۆبیردۆزەکەی داروین. بەهەرحاڵ باواز لەوەیان بێنین‌و دوای پرسیارەکەی چارلی کەوین، چارلی لەخودا دەپرسێ: (تۆچۆن زانیت کەخودایت؟) دەبێ ئینسان کەی بەئینسان بوونی خۆی زانی بێت؟ تۆبڵێی تائێستاش هەندێك مرۆڤ وەك چوارپێکان لەسەر هەرچوار پەڵ نەڕۆن؟ بۆ نا.. تائێستاش گەلە مرۆڤێك لەبیابانەکانی (کالاهاری) نەگەیشتوونەتە قۆناغی بەمرۆڤ بوون.

ژینگەی بەشەری لەبەرەبەیانی مێژووەوە تائەم چرکەیەش بەهەوڵە شەڕخوازو خۆسەپێنەکانی کارێکی کردووە کەنەك هەرلەخۆی بەڵکو ژیانی لەتەواوی بوونەوەری سەرزەوی کردۆتە دۆزەخ‌و لێرەشەوە منالٚ وەك





بوونەوەرێك کەزۆرترین حەزوو تامەزرۆیی بۆژیان تێدایە تەواو زەرەرمەند بووەو زۆرترین قوربانیانی شەڕەکان لەدەمی وەحشیگەری‌و لەدەمی مۆدێرنەشدا منالٚن.. منالٚ ناتوانێ ڕاکات، توانای بەرگری نییەو هیچ لەخۆشاردنەوە نازانێ بۆیە بەردەکەوێ، یان باوك‌و دایکی بەردەکەون. لەزۆر ولاتی ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیدا منالان دەکرێنە میلیشیای سەربازی‌و بۆکاری بازرگانی مادەی بێهۆشکەر بەکاردەهێنرێن. لەولاتانی ئاسیا، لەئەفغانستان‌و پاکستان‌و هیندو بەنگلادیش‌و فلیپینیش تۆڕی فراوان لەمنالان دروستدەکەن‌و بەمەبەستی ناردنیان بۆ دوبەیی‌و ولاتانی کەنداو بۆکاری سێکسی بەکاریان دێنن. لەکوردستانی خۆشمان ڕۆژانە لەبازاڕو شوێنە گەشتیارییەکاندا یەك لەشکر منالٚت بەرچاو دەکەوێت کەخەریکی پەیدا کردنی قووتی ژیانن‌و خێزانێك چاوەڕێی دەستی ئەوانە. بەلام منالٚ ئەمانەی ناوێت‌و بەزۆر دەیسەپێنن بەسەریداو گیانێکی شەڕخوازانەی تێدا دەچێنن. منالٚ دەیەوێ بژی‌و دوای ئارەزووەکانی کەوێ، ئەوان نازانن گوناه چییەو ئێمە توشی گوناهیان دەکەین، ئەوان نازانن شەڕ چییەو ئێمە بەپۆل دەیانبەینە بەرەکانی جەنگ، بۆمانەوەی خۆمان ئەوان دەکەینە سوپەرو قەڵغان، لەپێناوی کورسی‌و دەسکەوتی مادیدا هەزارانیان دەکەینە قوربانی مەرامەکانمان. (تیم ئێم) ی نۆسالان رووداوەکاتە خوداو دەڵێ: خوایە گیان حەزم دەکرد شتێك نەبووایە پێی بوترایە گوناه. حەزم دەکرد شتێك نەبووایە پێی بوترایە شەڕ.

دیسان کازانتزاکی پێی وایە: (زەینی منالٚ بێگەردو جەستەشی نەرم‌و نیانە، خۆرومانگ‌و باو باران، بەبێدەنگی بەسەریدا دەڕژێن‌و منالٚ هەویرێکەو ئەوانە هەڵیدێنن. منالٚ بەئیشتیهاوە دنیا قووتدەدا، گەدەی

هەرسی دەکاو، هەرسی دەکاو دەیکاتە مندالّ.) منالّ هەموو شتەکانی دەورووبەری هەڵدەلوشیّو بەسادەییەکەی خۆی دروستی دەکاتەوە. (جانیت) دەڵیّ خوایە گیان حەزم ئەکرد مرۆڤەکانت وا دروست بکردایە کە بەئاسانی لەتوپەت نەبن. من تائیستا سیّ جیّ روشانو یەك جیّ برینم هەیە. منالّ دەبینیّ ئینسان دەکوژریّو لەتوپەت دەبیّ، دەبینیّ ئینسان لەبرسا دەمریّو لەسەرما رەق دەبێتەوە، دەبینیّ ئینسان ئەوەندە ناسکە رۆژانە وەك پەڕەی گولّ هەڵدەوەریّ، بۆیە بەو جۆرە روودەکاتە خوداو داوایەکی لەو شێوەیەی لێدەکات، ئەو دەیەویّ ئینسان هێندەی رەقی رۆژگار رەق بێتو هێندەی سەختی ئەم ژیانە سەخت بێتو بەرگەی چەڵەمەکانی رۆژگار بگرێت.

لەم کتێبەدا مناڵەکان بەڕوونیو سادەیی پرسیار دەکەنو نیازو مەرامەکانی خۆیان بەخودا دەڵێن، لەهزری مناڵدا بەربەست نییەو منالّ سنوورەکانی سیاسەتو ئایینو کۆمەڵگە رەتدەکاتەوەو خۆی بەوچەشنەی دەیەویّ دایدەڕێژێتو سنووری ئارەزووەکانی هێندە پانو پۆڕو بەرینە ئەم گەردوونە توانای گرتنە خۆی نییە. یەکێك دەیەویّ تەمەنی خودا بزانێتو لەو حەوسەڵەیە بکۆڵێتەوە کەخودا لەگەلّ ئینساندا هەیەتی ئەو دەڵیّ: باپیرەم ئەڵیّ کاتێك ئەو منالّ بووە، ئەوساش تۆهەر هەبوویت. باشە تۆ چەند سالّ بەر لەو هەبوویت؟ هەرئەم گیانی ئینسان دۆستیەیە وادەکات منالّ پرسیار لەبوونی پەرجوو بکاتو لەخودا بپرسیّ: خوایە گیان بۆچی تۆ لەکۆندا ئەو هەموو موعجیزەیەت نواندووە، کەچی ئێستا هیچ موعجیزەیەك نانوێنیّ ئەمە پرسیاری (سی مۆر)ە ئەم بەناوی منالآنی ترەوە داوای خۆشگوزەرانی دەکاتو لەوشەڕو شۆڕو ئاژاوەیە بێزارە کەلەدنیادا





روودەداتو منالآن سووتەمەنییەکەی دابین دەکەن. لێرەوەو دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئیتر هەست بەبێنازیو کەنارگیری منالآنی خۆمان دەکەینو دەهێنیّ ئاوڕیان لێبدرێتەوەو رۆژانە لەگەلّ سەیرکردنی ئەرکەکانی رۆژانەیاندا گوێیان لێبگرین بزانین پرسیارەکانیان چینو بۆچونیان سەبارەت بەدیاردەو رووداوەکان وەرگرینو هەندێك لەکاتی خۆمانیان بدەینیّ، دەبیّ ئەوەبزاین کەبایەخدان بەمنالّ بایەخدانە بەدوارۆژو گویّ پێنەدان بەمنالآن مانای بەهێند نەگرتنی ئایندەو ئیتر بەم شێوەیە ئەم کۆمەڵگەیە هەر بیّ پرسیارو بێئاگا دەمێنێتەوەو توانای رامانی نامێنیّ لەدنیاو دیاردەکانو منالآنی تەنیا دەزانن لەپۆلدا باوێشك بەنو چاوەڕێی رۆژانی پشوبن. بۆیە خوێندنەوەی ئەم کتێبەو بردنی بۆناو پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی کارێکی بەجیّو پێویستە.

*لەژمارە(٤٣٥)ی ئەدەبو هونەری کوردستانی نویّ لەرۆژی ٢٠٠٥/٥/٥ بلاوبۆتەوە.

# عێل بەگی جاف.. پێشبینی یان شیعر.؟

ئێمە وەك كورد هەمیشە لەدواوە بووین و نەمانتوانیوە بەدوای رابردووی خۆماندا بچین هەرلەشیعرەوە دەیگری تادەگاتە تەواوی كایەكانی تری ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتیمان، تائێستا نەمانتوانیو لەشوێنەوارەكانی دێرینەمان بكۆڵینەوە، نەمانتوانیوە شوێنەوارە ئەدەبییەكانی كلاسیكمان تەواو ساغكەینەوە، زەمینەو زەمانی ئەو كەمە شتەی بۆمان جێماوەو لەفەوتان رزگاری بووە ساغنەبۆتەوە، بەقەد گەورەیی شاعیرەكانمان بایەخیان پێنەدراوە، ئەوی دەمانەوێ شەن و كەوی كەین شیعرو دنیابینی عێل بەگی جافە، كە دەكرێ وەك كەسێك ببیینین كە لەداهاتوودا دەژی ولەداهاتوودا ئەدوێ و پێشبینی (تنبوئات) ئەكات و بەزنجیرە رووداوەكانمان بۆوێنەدەگرێ. ئێمە نەمانتوانیوە وەك چۆن رۆژئاواییەكان بەشوێن ئەوكەسایەتییانەو شوێنەوارەكانییاندا دەچن، بچین و هەوڵمان





نەداوە ئەوكۆدو رەمزو رازوو شفرانە كەشفكەین كەوەك كلیل بۆكردنەوەو خوێندنەوەی دیوی ناوەوو مەغزادوورەكانی ئەو پێشبینییانە رۆڵ دەگێڕن. نۆستراداموس هێندەی ئەم نەیتوانیوە قامك بخاتە سەرئەو رووداوانەی لەداهاتوودا روودەدا، ئەو وەك عێل بەگی وریانییە لەدەستنیشانكردنی ئەو پێشهاتانەدا، كەچی نەوەكانی دوای ئەو لەپشت دوودێرو سێ دێری تەنەبووئاتەكانی نۆستراداموسەوە یەك دنیا رووداوو پێشهاتیان دەستیشانكردووەو هەرچی كۆدوو رەمزی ئەو پێشبینییانەیە دۆزیویانەتەوەو بەخەڵكیان ناساندووەو ئێستا نۆستراداموس لەناوەندو میدیاكانی ئەورووپاو خۆرئاوادا زۆرلەخۆی زیاتر گەورە پێشاندراوە.. ئەی ئێمە چیمان بۆ عێل بەگییەكەی خۆمان كردووە.؟ هەڵبەت هیچ.

كاتی خۆیی و لەسەردەمی گۆڤاری گەلاوێژدا ١٩٣٩تا ١٩٤٩ مامۆستا عەلادین سوجادی هەرلەتوێی ژمارەكانی گۆڤاری ناوبراودا ئاماژەی پێداوەو لەم ساڵانەی دوایشدا جارێكیتر هاتەوە بەرباس و لەنێوەندە ئەدەبی و فەرهەنگییەكەدا بووەجێگەی مشتومڕ..

عێل بەگی جاف ٨٩٦ . ٩٦١ی كۆچی، ئەوناوەیە كەدەمانەوێت ئێستێك لەسەر دنیابینی و شیعرەكانی بكەین گەربڕیاربێت ئەوانە شیعربن، چونكە تەنیا وەك لایەنی وەزن و كێش و سەروا لەشیعرەوە نزیكن، بەڵام ئەوەی ئەم پیاوە وتوێتی، دەڵێی لەئەمڕۆدا وتراون و كەچی پێنج سەد ساڵێك بەرلەئێستاو وتراون. گەربتوانین ساغی بكەینەوەو بەشوێن سەرچاوەكانیدا بڕۆین رەنگە عەقڵێكی گەورەمان بۆزیندووبێتەوە.. لەئێستادا كە تیرۆرو بەتایبەت تیرۆری ئیسلامی دنیای تەنیوەتەوەو هەموو دنیا بەدەست ئیسلام و عەرەبەوە گیری خواردووەو، كەس خاوەنی خۆی نییە رەنگە ئەمە

بەخەیاڵێ کەسدا نەهاتبێت ئاخر کێ دەیوت دڕندەیی بەشەر دەگاتە ئاستی مرۆڤ سەربڕین چ جای لەسەردەستی پیاوانێ کەخۆیان بەسێبەری خودا دەزانن، کەچی عێل بەگی جاف ئەووەخت پێشبینی ڕووداوێکی وایکردووەو کامێرای قەڵەمەکەی وێنەی ئەمڕۆژەی گرتووەو بەمونتاژکراوی بۆی هەڵگرتووین.

سستی مێزەر خڕان دەبێ      سەر لەمەیدان فڕان دەبێ
هەمێستار گشت قڕان دەبێ      ئاوری دۆزەخ گڕان دەبێ
هەر وابووەو هەروا دەبێ

لەوەش جێگەی سەرنجتر دەست نیشانکردنی شوێنی ڕووداوەکانە، ئەو شوێنەی دەبێتە شانۆی ڕووداوەکان‌و چاوی سەرنجی دنیای لەسەر دەبێت، کەلەئێستادا شاری بەغدادی پایتەختی عێراقە.. هەرلەوێدا عێل بەگی پێی وایە ئەم کارانە نەلەپێناوی خودا دایە نەلەپێناوی ڕزگاری بەشەر، بەڵکو تەنیا ئامانجێك لەم کارانە سەروەت‌و سامان‌و پوڵ‌و پارەیە.

دیوانی گورگ‌و مەڕ دەبێ      دەشتی بەغدا بەشەڕ دەبێ
گشتی بۆ زێوو زەڕ دەبێ      خەڵقی ساجان بێ فەڕ دەبێ
هەروا بووەو هەروا دەبێ





دیارە ئەمەش ڕەنگە هەندێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەشاری بەغداد هەرلەکۆنەوە خاڵی یەکلاییکردنەوەی شەڕو ئاژاوەکانبووە لەناوەچەکەدا، هەمیشە دیکتاتۆرەکانی مێژوو ئەوانەی ڕوویانکردۆتە ئەم ناوچەیەو ئەوانەشی کەلەم ناوچەیە حوکمیان کردووە هەرلێرە کۆتاییان پێهاتووە، بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێ کەعێل بەگی هیچی نەوتووە، ئەوەی ئەو وتوێتی بۆ زەمانێکی دوور تریش هەر حوکمی دەمێنێ‌و وەك وتراوێکی هاوچەرخ سوودی لێوەردەگیرێت، جگە لەوەش هەندێکجارو لەم سەردەمەدا بۆ لایەنی موخابەراتی بەکاردەهێنرێ.

ئەوەی عێل بەگی لەدووتوێی ئەوچەند دێڕەخاوەن کێش‌و سەروایانەدا دەیڵێت هیچی لەو دێڕانەی نۆستراداموسی ڕووسی کەمترنییە کەزیاتر لەنیوسەدەیە تەواوی دەزگای هەواڵگیری‌و میدیای وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکای بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە.

پرسیارێك کەدەکرێت لەخۆمانی بکەین‌و وەڵامیشمان دەستکەوێت ئەوەیە کەبۆچی چەندساڵە ئەم بەرهەمەو خاوەنکەی قسەی لەسەرنەکراوەو هێندەی گەورەیی خۆی بایەخی نەدراوەتێ، دیارە وەڵامەکەش بەشێکی بۆ داگیرکردنی کوردستان‌و نەبوونی میدیای سەربەخۆو دەزگایەکی ئەرشیفی تایبەت بەشوێنەواری دێرینی ئەدەبیمان دەگەڕێتەوەو بەشەکەی تریشی بۆ کەمتەرخەمی‌و بایەخنەدانی خۆمان بۆئەو بەرهەمانە دەگەڕێتەوە.

لیۆناردۆ داڤنشی وێنەکێش‌و پەیکەرتاشی ئیتالی لەسەدەی شازدەداسکێچی فڕۆکەو هیلیکۆپتەرو تانکی سەربازی کێشاوە، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستدائەم خەونەی داڤنشی دەبێتە خەونی تەواوی مرۆڤایەتی‌و فڕۆکە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بۆ یەکلاییکردنەوەی

ئەنجامەکانی جەنگ رۆڵێکی بەرچاوی دەبێت. عێل بەگی جافیش هاوسەردەمی داڤنشییەو ئەو وەخت پێشبینی ئەوەی کردووە کەرۆژێك دێتە پێشێ فڕۆکە لەلایەن مرۆڤەوە دروستدەکرێت و بۆجەنگ بەکاردێت..

تەیرێ وەک رەعدو بەرق دەبێ  گوێچکەی لەدووکەڵ غەرق دەبێ
دەشتو دەری پێ لەق دەبێ  بەڕووی هەوا مۆلەق دەبێ
هەر وابووەو هەروا دەبێ

ئەمانە تەنیا بەپێوەرەکانی پێشین شیعرن و تەنیا شتێك کەئەم دێڕانە دەباتەوە سەرئاستانەی شیعر ئەو(دەبێ)یەی کۆتایی دێڕەکانە کەمۆسیقاو رێتمێك دەداتە تەواوی چوار دێڕەکەو دێڕی کۆتایی کەلەهەموو چواربەیتییەکاندا دووبارە بۆتەوە، ئەو(دەبێ)یە دڵنیایە دەگەیەنێت و یەکێك لەولایەنانەی توشی رامانت دەکات ئەوجۆرە جەختکردنەوەیەی(عێل بەگی جاف)ە لەسەر ئەوپێشبینیانەی دەیکات. ئەو پیاوە باسی ئەمڕۆدەکات و خۆیشی پێنج سەدساڵێکە لەدنیادا نەماوەو زۆربە یەقینیشەوە باسی دەکات.

بەوحوکمەی عێل بەگی لەم ناوچەیەدا ژیاوە، زۆرتر کاریگەری گۆڕان و رووداوەکانی ئەم ناوچەیەی لەسەر بووەو پێشبینییەکانیشی کەمتر سنوورە دوورەکانی بەزاندووەو زیاتر لەجوغزی وڵاتی ئەوسای ئێراندا گیری خواردووە، بەلای ئەوەدا نەچووە ناسنامەی خۆی ئاشکراکات و لەژێر کاریگەری ئاینی ئیسلامدا خۆی بەئیسلام زانیوەو ئیتر چەشنی تەواوی زاناکانی ئەوسەردەمەی خۆی (دینەوەری و ئامێدی شارەزووری)و





زۆریتریش لەخزمەتی ئیسلامدابووەو زۆرینەی قسەکانیشی یا دروستتر بڵێین پێشبینییەکانیش شیوەنە بۆ لەدەستچوونی بەهاو فۆرم و نۆرمە ئیسلامییەکان، تەنیا بەزمانەکەیدا دەزانین کەئەمە جافێکی کۆچەری لەمەڕ خۆمان ئەم پێشبینییانەی نوسیوە، هەربۆیە دەبینین باسی زنجیرەی فەرمانڕەوایانی شاهانەی ئێرانی نوسیوەو دەیەوێت بڵێت دنیا تاسەر بۆکەس نابێت و شاو گەدا هەمان چارەنوسیان هەیە کەمردنە.
ئەم پیاوە باسی ئەوەدەکات کەرۆژێك ئیتر فەرقی پیاوو ژن نامێنێت و هەردووکیان دێنە مەیدان و ژنیش وەك پیاو رۆڵی دەبێت بەڵام جیاوازی ئەم و فەیلەسوفێك ئەوەیە کەئەم وەك خەمخۆرێکی ئیسلام ئەدوێت و وەك مەترسییەکی ئایندە باسی دەکات نەك وەك کەسێکی یەکسانیخوازوو خەمخۆری ژن.

خاسان وە بێ مەڵوەن دەبێ  کام دی بەکامی ژەن دەبێ
زەوق و زینەت و سیار دەبێ  خەڵقی ژنان وشیار دەبێ
هەر وابووەو هەروا دەبێ

کەدیارە مەبەستی عێل بەگی ئەوەیە کەسەردەمێك بەڕێوەیە پیاوی پیاوانە رۆڵ و هەیبەتی نامێنێ و ژن دەبێتە خاوەنی خۆی و دەتوانێ دوور لەهەیمەنەی پیاو بژی و چۆنی بوێت خۆی بڕازێنێتەوە. شتێکی تر کەلای عێل بەگی هەستی پێکراوە ئەوسەردەمەیە کەئەتوانین بڵێین ئێستایە،بەرای شارەزایانی بواری پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان ئەم سەردەمە سەردەمی تێشکانی فۆڕمەکانە ئەوفۆڕمانەی جیاوازی دەخەنە نێوان هەردوو

رەگەزەکەوە، عێل بەگی ئەمڕۆ دەبینی کەئیتر کوڕو وەك فۆڕمێکی رواڵەتیو دەرەکی بوونی نامێنیٚ و فۆڕمێکی باڵادەست جێگەی دەگرێتەوە کەئێستا پێیدەڵێن ئینسان یاخود ئینسانی سەردەمی عەولەمە، لای مەریوان وریا قانعیش ئەم فۆڕمە لەئینسان لەسەردەستی گۆرانیبێژە پۆپەکانمی ئەمریکا لەوێنەی مادۆناو مایکڵ جاکسن هاتۆتە بەرهەم، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا تائێستا روونییە کەئایا عێل بەگی شیوەن بۆلەدەستچوونی بەهاکان دەکات یاخود لەباوەڕی بەیەکسانیو پێشکەوتنە کۆمەلایەتییەکمانەوە دەیڵێ.؟

ئێران وەکوو فەرەنگ دەبێ    پڕ نەقش و رەنگاو رەنگ دەبێ
کوڕ وەکوو کچ قەشەنگ دەبێ    مایل بەشۆخ و شەنگ دەبێ
هەروا بووەو هەروا دەبێ.

لەم ئاوڕ دانەوە کورتەدا بۆدنیابینی ئەوپیاوە رەنگە هەرهێندە، بوتریٚ بەوئومێدەی ئەمە سەرەتایەك بێت بۆکارێکی چڕووپڕو درێژتر لەسەر دنیابینی عێل بەگی. لەبەرئەوەی من هەست دەکەم مافی خۆی نەدراوەتیٚ.

*لەژمارە(٣)ی گۆڤاری هەورامان لەمانگی پێنجی ٢٠٠٥ بڵاوبۆتەوە.



## بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

* پروشە شیعر بۆ منالاْن ١٩٩٨
* کەڤاڵی وەنەوشە شیعر بۆ منالاْن ٢٠٠٠
* گۆرانییەکی قژ زەرد شیعر ٢٠٠٢
* چرپە چرپی ئەودیو ئازادییەکانی ژنکۆمەڵە وتار لەسەر پرسی ژن. ٢٠٠٤
* ئەو منالەی دوێنیٚ گریا ستونی رۆژنامەوانی ٢٠٠٤
* بەهەشتیٚ لەکاغەز ستونی رۆژنامەوانی ٢٠٠٥
* دڵۆپە شیعر ٢٠٠٥
* بیبلیۆگرافیای چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بلاْوکردنەوە بۆ ساڵی دوو هەزارو چوار لەساڵی دووهەزارو پێنج چاپکراوە.
* بچوکبوونەوەی ئینسان ستونی رۆژنامەوانی ٢٠٠٦
* باویلکە شیعری منالا ن ٢٠٠٦
* بیبلیۆگرافیای چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپوبلاْوکردنەوە بۆ ساڵی دوو هەزارو پێنج لەساڵی دوو هەزارو حەفت چاپکراوە.
* خەڵک و دەسەلاْت ستووین رۆژنامەوانی ٢٠٠٧